

# چەند وتەیەکی پێویست بۆ ڕای گشتی لە بارەی دۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان*

(( من هیچ کێشەیەکی شەخسیم لەگەڵ بەڕێز مالیکی و هیچ کەسێکی دیکەی ناو لایەنەکانی تەنگژەکە نەبووە.... کێشەمان لەگەڵ ئەو عەقڵییەتەیە کە لە بری زمانی دیالۆگ بڕوای بە بەکارهێنانی هێزی چەک هەیە، مەترسیەکەم بۆ ئێستا نییە، بۆ چەند ساڵی داهاتووە کە ئەگەر ئەم عەقڵییەتە بەو ئاڕاستەیە بواری بۆ برەخسێت و هێزی هەبێت، کێشەی گەورە بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق دەنێتەوە))

**سەرۆکی کوردستان**

بە پێویستم زانی بە مەبەستی خستنەڕووی راستیەکان و تیشک خستنە سەر کرۆکی تەنگژەی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و بیرهێنانەوەی هۆکاری کێشەکان، نووسینێکی وا بخەمە بەر دیدی گەلی خۆشەویستمان.

کورد پێکهاتەیەکی سەرەکیی عێراقە و دوای پرۆسەی ئازادی بەشداریی کاریگەری هەبووە لە بنیاتنانی عێراقی نوێ. دەستووری نوێی عێراق و کارپێکردنی، تاکە زامنی پێکەوە ژیانی پێکهاتەکانی عێراقە. هەوڵمانداوە لە چوارچێوەی ئەم دەستوورە پرۆڤەی ئەرک و مافەکانمان بکەین، بەڵام کەسانێک هەن کە دوای ئەوەی پێگەیان بەهێز کردووە، خۆیان لە پابەندبوون بەم دەستوورە دەدزنەوە و کار بۆ قۆرخکردنی زیاتری دەسەڵات دەکەن.

هەندێجار لە ناوخۆی هەرێم بە جۆرێک باسی ئەم تەنگژەیە دەکرێت وەک ئەوەی هۆکارەکەی ((کێشەی شەخسی من بێت لەگەڵ مالیکی)). من هیچ کێشەیەکی شەخسیم لەگەل بەڕێز مالیکی و هیچ کەسێکی دیکەی ناو لایەنەکانی تەنگژەکە نەبووە. مالیکی ساڵانێک لە کوردستان بووە و خۆی وەک دۆستێک نواندووە. دۆستێکی نزیکی منیش بووە و بەردەوام لە پەیوەندیدا بووینە و هەوڵم داوە کێشەکان لەگەڵیدا بە لێکتێگەیشتن چارەسەر بکرێن، بەڵام ئەو پابەندی هیچ بەڵێنێک نەبووە و تاکڕەوانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بابەتەکان کردووە و دەیکات. من ئەو کاتە لە مالیکی نائومێد بووم کە لە ساڵی ٢٠٠٨سوپای عێراقی بە تانک و زرێپۆشەوە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی پێشمەرگە ڕەوانەی دەورووبەری خانەقین کرد.

کێشەمان لەگەڵ ئەو عەقڵییەتەیە کە لە بری زمانی دایەلۆگ بڕوای بە بەکارهێنانی هێزی چەک هەیە، مەترسیەکەم بۆ ئێستا نییە، بۆ چەند ساڵی داهاتووە کە ئەگەر ئەم عەقڵییەتە بەو ئاڕاستەیە بواری بۆ بڕەخسێت و هێزی هەبێت، کێشەی گەورە بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق دەنێتەوە.

بە پێی ئەو دەسەڵات و بەرپرسیارییە دەستووریانەی لە ئەستۆمانە، ئەمساڵ کە هەڵوێستمان لەبەرامبەر ئەم عەقڵییەتە نواند، هیچ کێشەیەکی نوێمان دروست نەکرد وەک ئەوەی باسی دەکرێت، بەڵکو تەنیا باس و خواسی کێشەیەکمان وروژاندەوە کە ساڵانێکە هەیە و وەکو پێویست هەڵوێستی لەبەرامبەر وەرنەگیرابوو. چەندین ساڵە بەڵێنی جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی دەستوور و کێشە هەڵواسراوەکان دەدرێت، بەڵام هەنگاوی جددی و جێگەی ئومێد نەنرا. نە مادەی ١٤٠ هەنگاوی کرداریی بۆ نرا، نە بابەتی بودجە و پێداویستی پێشمەرگە جێبەجێ کرا و نە ڕەشنووسی یاسای نەوت و گاز کاری بۆ کرا، لە ناو سوپای عێراقیشدا دژایەتی بەرپرسان و ئەفسەرانی کورد کرا و هەوڵی دوورخستنەوەیان درا . لە دوای ڕێککەوتنی هەولێریش بەردەوام خۆیان لە جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە دزیوەتەوە، بۆیە چەمکی شەراکەتی راستەقینە لە حوکمڕانیدا زۆر بێڕەنگ بووە و ئەوەی بەدی کراوە تەنیا پاوانخوازی و گەڕانەوە بۆ عەقڵییەتی دیکتاتۆری بووە. دوای ئەو هەموو بەڵێنانەیان بابەتی دارشتنی پەیرەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی وەزیرانیان پشتگوێخست و ئەوەی بەدی دەکرا تەنیا دەسەڵاتی رەهای مالیکی بوو لە گشت بوارەکانی ئیداری و ئەمنی و سەربازی و ئابووری، ئەمەشیان پێشێلکردنی چەمکی دەستووریی سیستەمی حوکمڕانیی عێراقە، چونکە بە پێی دەستوور سەرۆکی حکومەت، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانە نەک سەرۆک وەزیران. لە نێوان ئەم دوو ناونیشانەشدا جیاوازییەکی زۆر هەیە، بەو پێیەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران سیاسەتی پێکهاتەی ئەنجوومەنی وەزیران پەیڕەو دەکات و ناتوانێت تاکڕەوانە هەنگاو بنێت.

بودجەی پێشمەرگە ساڵانێکە پەسند کراوە، بەڵام ڕێگری لە گەیشتنی بە هەرێم دەکرێت و ئەمەشیان دەست بەسەرداگرتنێکی ئاشکرای پشکی هەرێمە لە سامانی نیشتمانیدا ، چونکە ئەو بودجەیە وەک خەرجییە سیادییەکان لە بەشی هەرێم دەبڕدرێت . پێشتر هەرێم و بەغدا بە ئامادەبوونی ئەمریکییەکان ڕێککەوتن، کە پێشمەرگە وەک بەشێک لە سیستەمی بەرگریی عێراق گشت پێداویستییەکانی بۆ دابین بکرێت و لە بودجەی بواری بەرگریی عێراق پاڵپشتیی دارایی بکرێت، لە سەر ئەم بنەمایەش چەک و پێداویستی بۆ پێشمەرگە دابین کرا، بەڵام وا چەند ساڵە لە کۆگاکانی سەربازگەی (تاجی)دا دەستی بەسەردا گیراوە و ڕێگری لە گەیشتنی بە پێشمەرگە دەکرێت.

لە بارەی مامەڵە لە گەل فایلی گرێبەستەکانی نەوتیش ماوەیەکی زۆرە چ لە ئاستی ناوخۆی کوردستان و چ لە بەغدا قسەی لەسەر دەکرێت. گرنگە گشت لایەک بزانن چەند ساڵێکە داوا دەکەین لیژنەیەکی شارەزا و بێلایەن پێداچوونەوە بە گشت فایلەکانی تایبەت بە نەوت لە هەرێم و عێراق بکات و گشت لادانە دەستووری و کەموکوڕیەکان دەستنیشان بکات ، بەڵام خۆیان لەم بابەتە دەدزنەوە، هەرجارە و ڕادەگەیەنن کە لیژنەیەکیان پێکهێناوە و دواتر بێدەنگ دەبن، ئەم خۆدزینەوەیە بۆ؟ ئایا ئەم هەرایە لە سەر نەوتی هەرێم بە مەبەستی بەلاڕێدا بردنی ڕای گشتی نییە تا ئاوڕ لە هەڵسوکەوتەکانی وەزارەتی نەوتی بەغدا لەگەڵ فایلی نەوت لە عێراق بە گشتی نەدرێتەوە؟.

ئێمە پشوومان فراوان بووە وبەردەوام داوامان کردووە کە لایەنە عێراقی و کوردستانییەکان بە دانوستان و گەڕانەوە بۆ دەستوور کێشەکان چارەسەر بکەن. ئێمە بەردەوام چاوەڕوانی چارەسەرییەکی عێراقییانە بووین و دەرگای دانووستانمان لەگەڵ هیچ لایەنێک کە بڕوای بە دانوستان هەبووە، دانەخستووە، بەڵام گەر چارەسەری عێراقییانە لە ئارادا نەبوو ، زانیمان پێگیری بە دەستوور ناکرێت ئەوکات پەنا بۆ چارەسەریی کوردستانی دەبەین و بۆ ڕا و ویستی خەڵکی کوردستان دەگەڕێینەوە. پەیامی من لە نەورۆزی ئەمساڵیشدا تەنیا هەر ئەمە بوو.

ئەوەبوو دواتر کۆبوونەوەی لایەنە عێراقییەکان ئەنجام درا تا چارەسەریی کێشەکان بکەن، بەتایبەت داوا لە هاوپەیمانی نیشتمانی کرا کە کار بکەن بۆ ئەوەی مالیکی پێگیربێت بە دەستوور و ئەو ڕێککەوتنانەی لە نێوان گشت لایەنەکانی ناو پرۆسەی سیاسی واژوو کراون.

بابەتی سەندنەوەی متمانە لە مالیکی لە نێوان هەڵوێستە جیاجیاکاندا قسەی زۆری لەسەر کرا. هەندێک وا پیشان دەدەن کە ئەمەیان پرۆژەی من بووە، بەڵام ڕاستییەکەی وا نییە و پرۆژەی کەسانی دیکە بوو نەک هی من. من پێشنیاری دیکەم هەبوو بۆ گۆڕینی ئەو نەهجەی کە مالیکی لە سەری دەڕۆیشت. پێشنیارم کرد چاکسازیی ڕیشەیی لە سیستەمی حوکمڕانی عێراقدا بکرێت و بنەماکانی دیموکراسی و یەکتر قبوڵ کردن پتەو بکرێن، چونکە کرۆکی کێشەکە ئەمەیە، بەڵام دوای ئەوەی هێزە سیاسەکانی دیکە بە ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆک کۆمار کۆبوونەوە، بابەتی سەندنەوەی متمانە بوو بە داواکاریی ئامادەبووانی دانیشتنەکە و منیش پاڵپشتیی ئەو کۆدەنگییەم کرد و لاریم نەبوو، چونکە ڕاستییەکەی ئەزموونەکانی ڕابردوو لە جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنەکان و

پابەندنەبوون بە دەستوور دەرگای ئومێدی بە مالیکیی داخستبوو.

من لەم هەڵوێستەم پەشیمان نیم و ئەرکی سەرشانی خۆم جێبەجێ کردووە.

بەداخەوە لە ناوەوەی هەرێم ئەم بابەتە هەستیارە ئاوێتەی بابەتی شەخسی و ململانێ و موزایەداتی سیاسی کرا، ئەمەشیان کارێکی ناڕەوابوو بەرامبەر ماف و داخوازییەکانی گەلەکەمان و زیانی بۆ ناوماڵی کوردستانی و پێگەی لە عێراقدا هەبوو. بە ئەرکی سەرشانی خۆمم زانی ئەم هەڵوێستە دەربڕم و هۆشداری ئەوە بدەم کە ئەوەی ئەمڕۆ لە بەغدا کاری بۆ دەکرێت لە داهاتوویەکی نزیکدا مەترسیی گەورەی بۆ گشت لایەک لێدەکەوێتەوە، بابەتەکەم وروژاند تاکو گشت لایەک بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەستن.

ئێستاش هەر کەسێک لەو بڕوایەدایە دەتوانێت کێشە هەڵواسراوەکان لەگەڵ مالیکی یەکلابکاتەوە، ڕێگا لەبەردەمی کراوەیە و ئامادەم بە پێی دەسەڵاتی خۆم فایلی ئەم کێشانەیان ڕادەست بکەم. کێ دەتوانێت بێت و سیستەمی دیموکراسی و حوکمڕانی لە عێراقدا بخاتە سەر ڕاستەڕێی و لە دەست پاوانخوازی و قۆرخکاری دەربێنێت با هەنگاو بنێت.

کورت و پوخت من ویستوومە داکۆکی لە مافە دەستوورییەکانی کورد بکەم و لە هەمانکاتیشدا بەرگری لە سیستەمی دیموکراتیک لە عێراقدا بکەم. ویستوومە ئەوە بڵێم گەر ڕەوشەکە بەم ئاراستەیە بەردەوام بێت، دوای چەند ساڵی دیکە هەڕەشەی گەورە بۆ سەر مافەکانی کورد و سەرجەم پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دروست دەبێت.

دەبێت گشت لایەک بزانن کە کێشەکە تەنیا پەیوەست بە هەرێم نییە، کێشە بارودۆخی تێکڕای عێراقە. ئێمە بەشدار بووین لە دروستکردنی عێراقی نوێ و قوربانیمان بۆی داوە . ئێمە خێر و خۆشیی هەموو گەلانی عێراقمان دەوێت. ئاواتمان ژیانێکی شایستەیە بۆ تێکڕای پێکهاتەکانی عێراق. بەڵام بڕیاربەدەستان لە بەغدا داخوازییەکانی گەلانی عێراقیان پشتگوێ خستووە و بەردەوام تەنگژە دروست دەکەن تاکو کەموکوڕیەکانیان پەردەپۆش بکەن. بە پێی هەموو پێوەرەکان حکومەت لە بەغدا لە خزمەتکردنی هاووڵاتیانیدا سەرکەوتوو نەبووە. حکومەتی عێراق لەم ساڵانەدا زیاتر لە نیو ترێلیۆن دۆلاری لەبەر دەستدا بووە، ئەم سەروەت و سامانە چیی بەسەر هات؟ با گەلانی عێراق بپرسن کوا ئاوەدانی، کوا خزمەتگوزاری؟ زیاتر لە ٢٠ ملیارد دۆلار تەنیا بۆ کارەبا تەرخان کرا، ئەی کوا ئەنجامەکەی؟ با حکومەتی عێراق خۆی بە خزمەتی هاووڵاتیانەوە خەریک بکات نەک بەردەوام کێشە بۆ هەرێم یان لایەنە سیاسییەکان دروست بکات.

لەم وڵاتە دەوڵەمەندەدا هاووڵاتیان شایستەی ژیانێکی باشتر و خزمەتی زیاترن، بەڵام هێشتا دەسەڵات لە بەغدا لە دابینکردنی کەمترین خزمەتگوزاری سەرکەوتوو نەبووە، کەچی لە جیاتی پەلە کردن لە بەرەوپێشبرنی خزمەتگوزاری پەلە لە خۆ پڕ چەککردن دەکەن بۆ ئەوەی بە هەڕەشە و گوشاری سەربازی خۆیان بسەپێنن.

دەمەوێت لێرەدا بە هەڵگرانی ئەو عەقڵییەتە بڵێم، سەردەمی ئەوە بەسەرچوو بیر لەوە بکەنەوە جارێکی دیکە هێزە سەربازییەکانیان و ئەمن و پۆلیسیان بێنن و بە سەر گەلەکەماندا بیانسەپێنن. ڕێگە نادەین عێراق بۆ دواوە بگەڕێننەوە و بەرژەوەندیی گەلی کوردستان و گەلانی دیکەی عێراق بکرێتە قوربانی هیچ ئەجندایەکی ئیقلیمی یان ویستی بەرتەسکی شەخسی.

دەڤەرەکە گۆڕانکاری گەورەی بەخۆوە بینیوە و گۆڕانکاری زۆرتریش بەڕێوەیە،ئێمە لەکاتێکدا پشتیوانی لە سەرکەوتنی ئیرادەی گەلانی ناوچەکە دەکەین، دیسان لەم هەلومەرجە هەستیارەدا خوازیارین یەکڕیزیی ناوماڵی کورد بپارێزرێت.

با گشت لایەک بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و نیشتمان لە سەرووی بەرژەوەندییە تەسکەکان دابنێن. ئەم تەنگژانەی لە عێراق و ناوچەکەدا هەن ئامرازی موزایەدەی سیاسی و بەکارهێنانیان لە دژی یەکتر نین، هەر کارێکی وا بۆ سەر داهاتووی کورد و کوردستان لە دەڤەرەکەدا مەترسیدار دەبێت. ئەم ڕەوشە بەرپرسیارییەتیەکی گەورەی مێژوویی خستۆتە سەر شانی هەموو لایەک.

هەست بە بەرپرسیاریەتی خۆم دەکەم بەرامبەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کوردستان و عێراق و پرۆسەی دیموکراسی، هەروەها خۆم بە پارێزەری ئازادی و کەرامەتی هاووڵاتیانی کوردستان دەزانم و شانازیش بەم ئەرکەمەوە دەکەم و هیوادارم هەموومان پێکەوە هێز و توانامان بخەینە گەڕ بۆ گەیاندنی نەتەوەکەمان بە کەناری ئارامی و ئاشتی و ئازادی و ژیانێکی شایستەتر و پڕ سەربەرزی.

*** بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان ڕۆژی ٢٠١٢/٧/٢٨ ئەم وتارەی بڵاوکردۆتەوە**

**چەندین ساڵە بەڵێنی جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی دەستوور و کێشە هەڵواسراوەکان دەدرێت. بەڵام هەنگاوی جددی و جێگەی ئومێد نەنرا.**

**چەمکی شەراکەتی ڕاستەقینە لە حوکمڕانیدا زۆر بێڕەنگ بووە و ئەوەی بەدی کراوە تەنیا پاوانخوازی و گەڕانەوە بۆ عەقڵییەتی دیکتاتۆری بووە**

**دەبێت گشت لایەک بزانن کە کێشەکە تەنیا پەیوەست بە هەرێم نییە. کێشە بارودۆخی تێکڕای عێراقە.**

**بە پێی هەموو پێوەرەکان حکومەت لە بەغدا لە خزمەتکردنی هاووڵاتیانیدا سەرکەوتوو نەبووە. حکومەتی عێراق لەم ساڵانەدا زیاتر لە نیو ترێلیۆن دۆلاری لەبەر دەستدا بووە. ئەم سەروەت و سامانە چیی بەسەر هات؟**

**دەمەوێت لێرەدا بە هەڵگرانی ئەو عەقڵییەتە بڵێم. سەردەمی ئەوە بەسەرچوو بیر لەوە بکەنەوە جارێکی دیکە هێزە سەربازییەکانیان و ئەمن و پۆلیسیان بێنن و بە سەر گەلەکەماندا بیانسەپێنن. ڕێگە نادەین عێراق بۆ دواوە بگەڕێننەوە**

**خۆم بە پارێزەری ئازادی و کەرامەتی هاووڵاتیانی کوردستان دەزانم و شانازیش بەم ئەرکەمەوە دەکەم و هیوادارم هەموومان پێکەوە هێز و توانامان بخەینە گەڕ بۆ گەیاندنی نەتەوەکەمان بە کەناری ئارامی و ئاشتی و ئازادی و ژیانێکی شایستەتر و پڕ سەربەرزی**

# تاكرەوی هۆكاری قەیرانی پرۆسەی سیاسیە لە عێراقدا



سەرۆك وەزیرانی عێراق لەگەڵ ئەوەی لەبارودۆخێكی باشدا نییە و هەموو پێكهاتەكانی عێراق لێی نارازین، بەڵام هێشتا لەسەر ڕەفتارە تاكڕەوییەكانی خۆی بەردەوامە و هەر ڕێگەیەك ببێتە هۆكاری مانەوەی خۆی لەدەسەڵاتدا بەبێ گوێدانە دەستوور و پرۆسەی دابەشكردنی دەسەڵات، ملی ئەو ڕێگایە دەگرێت. ئەم ئاراستەیەش جیا لەوەی حكومەتی بەغدای دووچاری شەلەل كردووە و ناتوانێت خزمەتگوزارییە پێویستەكان بۆ هاووڵاتیان دابین بكات، لەهەمانكاتدا بارودۆخێكی ئەوتۆی دروستكردووە كە نەتوانرێت كۆنترۆڵی باری ئەمنی بكرێت، هەروەك چۆن هەفتەی ڕابردوو زنجیرەیەك تەقینەوە بەشێك لەشارەكانی عێراقی گرتەوە بەكەركوكیشەوە، بۆیە ئەو قەیرانە سیاسییەی كە بەهۆی سیاسەتی تاكڕەوی و خۆسەپێنی سەرۆك وەزیرانەوە پیادەكرێت، خەریكە دەگاتە ئەو ئاستەی كە ئاییندەی عێراق بەرەو هەڵدێر و تاریكی ببات، سەبارەت بەم بارودۆخەی ئێستا پرسیارمان لەپرۆفیسۆر مایكل نایت كرد، توێژەری باڵا لەئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك و تایبەتمەند لەسەر دۆسیێی عێراق لەئامۆژگای ناوبراو، سەبارەت بەم پرسە و لەلێدوانێكی تایبەتی بۆ گوڵان پرۆفیسۆر مایكل نایت بەمجۆرە بۆچوونی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو: (بەشێك لەو توندوتیژیەی لەعێراقدا هەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە پەلە نەكرا لەكۆتایی هێنان بەو هەلومەرجەی لەساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ دا هەبوو، كە هەلومەرجێكی هاوشێوەی شەڕی ناوخۆبوو. بوونی دۆخێكی تائیفی سلبی لەعێراقدا بۆتەهۆی مانەوە و بەردەوامبوونی ڕێكخراوی ئەل قاعیدە لەعێراقدا، چونكە ئەمە دۆخێكە سوننەكان ترسیان هەیە لەو حكومەتەی شیعەكان باڵادەستن تێیدا. سیاسەت ڕۆڵی نییە لەدرێژەپێدانی یاخیبونەكەی عێراق. ئەگەر ئاشتەواییەكی تائیفی ڕاستەقینە لەعێراقدا بكرایە، ئەوا بەڕەوتێكی زۆر خێراتر سەقامگیری بۆ عێراق دەگەڕایەوە. لەم قۆناخەشدا كە بارودۆخەكە گەیشتۆتە ئەم قۆناخە پێموایە زەرورەتی سیاسیی حكومەتی عێراقی ناچار كردووە دووبارە دەست بەپرۆسەی ئاشتەوایی بكاتەوە لەگەڵ پێكهاتەی سوننە لەعێراقدا. بەهۆی هەوڵەكانی دیالەو سەلاحەددین بۆ پێكهێنانی هەرێم و هەوڵەكانی سەندنەوەی

**مایكل نایت بۆ گوڵان:**



**ئەگەر ئاشتەواییەكی ڕاستەقینە لەعێراقدا بكرایە، ئەوا بەڕەوتێكی زۆر خێراتر سەقامگیری بۆ عێراق دەگەڕایەوە. لەم قۆناخەشدا زەرورەتی سیاسیی حكومەتی عێراقی ناچار كردووە دووبارە دەست بەپرۆسەی ئاشتەوایی بكاتەوە**

متمانە لەحكومەت، مالیكی دركی بەوە كردووە پێویستی بەپشتیوانی سوننەكان دەبێت. لەبەر ئەوەی پێویستی بەخاوكردنەوەی سەركردە و سەربازەكانی پێشوی سوننە هەیە، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە مالیكی پرۆسەی ئاشتەوایی بەجددی وەربگرێت)).

لەلایەكی دیكە و سەبارەت بەو گۆڕانكارییەی مەزندە دەكرێت لەسوریا ڕوودات و ئەگەر ئەو گۆڕانكارییە لەسەر حكومەتی عێراق و مانەوەی بارودۆخی ئێستای عێراق لەژێر دەسەڵاتی حكومەتی نوری مالیكدا، پرۆفیسۆر مایكل نایت لەدرێژەی لێدوانەكەیدا بۆ گوڵان گووتی: (سەبارەت مانەوەی بارودۆخی ئێستا و دانی باجی ئەم بارودۆخە لەلایەن هاووڵاتیانەوە، من پێموایە تا هەڵبژاردنی داهاتوو لەعێراق ئەنجامدەدرێت و حكومەتێكی ڕاست و گونجاو هەڵدەبژێرن، بەڵام سەبارەت بەگۆڕانكارییەكانی سوریا من پێموایە كاریگەرییە ڕاستەوخۆكەی لەسەر عێراق كاریگەریەكی كەم دەبێت، بەڵام ئەگەر ڕژێمی ئەسەد بڕووخێت و حكومەتێك لەجێی دابمەزرێت كە بەتوندی دژی شیعەكان بێت یاخود بە پاڵنەری تۆڵە هەڵسوكەوت لەگەڵ عێراقدا بكات بەهۆی ئەو هەڵوێستەی لەكاتی ڕاپەڕینەكەی سوریادا گرتیەبەر، ئەوا كاریگەریەكی سلبی گەورەی لەسەر عێراق دەبێت. هەر كاتێك عێراق و سوریا دژی یەكتر بوون، ئەوا ئاسایشی هەردوولا زەبری بەردەكەوێت)).

ئەم بۆچوونەی پرۆفیسۆر نایت لەگەڵ بۆچوونە ناوخۆییەكانی عێراق یەكدەگرێتەوە، لەمبارەوە پەرلەمانتاری لیستی ئەلعراقیە حامید موتلەگ جەختی لەسەر ئەوە كردەوە كە پێوەندییەكی پتەو لەنێوان قەیرانی سیاسیی و ڕەوشی ئەمنی هەیە، لەمبارەوە و لەدرێژەی لێدوانەكەیدا بۆ گوڵان جەختی لەسەر ئەوەكردەوە و گووتی: (پێوەندییەكی پتەو لەنێوان قەیرانی پرۆسە سیاسییەكە و ڕەوشی ئەمنی هەیە، هەروەها مەسەلەئەمنییەكان پێوەندییەكی زۆر پتەویان لەگەڵ گەندەڵی دارایی و ئیداری هەیە، هاوكات هەندێك هەن پێیانخۆشە بارەكە هەروەكو خۆی بمێنێت بۆئەوەی دەستی سزا و دادگا و یاسا نەیانگاتێ و خۆیان بدزنەوە، هەربۆیە ڕەوشی سیاسیی ئەمرۆ پەیوەستدارە بەم لایەنە: لایەنی ئیستغلالكردنی پارە و سامان و خۆدزینەوە لەیاسا، هاوكات بوارێكی فراوان بۆ تیرۆریستەكان خۆشدەكات و مەجالیان پێدەدات كردەوەكانیان ئەنجام بدەن).

**قەیرانی سیاسی عێراق**
**چارەسەركردنی ئاسان نییە**

ئەوەی قەیرانی پرۆسەی سیاسیی عێراقی ئاڵۆز كردووە، ئەو ئەقلیەتەیە كە نایەوێت دەستوور جێبەجێ بكریت و نایەوێت دەستوور ببێتە نەخشەی ڕێگە بۆ بونیادنانەوەی عێراقی نوێ، عێراقی دیموكراتی و فیدرالی و پەرلەمانی، سەبارەت بەم لایەنەش پرسیارمان لەپرۆفیسۆر ئەلەم پایيند بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەزانكۆی ئۆهایۆ كرد و لەوەڵامی گوڵاندا پرۆفیسۆر پایيند بەمجۆرە لەسەر بارودۆخی ئێستای عێراق قسەی كرد و گوتی: (هەر كەسێك –لەدەرەوە بێت یان لەناوەوە- دیراسەتی دۆخی عێراق بكات بۆی دەردەكەوێت چارەسەری كێشەی عێراق كارێكی ئاسان نییە، ئەویش بەهۆی ساڵانی دوورودرێژی جەنگ و دیكتاتۆریەتی سەددام و ئێستاش بەهۆی دابەشبوونی شیعە و سوننەكان لەلایەك و كێشەی كورد و عەرەب لەلایەكی دیكەوە. هەروەها دۆخی وڵاتانی دراوسێ و دەستێوەردانی ئێران لەعێراق، بەهەمان شێوە

هێشتا ئەمریکا و هێزە هاوپەیمانەکان هێزیان لەعێراقدا هەیە. کەواتە دۆخێك لەعێراقدا هەیە کە کەس پێشبینی ئەوە ناکات بەم زووانە هەلومەرجەکە باشتر بێت، بەتایبەتی کە دەستوورەکە وەك خۆی بمێنێت و ئەو سکاڵا و گرفتانەی وەك کورد و سوننەکان هەیانە چارەسەر نەکرێن، ئەوا دۆخە هەستیارەکە بەرەو خراپتر دەچێت، لەبەر ئەوە پێموایە ئەگەری خراپتربوونی دۆخەکە لەئارادایە ئەگەر کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی دیکە چارەسەر نەکرێن. هەروەها ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە دەبینین هەمیشە سوننەکان جڵەوی حکومڕانیان بەدەستەوە بووە، تەنانەت لەسەردەمی ئیمبراتۆریەتی عوسمانییەکاندا تاوەکو جەنگی جیهانی یەکەم کە عێراق کەوتە ژێر کۆنترۆڵی بەریتانییەکانەوە، واتە تاوەکو ئەم دواییە سوننەکان دەسەڵاتیان بەدەستەوەبوو، تاوەکو ڕووخانی دەسەڵاتی سەددام، ئەمە مێژووە و ئەمە خەلفیەتەکەیە، واتە کێشەکان ڕیشەی مێژووییان هەیە و بەداخەوە حکومەتی ئێستا کێشەی کورد و کێشەی کەمینەی سوننەکانی چارەسەرنەکردووە. هەروەها مەسەلەی دەستێوەردانی دەرەکی هەیە لەعێراقدا، ئەمەریکا و هاوپەیمانەکان لەعێراقدا ئامانجی جیاوازیان هەبوو، ئێران بەرژەوەندی ئەمنی جیاوازی هەبوو، ئێستاش دۆخی سوریا بەرەو خراپتر دەچێت کە دەوڵەتێکی دراوسێیە، دواتر دەوڵەتە

## حامید موتلەگ بۆ گوڵان:




**مەسەلە ئەمنییەکان پێوەندییەکی زۆر پتەویان لەگەڵ گەندەڵی دارایی و ئیداری هەیە**

سوننەکانی دەرووبەری عێراق و کێشەی لوبنان بەشێوەیەك لەشێوەکانی کاریگەری هەیە، هەروەها ناکۆکی عەرەب ئیسرائیل، واتە وێنەکە ئاڵۆزە. بەداخەوە لەدوای ڕووخانی دەسەڵاتی سەددام لە٢٠٠٣ تا ئێستا نزیکەی نۆ ساڵە هێشتا حکومەت چارەسەری کێشەی تائیفی و ئیتنی نەکردووە، لەبەر ئەوە جۆرێك لەنائارامی و ناجێگیری لەعێراقدا لەئارادا دەبێت. لەڕاستیدا کەس ناتوانێت بەدڵنیاییەوە پێشبینی ئاییندەی عێراق بکات. ئێوە باستان لەوە کرد پرۆسەی ئاشتەوایی لەعێراقدا تەواو نەکراوە، لەڕاستیدا نموونەیەکی باش هەیە لەم ڕووەوە کە بریتییە لەئەفریقیای باشوور کە سپی پێستە باڵادەستەکان هەموو جۆرە نارەوایی و تاوانێکیان ئەنجامدا دژی زۆرینەی ڕەشپێستەکان، بەڵام کاتێك نێلسۆن ماندێلا دەسەڵاتی گرتەدەست دەستی نەکرد بەکاری تۆڵەسەندنەوە، بەڵکو دەستی بەپرۆسەی ئاشتەوایی کرد، لەبەر ئەوە پێویست بەپێکهێنانی کۆمیتەیەکی لەم چەشنە دەکات لەوڵاتانی دوای شەڕ و ناکۆکی، وەك عێراق، لوبنان و لیبیا و ئەفغانستان و تەنانەت لەئێرانی دوای شا، ئەمانە ڕوویان نەداوە، بەڵکو پەنا براوەتە بەر هێز، ویستیویانە لەڕێی چەك و پۆلیس و سەربازەوە مل بەخەڵکەکە کەچ بکەن، ڕەنگە ئەمە تا ڕاددەیەکی دیاریکراو سەرکەوتوو بێت، بەڵام نابێتە هۆی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی ڕیشەی قووڵیان هەیە، وەك کێشەی ئیتنی و ئاینی و تائیفی، هەروەها ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەم کێشانە چارەسەر نەکرێن ئەوا کێشەی ئەمنی بەردەوام دەبێت، بەداخەوە بەبۆچوونی من تا ئێستا عێراق ئەو کارەی نەکردووە.))

لەلایەکی دیکە و سەبارەت بەکاریگەری سلبی پێشێلکردنی دەستوور لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق و هەروەها کاریگەری ئیقلیمی لەسەر عێراق و کاریگەری شکستی عێراق لەسەر سیاسەتی ئیقلیمی بەشێوەیەکی گشتی، پرۆفیسۆر ئەلەم پاییند لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ گوڵان جەختی لەسەر ئەوەکردەوە، حکومەتی عێراق دەستووری پێشێلکردووەو لەمبارەوە گووتی :(پێش هەمووشت دەستوور لەداڕشتنی مرۆڤەکانە و لەیەزدانەوە دانەبەزیوە، دەستوور دەنووسرێت و دادەڕێژرێت و دواتر خەڵکی دەنگی لەسەر دەدەن و دەبێت ڕێزی لێبگیرێت، بەڵام بەداخەوە هەندێ کەس بەئەنقەست پێشێلی دەکات، هەمان کێشە لەئەفغانستان هەیە کە دەستوور شتێك دەڵێت و دەسەڵاتدارانیش شتێکی دیکە دەکەن، ئەم کێشەیە لەعێراقیشدا بەدی دەکرێت. سەبارەت بەکاریگەری دەرەکیش لەسەر عێراق گومانی تیدانییە ئێران بەرژەوەندی ئەمنی هەیە لەعێراقدا، هەروەها لوبنانیش، واتە مەرج نییە وڵاتەکە سنووری بەعێراقەوە هەبێت بۆئەوەی بەرژەوەندی لەعێراقدا هەبێت، لەهەمان کاتدا سوریا و تورکیا سنووریان بەعێراقەوە هەیە، بەهەمان شێوە دەبینین قەتەر کە دوورترە و وڵاتانی کەنداو بەگشتی و سعودیە

## ئەلەم پاییند بۆ گوڵان:



**هەندێک جار بە ئەنقەست دەستوور پێشێل دەکرێت، دەستوور شتێک دەڵێت دەسەڵاتدارانیش شتێکی تر دەڵێن، بەداخەوە ئەمە لە عێراقدا بوونی هەیە**

بەتایبەتی بەرژەوەندیان لەعێراق و سوریادا هەیە و ئێرانیش ئەجێندای خۆی هەیە لەناوچەکەدا، ئەمە دیمەنەکە ئاڵۆز دەکات، هەروەها ئەمریکا و ئیسرائیلیش بەرژەوەندیان هەیە و ئەمەش دەبێتەهۆی ئاڵۆزبوونی دۆخەکە، ئەمانە ڕەهەندی دەرەکین و من باسی ڕەهەندی ناخۆییم نەکردووە کە شیعە و سوننە و کورد و تورکمان و مەسیحی هەن و هەموو ئەمانە مافی خۆیان و گرفتی خۆیان هەیە کە هێشتا چارەسەر نەکراون، واتە هەندێ جار ئەگەر ڕێز لەئیرادە و خواستی کەمینەکان نەگیرێت لەلایەن حکومەتەوە ئەوا دیکتاتۆریەتی زۆرینە دروست دەبێت)).

ئەم لایەنانەی کە پرۆفیسۆر پاییند وەك



## کازم شەمەری بۆ گوڵان:



# هەموو قەیرانێکی سیاسی بەنێگەتیڤانە ڕەنگدانەوەی لەسەر شەقامی عێراقی دەبێت

مەترسی ئاماژەی پێکردن چارەسەرنەکردنی کێشـەکان و پابەندنەبوونـی حکومەتـی عێراقـەوە بەو دەسـتوورەی کـە گەلانی عێراق دەنگیان لەسـەر داوە، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی قەیرانی سیاسـیی عێراق ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاڵۆزتر بێت، سەبارەت بەم لایەنە کازم شەمەری پەرلەمانتاری کوتلەی بەیزا لەلێدوانێکـی تایبەت بۆ گوڵان، دوو هۆکاری سەرەکی دەستنیشانکرد و بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو: (تێکچوونی ڕەوشـی ئەمنی بەمدواییانە بۆ دوو هۆکار دەگەڕێنمـەوە کە هەر یـەك لەهۆکارەکان جیـاوازە لەهۆکارەکەی دیکـە، هۆکاری یەکەم: بێگومان هەموو قەیرانێکی سیاسی بەنێگەتیڤانە ڕەنگدانەوەی لەسەر شەقامی عێراقی دەبێت و سەرەتا و پێش هەموو شتێك ڕەنگدانەوەی لەسـەر هاووڵاتی دەبێت نەك تەنیا لـەڕووی خزمەتگوزارییەکان، بەڵکو زیاتر لەڕووی ئارامی و ئاسایشی هاووڵاتی، لەبەرئەوەی هێز و لایەنە دوژمنەکان سـوود لەو ناکۆکی و قەیرانە سیاسییانە وەردەگرن و لەئاکامیشـدا ئـەو لایەنانـە هەوڵدەدەن بۆشـاییەکی ئەمنی بخوڵقێنـن بۆئەوەی وەکو هەلێك بیقۆزنـەوە، ئەمەیش بۆئەوەی هێـزە سیاسـییەکانی و لایەنەکانی قەیرانە سیاسـییەکە لۆمەکان ئاراسـتەی لایەنی بەرامبەر بکەن و لەئاکامیشـدا قەیرانێکی نوێ بخوڵقێ، هۆکاری دووەم: هەسـتدەکەم ئـەم هـۆکارەی دووەم شـتێکی تازەیـە لەمیانـی ڕەوشـی ئەمنیـی ئەمڕۆمان، دەبینیـن کە ئـەوە یەکەمجـارە حکومەت هەڵسـتێت بەبانگێشـتکردنی ئەندامانـی پێشووی سـوپای عێراقی و گەڕانەوەیان بۆ سـوپا گرەنتی دەکات، گەڕانەوەیەکی نەرمونیـان و ئارام، بەبێ مـەرج و بەبێ کۆتوبەنـد، بگەڕێنـەوە و بەشـێوەیەکی ئاسـایی ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، لەلایەنێکی دیکەوە گەڕانەوەی پەنابـەرە عێراقییەکان کە زۆربـەی ئەو پەنابەرانە داواکراون، هەیە لەڕووی سیاسی و هەشە لەڕووی دادوەری، ئەوەی کە لەڕووی سیاسییەوە داواکراوە هیچ کێشـەیەکی نییە و لێرەوە داوا لەحکومەت دەکەین لێبوردەییان بۆ دەربکات لەبەرئەوەی جیـاوازی بیروڕا کێشـەیەکی ئەوتۆ نییە، بەڵام مەسـەلەی ئەو کەسانەی کە لەدادگا و لەڕووی دادوەرییە داواکراون ئەوە ئەمەیان مەسەلەیەکی دیکەیە، هەربۆیە من پێموایە کە ئەم دوو هۆکار لەهۆکارە سـەرەکییەکانن لەپشـت ڕووداوەکانـی ئەمدواییانـەدا و هیوادارم حکومەت ئەو ڕاسـتییە بزانێت کە هەمـوو قەیرانێکی سیاسـی ڕەنگدانەوەی تێگەتیڤانەی لەسـەر هاووڵاتیـان دەبێت، بۆیە هەتا پێدەکرێت پێویستە دووربکەوێتەوە لەوروژاندنی قەیرانەکان لەگەڵ هاوبەشـە سیاسییەکانی)).

ئەوەی پەرلەمانتار شەمەری ئاماژەی پێکرد، هەر بۆ ئەم ڕاپۆرتە پرۆفیسۆر مایکل نایت سـەبارەت بەهەنگاوەکانی مالیکی بۆ خۆ نزیککردنەوە لەسـوننە ئاماژەی پێکردووە، بەڵام پرسـیاری سـەرەکی لەسەر ئەم باسە ئەوەیە ئایـا مالیکی بۆ چارەسـەرکردنی ئەم کێشـانە ئەو هەنگاوانـەی هەڵگرتووە، یـان وەك مایکل نایت ئامـاژەی پێکردووە بۆ ئەوەیە لەدەسـەڵاتدا بمێنێتەوە؟ بێگومان لەگەڵ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە داهاتوو دەیداتەوە، بەڵام بەپشـت بەستن بەسیاسەتی مانۆڕکردنی مالیکی و خواسـتی مالکی بۆ تاکڕەوی و دیکتاتۆری، پێشـبینی ئەوە دەکرێت کـە مالیکی نەتوانێت کێشـەکان چارەسـەر بکات و وەك پرۆفیسـۆر ئەلەند پایندیش بۆ ئەم ڕاپۆرتە ئاماژەی پێکردووە، کاتێك مالیکی نەتوانێت کێشـەی پێکهاتە جیـاوازەکان چارەسـەر بـکات و نەتوانێت پابەند بێت بەدەسـتوور، ئەوا هەتا مالیکی لەدەسـەڵاتدا بێت و بەم ئەقلیتەی ئێسـتا حکومڕانی بکات، چارەسـەری کێشەکانی عێراق ئاسان نابن.



دۆزینەوەی چەندین کێڵگەی نەوتی گرنگ کە بە هۆیانەوە توانیویەتی (٤٥) ملیار نەوت بخاتە سەر یەدەکی نەوتی هەرێم و عێراق

# ئایا پێویستە خاوەن سیاسەتی



پ. د. ئازاد نەقشبەندی

پرسیارەکە پرسیارێکی سادە و ساکارە، بەڵام دیارە وەڵامەکەی ئاڵۆزە، چونکە لە لایەك دوژمنانی ئەم میللەتە ئەم مافەمان پێ ڕەوا نابینن و لە لایەکی تر هەندێك لە خۆمانیش، لەبەر هەر هۆکارێك بێت، تا ئێستا لەو بڕوایەدان پرسی «نەوت» بڤەیە و دەبێت بۆ «بەغدا» بەجێ بهێڵرێت. بۆ وەڵامی پرسیارەکە دەڵێین: «مافی هەموو میللەتێکە خاوەن بڕیاری تایبەتی خۆی بێت دەربارەی ئەو سەرچاوە سروشتیانەی کە لە سەر خاك و لە نێو خاکی نیشتمانەکەیدا بوونیان هەیە». ئەم مافە مافێکی دادپەروەرانەیە و نەریت و یاسا نێودەوڵەتیەکان پشتیوانی لێدەکەن و ڕێزی لێدەگرن.

هەرچی تایبەتە بە فەراهەمکردنی ئەم «مافە» بۆ میللەتی ئێمە دەڵێن: (وا بۆ سەدەیەك دەچێت میللەتی ئێمە لەم مافە بێ بەش کراوە و خەڵکانێکی تر لە جیاتی ئەو بڕیاریان داوە چۆن مامەڵە لەگەڵ سەرچاوە سروشتییەکانی، نەوتەکەی بەتایبەتی، بکرێت). دەرئەنجامەکانی ئەو بڕیارانەیش خۆی لە هەموو ئەو نەهامەتیانەدا دەبینێتەوە کە بە درێژایی سەدەی بیستەم بە سەر نەتەوەی کورد لە باشوری کوردستان دا هاتووە کە بێ سوود نییە هەندێکیان بە بیربێنینەوە کە بریتین لە:

- دانەمەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دوای جەنگی جیهانی یەکەم.
- بێ بەشکردنی گەلەکەمان لە مافە نەتەوایەتیەکانی لەژێر سایەی دەوڵەتی عێراقدا.
- بە عەرەب کردنی کوردستان و دەرکردنی کورد لە هەرشوێنێك کە نەوتی لێبێت.
- کوشتن و لە ناوبردنی (١٨٢) هەزار کورد لە پرۆسەکانی ئەنفال و (٨) هەزار کوردی بارزانی لە گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا.
- بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی دژی خەڵکی سڤیل کە تەنیا لە شاری «هەڵەبجە» دا بووە مایەیی کوشتنی زیاتر لە (٥) هەزار کەس.
- وێرانکردنی زیاتر لە (٤٥٠٠) گوندی کوردی.
- بێ بەشکردنی پارێزگا کوردییەکان لە پیشەسازییە پترۆکیماوییەکان.

بە پێچەوانەشەوە «نەوت» ی کوردستان، کە مایەی هەموو ئەو نەهامەتیانە بوو بۆ گەلی کورد، بۆ بەشەکانی تری عێراق ودەوڵەتی عێراق بووە مایەیی:

- چەسپاندنی دەوڵەتی عیراق، کە لە ساڵی (١٩٢١) دامەزرێنرا، بە داهاتی نەوتی کوردستان کە تاکە داهاتی نەوتی عێراق بوو تا پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو.
- هەڵچگرتنی «ماندیتی بەریتانی British Mandate» لەسەر عێراق و بە دەستهێنانی سەربەخۆیی تەواو و بوون بە ئەندام لە (کۆمەلەی گەلان League of Nations) لە ئەنجامی رازیبوونی حکومەتی عێراق بە ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە ڕێکەوتنامە نەوتییەکان و فراونکردنی ناوچەی کارکردنی کۆمپانیای نەوتی عیراق و لقەکانی بە شێوەیەك کە هەموو خاکی کوردستان وعێراق



# نەوتی تایبەت بەخۆمان بین ؟

بگرێتەوە.

● - دابینکردنــی نزیکــەی (٦٤ ٪)ی داهاتی عێراق لە نەوت لە نێــوان ســاڵەکانی (١٩٣١ – ٢٠٠٠)، واتە دروســتکردن و بەڕێوەبردنی دامــوو دەزگا فەرمییەکانی عێراق و پرۆژە ئابووری و خزمەتگوزارییەکانی لە سەدەی رابوردوودا، بە شــێوەیەکی ســەرەکی بــە داهاتی نەوتی کوردستان ئەنجام دراوە.

● - دابینکردنی نزیکەی (٧٤ ٪)ی پێداویســتییەکانی پاڵاوگە نەوتییەکانی عێراق لە نەوتی خاو.

● - بەهێزکردنی توانســتە ئابووری و ســەربازییەکانی عێراق وپتەوکردنی پێگەی هەرێمی و نێودەوڵەتی ئابووری و سیاسی حکومەتی عێراق. ئەم بەهێزکردنە بەو سستەمە فەرمانڕەوایە پەیڕەوکراوە کە لە عێراقدا باو بوو هیچ کاتێك لە بەرژەوەندی کورد نەبووە.

ئــەوی کــە ئاماژەی بــۆ کــرا و نەهامەتیەکانی نەتەوەکەمان بە درێژایی ســەدەی بیســتەم، لە ئەنجامی ئەوەی خەڵکانێکی تر لە جیاتــی ئەو بڕیاریان داوە چۆن مامەڵــە لەگەڵ نەوتەکەی بکەن و ئــەو مافانەی کە لە دەســـتووردا بــۆ نەتەوەکەمان دابینکراوە و هەڵســوکەوتی حکومەتی ناوەند، کە دەیەوێت مافە دەســتوورییەکانمان لێ زەوت بکات، هۆکارن بۆ ئەوەی وەڵامێکی ئەرێنی پرسیاری ناونیشانی ئەم وتارە بدەینەوە و بە دەنگی بڵند بڵێین:

**«بەڵێ پێویســتە خاوەن سیاســەتی نەوتی تایبەت بە خۆمان بین».**

وەڵامی ئەرێنی پرســیارەکە، پرسیارێکی تر بەدوای خۆیدا دێنێت کە ئەویش بریتییە لە: چ جۆرە سیاســەتێکی نەوتییمــان پێویســتە ؟ بۆ وەڵامی ئەم پرســیارە دەڵێین: سیاسەتێکی نەوتییمان پێویســتە کە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات:

١ – بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستان لە بواری ئاسایشــی وزە و بەدیهێنانی ســەربەخۆی ئابوری دابین بکات.

٢ – مامەڵە لەگەڵ نەوتی کوردستان بکات لە ڕوانگەی ئەو ڕاســتیەوە کە «نــەوت» بریتییە لە ســەرچاوەیەکی سروشتی لە بن هاتوو کە نوێ نابێتەوە.

٣ – پەیڕەوی سیاسەتی پاراستنی «نەوت» بکات کە خۆی لە «وەرگرتنی زۆرترین سوود لە نەوتی کوردستان و بە باشترین شێوە و بۆ درێژترین ماوە دەبینێتەوە».

٤ – ڕەچــاوی پرنســیپی «گەشــەپێدانی بــەردەوام Sustainable Development» بــکات کــە بریتییــە لە: «ســوود وەرگرتن لە نەوتی کوردســـتان بۆ دابینکردنی پێداویســتیەکانی نــەوەی ئەمڕۆ بە مەرجێك ســازش نەکرێت لە مافی دابینکردنی پێداویســتیەکانی نەوەکانی ئایندە لەم سەرچاوە سروشتییە گرنگە».

٥ - ســوود وەرگرتــن لــە «نەوتی کوردســـتان» بۆ بەهێزکردنــی پێگەی سیاســی نیشــتمانی و هەرێمی و نێودەوڵەتی هەرێمی کوردستان.

٦ – خۆ گونجاندن لەگەڵ دستووری هەمیشەیی

> مافی هەموو میللەتێکە خاوەن بڕیاری تایبەتی خۆی بێت دەربارەی ئەو سەرچاوە سروشتیانەی کە لەنێو خاکی نیشتمانەکەیدا بوونیان هەیە. ئەم مافە مافێکی دادپەروەرانەیە و نەریت و یاسا نێودەوڵەتیەکان پشتیوانی لێدەکەن

> دەستکەوتە گرنگەکانی سیاسەتی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بوونی نزیکەی (٥٠) کۆمپانیای بیانی، نەک تەنیا دەبێتە مایەی بەهێزکردنی پێگەی سیاسی نیشتمانی و هەرێمی و نێودەوڵەتی هەرێمی کوردستان، بەڵکو کوردستان دەخاتە سەر نەخشەی وزەی نێودەوڵەتی

**سەرکەوتنی سیاسەتی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان هۆکارێکی گرنگە بۆ دابینکردنی ئاسایشی وزە و بەدیهێنانی سەربەخۆی ئابووری**

عیراق و یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و سازش نەکردن لە مافە دەستوورییەکانمان لە بواری نەوتدا.

گەر ئەو خاڵانەی کە ئاماژەیان بۆ کرا بکرێتە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسەتی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم راستیانەمان بۆ دەردەکەوێت:

١ - سیاسەتی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گەوهەردا گونجاوە لەگەڵ دەستووری عیراق و یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و ئەگەر رەخنەیەکیش بەدی بکرێت هۆکارەکە دەگەڕێتەوە بۆ پشتگوێخستن و کارنەکردن بە دەستووری عیراق لە لایەن حکومەتی ناوەندەوە. بۆ نموونە دەپرسین: ئایا حکومەتی ناوەند تا ئەمڕۆ هەماهەنگی کردووە لەگەڵ هەرێم و پارێزگاکان لە بواری بەڕێوەبردن دەرهێنانی نەوت لەو کێڵگە نەوتیانەی کە پێشتر نەوتیان لێ دەرهێنراوە ؟ ئایا بەشێك لە داهاتی نەوتی دابینکردوە بۆ ئەو هەرێمانەی کە زیانیان پێگەیشتووە ؟ ئایا تا ئێستا ئەم کارانەی بە یاسا رێکخستووە وەك لە برگەی یەکەمی مادەی (١١٢) دەستووری عیراقدا هاتووە ؟. ئایا یاسای «پترۆ دۆلار» قەرەبووی زیانەکانی پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك دەکاتەوە، کە بێ بەش کرابوون لە پیشەسازی نەوت، (دەرهێنان و پاڵاوتن)، یان پاداشتی پارێزگایەکی وەك پارێزگای «سەلاحەدین» دەکات کە لە سەردەمی رژێمی پێشوودا نەك زیانی لێ نەکەوتبوو بەڵکو پاداشت کرابوو بە دامەزراندنی (٢) دوو کارگەی نەوتی گەورە لە بێجی کە لە توناییدایە رۆژانە نزیکەی (٣٠٠) هەزار بەرمیل نەوت بپاڵێون واتە رۆژانە ئەم پارێزگایە بە (٣٠٠) هەزار دولار، بە پێی یاسای «پترۆ دۆلار»، پاداشت بکرێت بێ ئەوەی بەرمیلێك نەوت لە نێو خاکەکەیدا هەبێت؟.

٢ - سەرکەوتنی سیاسەتی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان هۆکارێکی گرنگە بۆ دابینکردنی ئاسایشی وزە و بەدیهێنانی سەربەخۆی ئابووری.

٣ – سیاسەتی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووەتە و دەبێتە مایەی:

● - دۆزینەوەی چەندین کێڵگەی نەوتی گرنگ کە بە هۆیانەوە توانیویەتی (٤٥) ملیار نەوت بخاتە سەر یەدەکی نەوتی هەرێم و عیراق.

● - بەرهەم هێنانی (١٧٥) هەزار بەرمیل نەوت رۆژانە.

● - بەرزکردنەوەی توانای بەرهەم هێنانی نەوت لە هەرێمدا. بە گوێرەی لێدوانەکانی بەرپرسانی سیاسەتی نەوت لە هەرێمدا «هەرێم ئەمڕۆ دەتوانێت (٣٠٠) هەزار بەرمیل نەوت رۆژانە بەرهەم بهێنێت و ئەم توانایە بەرزدەبێتەوە بۆ (١) ملیون بەرمیل نەوت لە ساڵی (٢٠١٥) دا و (٢) ملیون بەرمیل نەوت رۆژانە لە ساڵی (٢٠١٩) دا». هەندێکیش پێیانوایەی کە هەرێم لە (١٠) دە ساڵی ئایندەدا دەتوانێت (٢ تا ٤) ملیۆن بەرمیل نەوت رۆژانە هەناردەی دەرەوە بکات.

بێگومان ئەم دەستکەوتە گرنگانەی سیاسەتی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بوونی نزیکەی (٥٠) کۆمپانیای بیانی، لە نێوانیاندا کۆمپانیای زەبەلاحی وەك (ئێکسون مۆبیل ExxonMobil)ی ئەمریکی، و جێبەجێکردنی پلانی هەناردەکردنی راستەوخۆی نەوت و گازی هەرێم بە رێگای بۆڕیە نەوتی و گازییەکان بە خاکی تورکیادا نەك تەنیا دەبێتە مایەی بەهێزکردنی پێگەی سیاسی نیشتمانی و هەرێمی و نێودەوڵەتی هەرێمی کوردستان، بەڵکو کوردستان دەخاتە سەر نەخشەی وزەی نێودەوڵەتی. سیاسەتی دەوڵەتان لە سەر بنەمای بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان دادەڕێژرێت و دەوڵەتان لە روانگەی ئەو بەرژەوەندیانەوە تەماشای هەرێم دەکەن و بۆ سەلماندنی ئەم راستییە ئەم وتەیە بە بیر خوێنەر دێنینەوە:

«گرنگ نییە کێ فەرمانڕەوایی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات، کۆمارییەکان یان دیموکراتییەکان، چونکە هەر دووکیان ئاو لە کانیاوی کۆمپانییە نەوتییەکان دەخۆنەوە».

● - هەرچی تایبەتە بە مامەڵەکردن لەگەڵ نەوتی کوردستان لەو روانگەیەوە کە نەوت سەرچاوەیەکی سروشتی لە بن هاتووە کە نوێ نابێتەوە و پەیڕەوکردنی سیاسەتی «پاراستنی نەوت» و رەچاوکردنی پرنسیپی «گەشەپێدانی بەردەوام» بە پێویستی دەزانین کە سیاسەتی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان رەچاوی ئەم خاڵانە بکات:

١ – سوود وەرگرتن لە داهاتی نەوتی کوردستان بۆ گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووری هەرێم و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی هاوولاتیانی هەرێم و باشکردنی خزمەتگوزارییەکان.

٢ – سوود وەرگرتن لەو گازە سروشتییە کە لەکێڵگە نەوتییەکان دێتە دەرەوە، نەك گازی کێڵگە گازییە سەربەخۆکان، بۆ بەرهەمهێنانی کارەبای پێویست بۆ هەرێم.

سووتاندن وسوود وەرنەگرتن لەو گازەی کە لە کێڵگە نەوتییەکان دێتە دەرەوە نەك تەنیا بە فیڕۆدانی سامانێکی نەتەوایەتی گرنگە، بەڵکو هۆکارێکی پیسکردنی ژینگەی کوردستانە.

٣ – بایەخدان بە گەشەپێدانی پیشەسازی پاڵاوتنی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا، کە لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، لە رێگای پاڵاوتنی رێژەیەکی دیار لە نەوتی بەرهەم هێنراو لە نێو هەرێمدا. ئەنجامدانی ئەم کارە نەك تەنیا پێداویستیەکانی هەرێم لە بەرووبوومە نەوتییەکان دابین دەکات، بەڵکو وا لە هەرێم دەکات کە لە بری نەوتی خاو هەناردەی بەرووبوومە نەوتییەکان بکات کە نرخەکەی بەلای کەم (٣) سێ هەندەی نرخی نەوتی خاوە.


دەکرێت بەشێك لەم ئەرکە لە رێگای رێککەوتنە نەوتییەکانەوە لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان ئەنجام بدرێت و کۆمپانیاکان پابەند بکرێن بە پاڵاوتنی بەشێك لەو نەوتەی کە دەریدەهێنن لە هەرێمی کوردستاندا. ئەم جۆرە رێککەوتنانە لەگەڵ کۆمپانیەکان شتێکی نوێ نییە و پێشتر لە چەندین دەوڵەت، فنزویلا بۆ نموونە، ئەنجامدراوە و بێگومان لە بەرژەوەندی هەرێمدایە.

٤ – ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمدا گونجاو بێت لەگەڵ یەدەکی نەوتی هەرێم و پێداویستیەکانی هەرێم لە نەوت و داهاتەکەی و باری بازاری نەوتی نێودەوڵەتی.

٥ – شان بە شانی بەرهەمهێنانی نەوت، پلانی گونجاو دارێژرێت بۆ سوود وەرگرتن لە سامانی «گازی سروشتی» هەرێم بە باشترین شێوە.

**سیاسەتی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گەوهەردا گونجاوە لەگەڵ دەستووری عیراق و یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و ئەگەر رەخنەیەکیش بەدی بکرێت هۆکارەکە دەگەڕێتەوە بۆ پشتگوێخستن و کارنەکردن بە دەستووری عیراق لە لایەن حکومەتی ناوەندەوە**

# قەیرانی رۆشنبیری



ڤینۆس فایەق

دوو هەفتە جارێك دەینووسێت

رەنگــە زۆر زەحمەت بێــت بەکەســێک بڵێیت «تۆ رۆشــنبیر نیت»، وەلێ زۆر ئاســانە لەخۆت بپرسیت ئایا خۆت رۆشــنبیری یان نا»، ئەگەرچی لای ئێمە تایتلی «رۆشــنبیر» یەکێکە لە تایتلە بەناوبانگەکانی ئەخرێتە بەردەم ناوی هەموو کەسێک کە لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە دەردەکەوێت، لە کاتێکدا لە هیچ زمانێکی تردا شــتی وا بــەدی ناکرێت. بۆ نمونە عــەرەب نالێ: المثقف (فلان) یــان ئینگلیــز نالێــن: (cultured (some one یان educated . ئەمە هەر لای ئێمە هەیە، ئەشــێ ئەمە رەگوڕیشەیەکی ســایکۆلۆژی هەبێت، کە مرۆڤ لەگەڵ خۆی و لەگــەڵ دەوروبەری بەگومان بێت لەوەی رۆشنبیرە یان نا، کە ئەمەش بنەمایەکی ناجێگیری هەیە لە کەســایەتی مرۆڤەکاندا، ئەمجــۆرەش لەگومانکردن لە خــود و لەوانەی دەوروبەر جۆرێــک لە ناجێگیری لە واقیعی رۆشنبیری لەناو کۆمەڵگادا دروستکردوە، کە لە حاڵەتی باوەڕبەخۆنەبوونەوە ســەرهەڵدەدات. هەر بۆ نموونە ژنانــی خۆرهەڵات زیاتر ماکیاج بەکاردێنن، لەبەر ئەوەی هەندێکیان باوەڕیان بەخۆیان و کەســایەتی خۆیان نییە و بەوجۆرە ســەرنجی دەوروبەر بۆلای خۆیان رادەکێشن. بەو شــێوەیەش ئەوانەی بڕوانامەیان نییە جاران هەندێ کەس ئەچــوون وێنەیەکیان بە جلوبەرگــی دەرچوونی فەرمی زانکۆوە ئەگرت و لە هۆڵی ماڵەکەیان هەڵیان دەواســی. بەڵام ئیســتا لەســایەی زۆربوونی زانکۆکانی لەســەر بنەمای بازرگانی و پارە پەیداکردن دروستبوون، هاوشێوەی ئەوانە بڕوانامەکە ئەکــڕن و لەجیاتی فۆتۆکە لە هۆڵی ماڵەکەیان هەڵی ئەواسن.

یەکێک لە دیاردەکانی ناجێگیری واقیعی رۆشنبیریمان زۆربوونــی زانکــۆ کــراوە و باوەڕپێنەکراوەکانە، کە بە پارە بڕوانامە ئەفرۆشــنەوە، یان باشــتر وایە بڵێم دیاردەی رووکردنی خەڵک لــەو زانکۆیانە و کڕینی بڕوانامەکان یەکێکی ترە لە دەرهاویشــتەکانی ناجێگیری کەسایەتی تــاک لە کۆمەڵگادا و باوەڕنەبوونی بەخود. باوەڕی وایە بــۆ ئەوەی پێی بڵێن (رۆشــنبیر) ئەبێــت بڕوانامەیەکی هەبێت، کە نەشیتوانی بێت بیهێنێت بە ئاسانی ئەیکڕێت.

هەندێک دەڵێن ناجێگیری واقیعی سیاســی و نەبوونی رەقابە و بەدواداچوونە وای کردووە ئەم دیاردەیە بەو شێوەیە تەشــەنەی کردووە، هەندێک دەڵێن: نزمبوونەوەی ئاستی ویســت و ئارەزووی خوێندنی جیــددی و نەبوونی ئارەزوو یان توانا بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە وای کردووە تاکەکان روو لەمجۆرە رێگایە بکەن بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە و بۆ ئەوەی جێگەی خۆیــان بکەنەوە لە بوارەکانی کۆمەڵگا. هەڵبەتە نەبوونی یاسای شیاو کە کاری زانکۆ ئەهلیەکان رێکبخــات فاکتەرێکــی گەورەیە. فاکتــەری لەویش گەورەتر و ترســناکتر بوونی دەســەڵاتێکی حزبی لەپشت ئەو زانکۆیەوە، کە ئەو زانکۆیە لەچاوی یاسا و لەهەموو لێپرسینەوەیەک بەدوور ئەگرێت.

دواجار جێکردنەوەی زۆرێک لــە هەڵگرانی ئەو جۆرە بڕوانامە درۆیانە لەناو حزبەکان و دانانیان لەپۆســت و پایە حکوومیەکانیش وایکردووە خەڵک روو لە کڕینی بڕوانامە درۆکان بــکات بۆ ئەوەی جێــگا و پێگەیەکی حزبی و حکوومی دەســتکەوێت و بێبەش نەبێــت لەو ئیمتیازات و دەسکەوتانەی کە دەستی دەکەوێت.

جۆرێکی تر لە مجۆرە رۆشــنبیرانە کە لەم سەردەمی قەیرانــی رۆشــنبیریەدا ســەریانهەڵداوە، لەوانەی تایتلی (رۆشــنبیر) دەخەنە پێش ناویان لــە تەلەفزیۆنەکاندا لەو جۆرەن کە هەر پرســیارێکت لێکردن و کەوتنە وەڵامدانەوە ئیتر وەســتانەوەیان نییە، بین ئەخۆنەوە ئەسڵەن لەبەر ئەوە نا شــتێک ئەڵێن، بەڵکو لەبەر ئەوەی خۆشیان نازانن چی ئەڵێــن و چۆن کۆتایی پێ بهێنــن. ڤۆلتێر جوان بەمجۆرە بەناو رۆشــنبیرانە دەڵێ: نهێنی ئەوەی کە تۆ کەسێکی بێزارکــەری ئەوەیە لەهەموو شــتێکا شــتێک ئەڵێیت. «گلاسۆش لەبەرانبەردا ئەڵێ: چەپڵە تەنها رێگەیەکە بۆ ئەوەی کەســێک کە زۆر ئەڵێت بێدەنــگ بکەین بەبێ ئەوەی تووڕەیکەین»، ئەمجۆرەی گلاسکۆ باسیان دەکات لەناو سیاسیەکاندا زۆرن.

فاکتەرێکی تری ترسناک کە ئەو واقیعە رۆشنبیریەی هێندەی تر ناجێگیر و شڵەژاو کردووە: کڕینی قەڵەمەکانە لەلایەن دەســەڵاتەوە، ئەمەش هەر لــەزووەوە و لە زۆر لە ئەزموونــی زۆربەی وڵاتانی رۆژهــەڵات هەیە. هەندێ لەخــاوەن قەڵەمەکان دوور ئەگرن و ناکەونە بۆســەکەوە، ئەمجــۆرە لەلایەن ئەوانی ترەوە بەبــێ مەوقیف تۆمەتبار ئەکرێن، هەندێک کە دەکەونە بۆسەکەوە، هەر ژێرەوژوور پڕوپاگەنــدەی خۆفرۆشــی دەخەنە پــاڵ. هەڵبەتە کە دەسەڵاتێک قەڵەمێک دەکڕێت، هەموو پێداویستیەکانی کڕینی قەڵەمی بــۆ دابین دەکات و چاولەبەری دەکات. هەر لەپاڵ ئەمجۆرە لەقەڵەمفرۆشانە گروپێکی تر هەن کە نە رۆشــنبیرن نە نووسەر، بەڵام دەبن یان دەکرێنە نووسەر و قەڵەم دەفرۆشن بۆ خاتری ئەو ئیمتیازات و پارە و پوولەی دەســەڵات دەیخاتە بەردەم نوســەر و رۆشنبیر. هەمان شت لەگەڵ رۆشــنبیرەکانی کایە رۆشــنبیریەکانی تر، وەکو پزیشک و مامۆستای زانکۆ و سەرۆکی سەندیکاکان و چالاکوانەکان ... هتد.

کێشــەکە ئێســتا لەوەدا نییــە کێ بەخــۆی ئەڵێت (رۆشــنبیر)، کێشــەکە زۆر لــەوە گەورەتــرە کە بیری لێدەکەینەوە، کێشەکە لەوەدایە لەم سەردەمی هاتوهاواری دیموکراســیەت و کرانــەوەی جیهــان و تەکنەلۆژیایەدا دەسەڵاتێک هەبێت سوودمەندییت لەمجۆرە دیاردانە و لێی بێدەنگ دەبێت و هەندێجار بەیاسای دەکات. دەسەڵاتێک ســوودمەندبێت لە گەمژەکردنی خەڵک و جەهالەتیاندا و رێگەی خۆشــکردبێت بۆ ســەرهەڵدانی ئەوجۆرە دیاردانە لەناو بواری رۆشنبیریدا.

هیچ شــتێکیش ئــەو واقیعە چاک نــاکات ئەگەر ویستێکی راستەقینە و ئیرادەیەکی سیاسی راستگۆ نەبێت، ئەوەش لەوڵاتی ئێمەدا هێشتا بەدیناکرێت.

یەکێک لە دیاردەکانی ناجێگیری واقیعی رۆشنبیریمان زۆربوونی زانکۆ کراوە و باوەڕپێنەکراوەکانە، کە بە پارە بڕوانامە ئەفرۆشنەوە



# دەوڵەتی کوردستان
# لە نێوان یۆتۆپیاو مێژوودا

گۆڤاری گوڵان

پرسی دەوڵەتی کوردستان
لە نێوان یۆتۆپیا و دیرۆکدا

سؤال الدولة الكوردية
بين اليوتوبيا و التاريخ

بەشی فەلسەفە/ زانکۆی سەلاحەدین




سەرلەبەیانی و عەسری ڕۆژی یەکشەمە ڕێکەوتی (٢٠١٢/٧/٢٢) گۆڤاری گوڵان و بەشی فەلسەفەی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین پێکەوە لە ژێر سەیوانێکی فیکریدا دووەمین سیمیناری هزریی سیاسییان لە هۆڵی چوارچرا بەڕێوەبرد..

(دەوڵەتی کوردستان لە نێوان یۆتۆپیاو دیرۆك) ناونیشانی ئەو سیمینارەبوو کە تێیدا هەر یەك لەم بەڕێزانە بابەت و لێکۆڵینەوەی سیاسی و فکری خۆیان پێشکەشی ئامادەبووان کرد:

(مەحمودمحەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان،

مەلابەختیار بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان،

د. شاهۆ سەعید وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان،

ڕێبوار سیوەیلی سەرۆکی بەشی فەلسەفە لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین،

د.شێرزاد نەجاڕ سەرۆکی زانکۆی کوردستان،

د.ئاراس عەبدولکەریم بەڕێوەبەری سەنتەری دیالۆگ،

سۆلاڤ کاکەیی خوێندکاری دکتۆرا،

د.حەیدەرلەشکری سەرۆکی بەشی مێژوو لە زانکۆی کۆیە،

نەوزاد جەمال مامۆستای بەشی فەلسەفەی کۆلێژی ئەدەبیات)

لە بەراییدا لە لایەن هەردوو بەڕێزان (ماجید نووری و د.سەربەست نەبی) لە چەند وتەیەکدا بە ناوی بەشی فەلسەفەی کۆلێژی ئەدەبیات و گۆڤاری گوڵانەوە بەخێرهاتنی سیاسەتمەداران و پسپۆرانی زانستە سیاسیەکان و ڕۆشنبیرانی ئامادەبووی سیمیناریان کردو ئەوەشیان ڕوونکردەوە کە پاش بە ئەنجام گەیاندنی سیمینارێك کە مانگی ڕابردوو هەشت بابەت و لێکۆڵینەوەی لەسەر(دۆزی کورد لە سووریاو ئاستەنگەکانی بەردەم گۆڕانکاری) لە خۆ گرتبوو،کە بۆ کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆو سیاسەتمەدارو بیرمەند لە لایەن بەشی فەلسەفەو گۆڤاری گوڵان ساز کران

بەم جۆرە دووەمین سیمیناری ئەم پرۆژە هاوبەشەیان هێناوەتە ئاراوە، بۆ ئەوەی گەنگەشەو مشتومڕی زیاتری لە بارەوە بکرێت کە بریتییە لە بابەتێکی هەستیاری وەك (دەوڵەتی کوردستانی یان دەوڵەتی کوردی، لە نێوان یۆتۆپیاو دیرۆکدا)....



**مەحمود محەمەد**
**ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:**

# متمانەکردن و بڕوا بەخۆ بوون لە ناو هەر نەتەوەیەکدا هێزێکی لەبن نەهاتووی مەزنە بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووس

### خەبات بۆ دامەزراندنی دەوڵەت

سەبارەت بە پرسی خەباتکردن و تێکۆشان بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان بەڕێز مەحمود محەمەد لە میانەی بابەتەکەیدا کە پێشکەشی ئامادەبووانی کرد وتی:

((ئەم پرسەی دامەزراندن سەبارەت بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان پرسێکی نوێ نییە بەڵکو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بایەخ و گرنگییەکانی زیاتر دەبن، شاراوەش نییە کە کێشەی نەتەوایەتی یەکێك بووە لەو کێشەکانی ناو دنیای سیاسەت و پرۆسەی بەسیاسی بوون، بە تایبەت لەو وڵاتانەی فرەنەتەوەبوون، لە پاش هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت و کۆتایی هێنان بە دوو جەمسەری لە دنیادا ئەوە بوو تۆزێك کرانەوە لەسەر ئەم پرسە لە دنیادا هاتنە ئاراوە))

لە درێژەی بابەتەکەیدا بەوردی شرۆڤەی بۆ زەمەنی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی کرد داخوا چ کاتێك گونجاو بێت بۆ ئەو ڕاگەیاندنە جەختی لەوە کردەوە کە نابێت وا لێك بدرێتەوە کە ڕاگەیاندنی دەوڵەت شکاندنی پیرۆزییەکان یان شتێکی سەیرو سەمەرە بێت، پێویستیشە ئەو ڕاستییە لە بەرچاو ون نەبێت کە کوردستان بە زۆری زۆردارەکێ بە وڵاتانێکەوە لکێندراوە کە پێشتر خاکەکەی پێوەندی بەو وڵاتانەوە نەبووە، بۆ نموونە عیراق بە هەڵە دروستکراوەو تا ئێستاش پڕیەتی لە کێشەو ئاریشەو ئەستەمیشە بە چەندین ساڵانی تر ئاریشەکانی بێنە چارەسەرکردن، لەو بارەیەوە وتیشی:

((لێرەدا مادەم بابەتەکە لەسەر ئەوەیە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی کاتی هاتووە یان نا، پێویستمان بە ئاوڕدانەوەیە لەسەر هەندێ حەقیقەتی مێژوویی، بۆ ئەوەی کە باس لە دەوڵەتی کوردی دەکەین باسمان نەکردبێت لە شکاندنی پیرۆزییەك، باسمان نەکردبێت لە شتێکی سەیرو سەمەرەو تازە کە لە دنیادا ڕوویدا بێت، ئەوە حەقیقەتی مێژووییە کە کوردستان لکێنراوە بە وڵاتانێکەوە کە پێشتر خۆی لەو وڵاتانەدا نەبووە، ئینگلیزەکان بە دیاریکراوی لە ١٩١٤/١١/٢٢ گەیشتنە فاو، ماوەیەکی زۆریان ویست تا ویلایەتەکانی بەسرەو بەغدایان کۆنترۆڵ کرد بەڵام نەچوونە ناو ویلایەتی موسڵەوە، بێگومان ئاشکرایە کە ویلایەتی موسڵ ماوەیەکی دوورو درێژ سەربەخۆیانە مامەڵەی لەگەڵ کرا، ئەو ویلایەتە پێشووتر ویلایەتی شارەزوور بووەو پایتەختەکەی شاری کەرکوك بووە، ئەو ویلایەتە لە کەرکوك و سلێمانی هەولێرو دهۆك و موسڵ پێکهاتبوو، لە ساڵی ١٩١٤ تا١٩١٧ ئینگلیزەکان هەردوو ویلایەتیان گرت دواتر لە ساڵی ١٩٢١ دەوڵەتی عیراقیان دروست کرد، بەڵام ویلایەتی موسڵ لە دەرەوەی دەوڵەتی عیراق مایەوەو بووە کێشەیەك لە نێوان بەریتانیاو وڵاتی تورکیای تازە دروستکراو، ناو لە کێشەکە نرا کێشەی ویلایەتی موسڵ، کە بە سەربەخۆیی مایەوە تا ساڵی ١٩٢٥، تا لە هودنەی مودروس ئەو کاتە ڕێگە بە بەریتانیەکان درا بێنە ناو ویلایەتی موسڵ و دواتر لە ساڵی ١٩٢٥لکێنرا بەو دەوڵەتە دروستکراوەی کە بەریتانیەکان بە ناوی عیراقەوە دروستیان کرد)).

مەبەستی بەڕێزیان لەم ئاوڕدانەوەیە ئەوەیە بڵێت پێشتریش وڵاتێك بوونی نەبووە بە ناوی عیراقەوە تا ئێمە باس لە دابڕان بکەین لێی یان سنوورەکانی بشکێنین یان مافی خەڵکانی تری تێدا زەوت بکەین. دواتر بەڕێز (مەحمود محەمەد) باسی لەو فاکتەرانە کرد کە هێزو توانا دەداتە نەتەوەیەك تا دەوڵەت دابمەزرێنێت، یان بەرەو بە دەوڵەتبوونی ببات، سەرەتا یەکەمین فاکتەر کەلە بەرچاو بگیرێت فاکتەری جوگرافیاییە، وتیشی ڕەنگە ئەم فاکتەری جیۆگرافیاییە بەو گرنگییەی سەد ساڵی پێشوو گرنگ نەبێت بە هۆی پێشکەوتنەکانی لە دنیا ڕوویانداوە، پێشتر هەڵکەوتەی جیۆگرافیا بۆ دەوڵەت بوون یان نەبوون چارەنووسساز بوو بەڵام ئێستا ئەگەرچی فاکتەرێکی گرنگە بەڵام بە تەنیا چارەنووسساز نییە، فاکتەری تر کە گرنگەو پێویستە لە بەرچاو بگیرێت ژمارەی دانیشتووانە،ئەوەش جاری وایە بۆ بەشداری کردن لە داڕشتنەوەی زۆر بڕیاری سیاسی و نێو نەتەوەیی گرنگی خۆی هەیەو، فاکتەری تر سەرچاوەکانی سامانی سرووشتییە، ئەو نەتەوانەی کە بە چاکی سەرپەرشتی سامانە سروشتییەکانی خۆیان دەکەن وئەو توانایەش بە باشی بەکاردێننەوە ئەمەش هێزێکە دەدرێتە ئەو نەتەوەیە تا بتوانرێت خۆڕاگری بکات فاکتەری تر ئایا ئەو وڵاتە توانیویەتی ئەو سەرچاوە سروشتیانە بەکاربهێنێت لە ناوخۆی خۆیدا چ بۆ ئیکتیفای نەتەوەکە چ وەك داهاتێك و پێوەندی دروست کردن لە ڕێی پیشەسازییەوە لەگەڵ وڵاتانی تر، کەواتە پیشەسازی لە ناو نەتەوەدا ئاسانکارییەکەو هێزێکە دەدرێتە نەتەوەکە بۆ بەرەو بە دەوڵەت بوون، خاڵی گرنگی تر لە فاکتەرەکاندا ئامادەییەکانی بواری سەربازییە لە رووی ژمارەو جۆرایەتی و چەك و کەلوپەل و مەشق و ڕاهێنان و ڕابەرایەتی کردن و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای تازەوەش، فاکتەری تر متمانەو باوەڕبەخۆبوونە فاکتەرێکی گرنگی تر مەسەلەی دیبلۆماسیەتی ناوخۆیی و دەرەکییە، خاڵی تری گرنگ ڕێکخستن و ئامادەسازی ناو ماڵی کوردستانییە ئەویش بە ئامادەکردنی یەکهەڵوێستی هەموو لایەنە سیاسییەکان لە کوردستان بۆ پرۆسەی بە دەوڵەت بوون کەواتە ڕێکخستنی ناوماڵی کورد لە ڕووەکانی سیاسی و نەتەوەیی و ئاینزایی وەدیبێت تا ببێتە هێزێك بۆئەو نەتەوەیە تا هەنگاوی گورجانە بەرەوە دەوڵەت بوون بنێت،فاکتەری هەرێمایەتیش باسی لێ دەکرێت کە ئێمە چۆن بتوانین لەگەڵ دراوسێکانمان نیگەرانی وخەمەکانی ئەوانیش درك بکەین و تێیان بگەیەنین کە ئێمە بە دەوڵەتبوونمان نابینە توخمێکی شەڕەنگێز لە ناوچەکەداو هیچ کێشەیەك بۆ باری ئارامی و ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی ئەوان دروست ناکەین.

### زوڵمی مێژوو دەرهەق بە کورد

لە سیاسەتدا دەوترێت ژیان دان و ستاندنە، وێ دەچێت بە درێژایی مێژووی ئیسلام کورد هەر بەخششی بە دەوروبەر دابێت و لە بارەی مافەکانی خۆیشیەوە هیچی نەستاندبێت و لە بری ئەوە هەر کەوتبێتە بەر پەلامارو کوشتاروتاڵان و وێرانکاریی دەستی داگیرکارانیەوە، بە تایبەتیش لە



**مەلابەختیار**

**بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ گوڵان:**

# دەگمەنە لە مێژوودا فیدراڵیەتێک بێ ڕەزامەندی ناوەند یەکلایەنە ڕاگەیاندرابێت وەک فیدراڵیەتەکەی کوردستان

پاش شـــەڕی چلدێران تا بە پەیمانی زەهاوی ١٦٣٩ گەیشت، کوردستان کرابووە مەیدانێك بۆ جەنگی نێوان خەلافەتی عوســـمانیەکان و ســـەفەویەکانەوە، ســـەبارەت بەو مێژووەی کـــۆن و هاوچەرخە زۆر بیرو ڕاوو گێڕانەوەی ناو دیرۆکان هەن کە لە ســـیمینارەکەدا بەڕێز (مەلا بەختیار)بەم شێوەیە هەندێك مەسەلەی مێژوویی هێنانـــە بەر هەتەرەی پرســـیار و باســـان و دواتریش گفتوگۆی زیاتری بەلای بابەتەکەدا ڕاکێشاو وتی:

((ئەگەر ئاوڕێك لە مێژوو بدەینەوە، مێژوو بە ئێمە دەڵێت تا ســـەردەمی شێخ مەحمود جگە لە خەبات لە پێناوی ســـەربەخۆیی کوردستان چ شـــتێکی تر لە ئارادا نەبووە، ئۆتۆنۆمی شـــتێکی نەزۆکە لە مێـــژووی هاوچەرخی ئێمەدا هاتۆتە پێشـــەوە، یەکەمین جار شـــێخ عوبەیدوڵـــلای نەهـــری لـــە دوای جەنگی یەکەمی جیهانـــەوە هێناویەتی و وەك تێزێك فڕێی دا بەڵام نەیخواردو نەبوو بە بەرنامەی هیچ بەشێك لە بەشەکانی کوردستان و هیچ سەردارێك لە سەردارەکانی ئەم نیشتمانە..

مەســـەلەی ســـەربەخۆیی کوردســـتان لە ســـەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەم تا سەردەمی شـــێخ مەحمـــودو ڕاپەڕینەکانـــی ئامانجی ســـەرەکی بوون لە خەباتی سیاسی و خەباتی ڕزگاری نەتەوەکـــەی ئێمـــەدا، بە داخەوە لە پاش تێکشکانی دوا ڕاپەڕینی شێخ مەحمود لە سییەکان بەدواوە ئیتر بابەتی سەربەخۆیی کوردســـتان ئاوا بوو لە مێژووداو وردە وردە لە پاش ئەو گۆڕانکارییانەی دنیاو بە تایبەتی لـــە ژێر کاریگەریبوون بـــە تێزەکانی یەکێتی ســـۆڤیەت، مەســـەلەی ئۆتۆنۆمی لە هەر پارچەیەکی کوردستان بوو بە ستراتیژو خرایە ناو ئیدیۆلۆژیاو چوارچێوەی بەرنامەوەو بوو بە بڕوای سیاسی حزب و هێزە سیاسییەکانیش، لە کۆتایـــی ســـییەکانەوە تـــا ڕاپەڕینیش ســـەربەخۆیی چیتر بابەتێکی جیدی نەبووەو قسەی لەسەر نەکراوە ئەگەرچی لە باشووری کوردســـتان قســـەی لێ دەکرێت لە ڕاستیدا ئەویش هەر قسەو دروشـــمە، ئەگینا ئەگەر بێیتە ســـەرکوردی باکوورو حکومەتی تورکیا بێگومان ئەوەتا لەوێش لەسەر ئۆتۆنۆمی قسە دەکرێت و بەو شـــێوەیە هەوڵی ڕێگەچارەی سیاسی لەو وڵاتەش دەدرێت، ئایا شاڕێبازی ســـەربەخۆیی میللەتانی دنیا یەك ڕێگایە، ئایا خەوە بە نیســـبەت ئێمـــەوە یان بەختمان نەبوو، ئایا سەرداران و هێزە سیاسیەکانی ئێمە نەیانتوانیوە ئەم ســـتراتیژە بجووڵێنن، ئایا لە سەرەتاوە ئەمە بە میرات بۆ ئێمە بە جێماوە تا بە هەمان پێداویستییەکانی ڕابردوو بە هەمان بۆچوونەکانـــی ڕابـــردووەوە مامەڵە لەگەڵ ســـەربەخۆیی کوردســـتان بکەین، ئایا ئێستا سەردەمی گلۆباڵەو ئەم سەردەمە چ جیاوازی لەگەڵ ســـەردەمی جەنگی ساردا هەیەو چ جیاوازی لەگەڵ ســـەردەمی شێخ مەحمودو جەنگی یەکەمی جیهان و سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم و ســـەردەمی کۆمارهەیەو چ جیـــاوازی لەگەڵ ســـەردەمی داگیرکردنی کوردســـتان وســـایکس پیکۆو لـــە قاڵبدانی بەشەکانی تری کوردستان و سیڤەرو لۆزانەوە هەیە، ئەمانە بە ڕاســـتی هەموویان پرسیارن و پێوەندییان بە پرسی ســـەربەخۆیی ئێمەوەو پرسی چارەنووسی داهاتوومانەوە هەیە)).

## نەشتەری تیۆرکاری بۆ پرسی دەوڵەت

هەمـــووان دەزانین کە کوردســـتان لە ڕووی جیۆگرافیاوە هەڵکەوتەکـــەی وا ڕێکەوتووە کـــە کەوتۆتە ســـەر شـــاڕێگەی هاتوچۆی نێـــوان ڕۆژهـــەڵات و خۆرئـــاوا، بۆیە ئەو تیۆرانـــەی بارودۆخـــی وڵاتانێکـــی پـــێ دەپێوڕێن لە ســـەربەخۆبوون و گەیشتنیان بە دەوڵەتی نەتەوەیـــی خۆیان، ڕەنگە بە هەمان پێوەر نەتوانرێت دۆخ و ڕەوشـــی کوردســـتان هەڵســـەنگێنرێت لەو بـــارەوە( مەلا بەختیار) دەڵێت:

((تۆ ناتوانی بەیەك تیۆر و بە یەك ئاڕاستەی ئیدیۆلۆژی و بە یەك پێوەندی سیاسی سەیری دامەزراندن یان پرســـی سیاسی دەوڵەت یان نیشتمانی ســـەربەخۆ بکەیت، دەیان نموونەی تری لەو بارەیەوە هەن، تەماشـــای سەردەمی جەنگـــی جیهانی یەکەم و دووەم و پێشـــترو دواتریـــان بکە دەیان بزووتنەوەی نیشـــتمانی دەوڵەتی سەربەخۆیان دامەزراند ئایا پاشکۆی ســـەرمایەداری بووبن یان سەربەخۆ بووبن لە ســـەرمایەداری یان لە تورکیـــا کاتێ تورکیا دروســـت دەبێت لە دوای دەوڵەتی عوسمانلی بە حیساب کەمالییەکان دژی کۆلۆنیالیزمن بەڵام لە وڵاتانی عارەبـــی و کەنداو جۆرەها دەوڵەتی پاشکۆو بەکرێگیراوی ئەوان دروست دەبـــن، لە ئاکامدا ئێســـتا عـــەرەب چەندین دەوڵەتـــی هەیە تورك و فـــارس دەوڵەتیان بۆ دروست دەبێت، بەڵام ئێمەی کوردو چەرکەس و ئەرمەن دەوڵەتمان نییـــە، لە نێوان هەردوو جەنگـــی جیهانی یەکـــەم و دووەمدا جۆرەها دەوڵەتی هەمە چەشـــن دروســـت کراوە، لە دەسپێکی جەنگی ســـاردا کۆماری مەهاباد یـــازدە مانگ تەمەنی درێـــژ دەبێت کەچی لە دوای کۆتایی هاتنـــی جەنگی دووەمی جیهانی و دەســـپێکی جەنگی ساردا خەباتی گەلانی گەورە گـــەورەی وەك کۆریاو لاوس و ڤێتنـــام و کەمبۆدیا دەســـپێدەکات، ئەمانە بە پشـــتیوانی وڵاتانی گـــەورەی وەك چین و سۆڤیەت دەبنە ســـەربەخۆ لە هەمان کاتدا ئەریتریا بە پشـــتیوانی دەوڵەتی ئەســـیوبیا سەرکوتدەکرێت، کە سۆڤیەت دەڕوخێت ئەریتریا دەبێتە دەوڵەتێکی ســـەربەخۆ، واتە نموونەکان ســـەیرو ســـەمەرەن لە مێژوودا کە جەنگی سارد دەخوێنیتەوە سەیر دەکەیت ئێمەی کورد بەدبەختترین نەتەوەی سەر زەمینین فەلەستین لە لایەن ٧٦ دەوڵەتـــی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتـــەوە یەکگرتووەکان ئیعتیرافی پێ دەکرێت و بیســـت دەوڵەتـــی عارەبی پشـــتیوانێتی تـــا ئێســـتاش نەبووەتە دەوڵەتی ســـەربەخۆ، ئەگەر مەســـەلەکە پشتیوانی بێت فەلەستین پشتیوانی هەیە ئەگەر مەسەلەکە ئیعتیرافی نەتـــەوە یەکگرتووەکانیـــش بێت فەڵەســـتین هەیەتی، خۆ ئێمە نیمانـــە قبوڵمانە، ئەگەر مەســـەلە ئەوەیە چین و ڕووســـیا پشتیوانی دەوڵەتانێکیان کردووەو سەرکەوتووبوون، لەملاوە دەوڵەت هەیە پشتیوانیشـــیان لێ نەکردون و سەرکەوتووش بوون.. نموونەی جیاواز جیاواز هەیە کە یەك پێوەر ناتوانێت هەموویان بپێوێت، با بێینەوە سەر مەسەلەی خۆمان دەوڵەت بۆ کورد واقیعە یان یۆتۆپیایە لە ڕاستیدا لێرەدا دەمەوێت هەردووسەردەمی شێخ مەحمود

و کۆمــاری مەهاباد کەمێك هەڵســەنگێنم تا لــە دوو ئەزموونەکەی خۆمانــەوە وانەو پەندی باشــتر وەربگرین،بۆ کەسایەتی شێخ مەحمود ئینگلیزەکان ئامادە بوون حوکمرانی سلێمانی پێ بکەن ئەم قبوڵی نەکرد، ئەگەر حوکمڕانی ســلێمانی وەك مەحمییەیەك شێخ مەحمــود قبوڵی بکردایــە، ئەگەری ئەوەش هەبوو بە جۆرێك لە جۆرەکان درێژە بکێشــێت و پارێزگایەکی تریشــی بخرایەتە پاڵ، بەڵام شێخ ئیللا سەبەخۆیی باشووری کوردستانی لا مەبەست بوو، ئینجا لە پێناویدا خۆیشی دانا، ئێوە تەماشــای ئەم ئەزموونەی شێخ بکەن، شێخ مەحمود نامەیەك بۆ لینین دەنووسێت و دەڵێت وەرە پشتیوانیم لێ بکە، ئێمە هاتووین و ئامادەین ببینە پاڵپشت بۆ دەوڵەتی بەلشەویك، لینین هەر وەڵامیشــی ناداتەوە، لە کاتێکدا لینین وەڵامی پاشــای ئەفغانستان دەداتەوە، لینین پشــی پشــی بۆ ئێران دەکات و چەك و تفاق و نەوت و پارەو ئاســن دەداتە کەمال ئەتاتورك، ئەمە هۆکارەکــەی بەرژەوەندییە، سۆڤیەت هاوبەرژەوەندە لەگەڵ ئێران و تورکیا، پشــتیوانییان لــێ دەکات و پــارەو چەکیان دەداتــێ و پێوەندی دیبلۆماســییان لەگەڵ دەبەســتێت تا وڵاتێکی وەك ئەوەی خۆمانی پێ قۆڵبەســت بکات و وەڵامی میراتگری دەوڵەتی سەربەخۆی کوردان کە ئەو کات شێخ مەحمود بوو ناداتەوە)).

**فاکتەرە ڕێخۆشکەرەکانی بە دەوڵەت بوون**

هەموو مێژوونووســان و ڕەچەڵەکناســان لەو بڕوایەدان کە کورد ڕەچەڵەکێکی زۆر دێرینەو ڕەسەنی هەیە هەر لە دوای کەوتنی دەوڵەتی میدیا ئیتر بە درێژایی مێژوو کورد نەیتوانیوە لە دەوڵەتێکی ســەربەخۆدا جڤاك وهەیبەتی شارســتانیەتی مەزنــی خــۆی کۆبکاتەوە فاکتەرەکانــی گێڕانــەوەی ئــەم هەیبەتە بۆ کورد لە دروســت بوونــی دەوڵەتێکدا خۆ دەبینێتەوە بەڵام ئاخۆ ئێستا ئەو فاکتەرانەی ڕێگەخۆشــکەرن بۆ بە دەوڵــەت بوونەوەی کــورد کامانەن بەڕێز( مەحمــود محەمەد) لە باســەکەیدا هەندێکیانی باس کردن وەك لە پێشەکی وتارەکەدا ئاماژەمان پێیاندا بەڵام ئەم خاڵەیان کە بە گرنگتری دەزانین بە پێویستمان زانی وردتر بیخەینەوە بەر زەین و وتی:

((ئەگــەر هاتوو ئێمە پشــتیوانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانمان دابیــن کردوو توانیمان لە ڕێی ئەوانەوە دەوڵەتێك تەبەنی ئەم پرۆســەیە بــکات و چەندین دەوڵەتانێکیش پشــتیوانی لێ بکەن کارێکی ئاســان دەبێــت بۆ بەرەو دەوڵــەت بــوون، ڕێگەیەکی تــر ڕێکەوتنە لەگەڵ حکومەتی عیراقیدا بە تەوافوق و بە جیابوونەوەیەکی ئاشتیانەو بوونی دوو دەوڵەتی کوردستان و عیراق وەك دوو هاوسێی باش لە تەنیشت یەکتر بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکان، ســێیەم فاکتــەر دەوڵەتێکی زلهێز پاڵپشــت بێت بــۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردســتان بــۆ ئەوەی پاش دامەزراندنــی دەوڵەتەکە لە مەترسییەکانی کە دەرهاویشتەی دروستبوونی دەوڵەتەکــەن بیپارێزێت لە ڕووی سیاســی و ئابــووری و ســەربازییەوە، هەندێك جار لە ڕێگەی دروســت بوونی ئاژاوەو تێکچوونی



د. شاهۆ سەعید
وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان
بۆ گوڵان:

**گۆڕینی خەونی سەربەخۆیی بۆ ئامانجی سەربەخۆیی بەبێ فەراهەمکردنی پێشمەرجە مێژوویی و واقعیەکان تەنها گۆڕینی دروشمێکە بۆ دروشمێکی تر**

نەخشــەی جیۆگرافی ناوچەکــە بە هۆی دەرهاویشــتەی جەنگەوە،وەك لەو دوو جەنگە جیهانیــەی یەکــەم و دووەم دەوڵەتــی زۆر دروســت بوون،ڕێگەی پێنجەم ئەوەیە کە لە ناوخــۆ ئەوەندە هێزێکی ســەربازی پتەوو بە توانامــان هەبێت کە منەتمــان بە هیچ کام لەو ڕێگایانەی کە پێشتر باس کران نەبێت تا بتوانین بەرگەی هەموو هەڕەشەو مەترسییەکان بگرین کە لە پــاش دامەزرانی دەوڵەت لێمان دەکرێت،ئەو فاکتەرانەی باســم کردن ئەگەر ئامادەکــراون و ئەو شــێوازو ڕێگایانەی کە باسمان کرد شك بەرین بەڵێ دەکرێت دەوڵەتی کــوردی ڕابگەیەنین ئەگەر ئامادەش نین با هەموومان پێکەوە ئامادەسازییان بۆ بکەین و چەند شێوازو ڕێگەیەك ئامادەبکەین تا پێکەوە بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان هەنگاو بنێین..))

**دەوڵەتی کوردستان وەك ئامانج**

زیندووتریــن نموونــە کە لــە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وەك کەموێنەترین نەتەوەی مێژوویی کە تا ئێســتا بــێ دەوڵەت بێــت و کە باس دەکرێت بریتییە لە کوردســتانی دابەشکراو، زۆربەی شــرۆڤەکارانی فکــری پێیان وایە گەر کــورد وەك یەکەیەکی نەتەوەیی خاوەنی دەوڵەتی خۆی بوایە دەبووە باندۆری بگۆڕو یەکلاکەرەوە بۆ ســەقامگیرکردنی تەناهی و ئاسایش و ئاشــتی بۆ دەوروبەریشی، بەڕێز (شاهۆ سەعید) بەم شێوەیە لێکدانەوەی خۆی هەبوو لە سیمینارەکەدا کاتێك وتی:

((لــە رووی تێرمــی فیکری سیاســییەوە «راگەیاندنی دەوڵەتی کوردســتان» وەک (ئامانج) پێناسە بکەین نەک وەک (خەون) یــان وەک (ئومێد) یــان وەک (مەتەڵ و ئەگەر). واتــە گواســتنەوەی تێرمەکە لە یۆتۆپیــاوە بۆ مێژوو وەک لە ناونیشــانی ســیمینارەکەدا هاتووە. چونکە هەمیشــە یۆتۆپیا مەدلولێکی فەنتازی ئایدیاڵی هەیە کە مرۆڤ چاوەڕوانــی دەکا، بەڵام مێژوو مەدلولێکــی واقیعی پراگماتــی هەیە کە مرۆڤ لەگەڵی دەژی. یۆتۆپیا زادەی خەون و ئومێدە بەڵام مێژوو زادەی بەریەککەوتنی ئامانجە جیاوازەکانە. لێرەدا مەبەستمان نییە لە بایەخی رەهەندی فەنتازی و یۆتۆپی مرۆڤ کەم بکەینەوە، بەڵکو مەبەســتمانە سیاسەت بخەینە نێوان دوو کەوانەوە وەک کایەیەکی ئەبستراکت لە پێوەندیدا بە تێرمی ئامانجەوە لێی بڕوانین، واتە گواســتنەوە لەو پرسیارەوە کە کوردستانی ســەربەخۆ وەک بەهەشت وێنا دەکا بۆ ئەو پرسیارەی کە کوردستانی سەربەخۆ وەک شوێنی پاراستنی بەرژەوەندی مرۆڤ دەبینێ؟)).

**کوردستانیبوونی دەوڵەت**

دواوەتر بەڕێز (شاهۆ سەعید) لە بابەتەکەیدا کۆمەڵێــك وتــەزای خســتە ڕوو کــە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت پێویســتن و سەبارەت بە کوردســتانیەت زیاتر بە هزرێکی لیبرالیەوە بیرۆکەکانی خۆی گەیاند کاتێك وتی

((لە بەشــێکی زۆری خاکی کوردستاندا جگــە لــە کــورد، تورکمان و عــەرەب و کلدۆئاشــورو نەتەوەکانی تر هەن، لە رووی پێکهاتەی ئاینییەوە موسڵمان و مەسیحی و کاکەیی و یەزیدی هەن، لەڕووی پێکهاتەی

مەزهەبییەوە لەناو موسڵمانانی کوردستاندا شیعەو سوننە هەیە. واتە پێناسەی کوردستانیبوون لەوە فراوانترە تەنیا لە کوردبووندا جێگەی ببێتەوە، سەرکردایەتی کورد بەم ئاراستەیە کاری نەکردووە، نەک لە ناوچە دابڕاوەکاندا بەڵکو لەناو هەرێمیشدا نەیتوانیوە پێکەوەگونجان لەنێوان هاووڵاتیاندا بسازێنێ و چەمکی هاووڵاتیبون جێگیر بکا.

بە درێژایی شۆڕشی کورد، ئەو شۆڕشەی لەژێر ناوی کوردایەتی ڕۆیشتووە، کێشەی سەرەکی گەلی کورد لەگەڵ داگیرکەراندا لەسەر ئەوە بووە کە داگیرکەران پێناسەی کوردیان نەسەلماندووە، واتە وەک گەلێکی جیاواز تەماشای کوردیان نەکردووە، بەڵکو وەک گەلێکی پلە دوو تەماشاکراوە. کاتێ گەلێک وەک پلە دوو تەماشا دەکرێ مانای ئەوە نییە جیاوازیی لەنێوان ئەو گەلە و گەلی سەردەست سەلمێندراوە، بەڵکو مانای ئەوەیە وەک هەمان گەلی پلە یەک ئەژمار دەکرێ بەڵام بە شێوێندراوی (واتە مەمسوخ). بۆیە لای تۆرانیەکانی تورکیا «کورد» وەک تورک تەماشا دەکرێ نەک نەتەوەیەکی جیاواز، بەڵام تورکێکی پلە دوو (تورکی شاخاوی)، لە ئێران کورد وەک گەلێکی تایبەت تەماشا دەکرێ بەڵام لە نەسیجی ئێرانیدا، وەک بەشە ڕەسەن و لادێیەکەی فارس، کە ئەوەش پچووککردنەوەیە بەڵام لە بەرگی ستایشدا. لەناو ناسیۆنالیستی عەرەبیشدا زۆرجار باس لە پێناسی ئاینی کورد، یان پێناسی مەزهەبیی کورد دەکرێ وەک برایەکی ئاینیی، ئەوەش نکوڵیکردنە لە لایەنە نەتەوەییەکەی پێناس.

لەبەر ئەوەی کورد دژی نکوڵکردن لە پێناسی نەتەوەیی خەباتی کردوە دەبێ کاتێ باس لە دەوڵەتی کوردستان دەکەین پێناسی کوردستانیبوون فراوان بکەین بەجۆرێک هەموو ئەو نەتەوەو ئاین و ئاینزایانە بگرێتەوە کە لەسەر خاکی کوردستانن، لەبەر دوو هۆی سەرەکی: یەکەم بۆ ئەوەی ڕەوایەتی ببەخشینە داواکاریی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان کە دەوڵەتێکە بۆ کۆتایی هێنان بە شۆڤێنیزم و دەمارگیریی نەتەوەیی گەلانی سەردەست دادەمەزرێ. دووەم: چونکە هەموو ناوچە سنووریەکانی کوردستانی باشوور ناوچەی فرە نەتەوەو فرە مەزهەبن، گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە پێویستی بە هەنگاوێکی لەو جۆرە هەیە. بەبێ گەڕانەوەی ئەو ناوچانەش قسەکردن لە دەوڵەتی کوردستان زیان لە ئامانجی سەربەخۆیی دەدا.))

**پلاندانان بۆ بردنەوەی داهاتوو**

ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە لە ڕابردوودا بیری نەتەوایەتی یەکێك بووە لە بەهێزترین فاکتەرەکانی شۆڕشەکانی کورد دژ بە داگیرکارانی بە تایبەتی لە سەدەی نۆزدەیەم و دوای ئەویشدا، بە ڕای بەڕێز (ڕێبوار سیوەیلی) بۆ ئەوەی لێکدانەوەمان بۆ داهاتوو بگۆڕین لە بابەتەکەیدا کۆمەڵێك پرس و بیرکردنەوەی خستە ڕوو کە دواتر خۆی لە قەرەی ئەم لێکدانەوەیەدا و گفتوگۆیەکی



**ڕێبوار سیوەیلی**
**سەرۆکی بەشی فەلسەفە لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین بۆ گوڵان:**

**لە جیاتی ئەوەی وزەی نەتەوەیی خۆمان بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەت خەرج بکەین، دەتوانین بیر لە دروستکردنی بکەینەوە**

زۆریشی لە لایەن ئامادەبووانەوە لەسەر وروژان سیوەیلی وتی ((سەردەمێکی نوێ ناچارمان دەکات بە دید و بیرکردنەوەیەکی نوێوە بچینە پێش و لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی تازەوە بیرلە خۆمان و کێشەکەمان، ئەم داهاتوو بکەینەوە. ئەم سەردەمەی نوێبیرە ناچارمان دەکات لەمەودوا، لەجیاتی ئەوەی چەقی بیرکردنەوەمان ئاراستەی ڕابردوو بکەین و لەگەڵ شکستەکانماندا خەمبارانە بچینە خەڵوەتەوە، داوامان لێدەکات جەخت بکەینەوە سەر بڕیاری هەنووکەیی و پلاندانان بۆ بردنەوەی داهاتوو. بەم مانایەش ئەگەر شەڕ و خەباتی ئێمە لە سەدەی بیستەمدا بەمەبەستی خۆسەلماندن و پیشاندانی پاساوێك بووە بۆ مانەوە، ئەوە بۆ شەڕی ئەم سەدەیەی ئێمەی کورد پێویستە خەباتکردنێکی هەمە لایەن بێت بۆ بردنەوەی داهاتوو. بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان لەو ئەنجامانە دووربخەینەوە کە هەتا ئێستا بەدەستمان هێناون، بەجۆرێ لە مەزڵومیەت و نائومێدییان گەیاندوین، ئەوە پێویستە لە سێ ئاستی پێوەندیدا سەرلەنوێ سیاسەتی خۆمان دابڕێژینەوە. ئاستی ناوخۆیی کە پێوەندیی بە کێشە سیاسی و ئابووری و ئیداری و ژینگەیی و ئەخلاقییەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە بە مەبەستی ئامادەکردنەوەی نەوەکانی داهاتوو تا بە ئینتیمایەکی نیشتیمانیانەوە، تا هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن و پەروەردەبکرێن.

دووەم لە ئاستی ناچەکەدا لە پەیوەندیمان بە دەوڵەتانی دراوسێوە کە لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە ڕێگرن لەبەردەم ئەوەی کورد دەوڵەتی خۆی هەبێت. ئەگەر لە پەیوەندیی بەمەوە دەوڵەتانی وەکو ئێران و تورکیا وەربگرین، ئەوە پێویستیمان بەوە دەبێ لە پەیوەندییەکانماندا گۆڕانکارییەکی نەوعی دروستبکەین و بزانین ئاخۆ چ کارتێکی سیاسی و ئابوورییمان هەیە تا لە خزمەت پرۆژە نەتەوەییەکەمان بەکاریان بهێنین و ئەو تێگەیشتنەیان لەلا دروستبکەین، کە بوونی دەوڵەتێکی کوردستانی ئارام بۆ ئەوانیش باشترە وەك لە پەنگخواردنەوەی کوردیانەی خەمە نەتەوەییەکان و بە هەڵواسراوی مانەوەیان. لە ئاستی پەیوەندیشماندا بە ڕای گشتی جیهانی و دەوڵەتانی ئەورووپا و وڵاتە زلهێزەکانەوە، پێویستە ئەو پێشەکیانە ئامادە بکەین، کە ئەوان لەسەریانەوە پشتگیریی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا دەکەن. بۆیە کۆی پرۆسەکە لە سەردەمی ئێستادا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و پێویستە لەماوەیەکدا کە بۆخۆمانی دادەنێین، پێنج ساڵ تا زیاتر، لە هەوڵی دروستکردنی ئەو بنەمایانەدا بین، بۆ ئەوەی ڕێگرییەکان لە دەمەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتدا کەم بکەینەوە و مەسەلەکە هەر بەوە کۆتایی نەیەت ببینە خاوەن دەوڵەت، بەڵکو ببینە خاوەن حکومڕانییەکی باش، کە توانای بەرەنگاربوونەوەی بارودۆخە ناوخۆیی و جیهانیەکانی هەبێت..

**مافی چارەنووسی هەر نەتەوەیەك بە پێی پرەنسیپە نێو دەوڵەتیەکان**

ئەگەر تەماشایەکی وردی پاکتی کۆمەڵەی نەتەوەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی بکەین بە ڕوونی دەردەکەوێت کە ڕێکخراوەکان لە نەتەوەکان (دەوڵەتەکان) پێکهاتوون و ئەو دارشتن و

ناواخنە تا ئەمڕۆش وەك خۆی ماوەتەوە، سەبارەت بە مافی سەربەخۆیی بوونی نەتەوەیەكیش بە پێی یاسا نێو دەوڵەتیەكان بەڕێز دكتۆر (شێرزاد نەجار) لە میانەی باسەكەی خۆیدا وتی:

((مەسەلەیەكی زۆر زەحمەتەو پێوەندی هەیە بە كۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و باڵانسی هێزەكانەوەو هەروەها پێوەندی بە ئاشتەوایی نێودەوڵەتییەوەیە، هەر شتێكیش بەمانەوە پێوەندار بێت ئەوا زلهێزانی دنیا قسەی لە بارەوە دەكەن بۆ ئەوەی بواری پێ بدەن یان بواری پێ نادەن، مافی چارەنووسی هەر نەتەوەیەك كە پێوەندار بێت بە ئاشتی نێودەوڵەتییەوە ئەوا ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكان و زلهێزانی دنیا بڕیاری لەسەر دەدەن، ئەم خاڵە بناغەیەكە بۆ ڕێكخستن و ئاسایشی نێودەوڵەتی و گرنگی زۆری پێ دەدرێت، لێرەدا ئاوڕدەدرێتەوە بۆ ڕاگەیاندراوی مافی مرۆڤ لەم بارەیەوە، یان بڕیاری كە لە مادەی دوو بڕگەی چواردا هەیە هەروەها ڕاگەیاندراوێكی زۆر گرنگمان هەیە لە ئەنجومەنی گشتی دەرچووە بە ژمارە٢٦ كە لە ١٩٧٠/١٠/٢٤ ئەمە پێوەنداره بە پێوەندییە نێودەوڵەتیەكان و ڕێكخستنیان لەوێدا بەندێكی گرنگ هاتووە پێوەندی بە مافی چارەنووسەوەیە تێیدا هاتووە(( ئەركی هەر دەوڵەتێكە ڕێگر بێت لەبەردەم هەر كارو كردەیەكی نابەجێ كە گەلان بێبەش دەكات لە بڕیاردان لە چارەنووسی خۆیان و سەرخۆبوونیان)) لەم خاڵەدا بە ئاشكرا گرنگی دراوە بە سەربەخۆیی و مافی چارەنووس و سەربەخۆیی گەلان، ئەم ڕاگەیاندراوە لە ١٩٧٠وە دەرچوێنراوە بەڵام لای ئێمە سوودی لێ نەبینراوە كەواتە فیقهی یاسای نێودەوڵەتی تەقلیدی پەرەی پێدراوە، مافی چارەنووس تەنیا لە ناو موستەعمەرات نەماوەتەوە بەڵكو كەوتۆتە ناو ئەو دەوڵەتانەشەوە كە لە چەندین نەتەوە پێكهاتبێت بەو مەرجەی كاریگەری خراپی بۆ ئاشتی نێو دەوڵەتی نەبێت و هەروەها بەو مەرجەی كە لە ژێر جەورو ستەمی حكومەتێكی ستەمكار بن و بیانەوێ ڕزگاریان بێت لە ژێر دەستی، ئەمە مافێكە لە ناو بنەماكانی یاسای نێودەوڵەتی))

**ڕەوایەتیدان بە جیابوونەوە لە دەستووردا**

بەدەرلە چوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتیەكان دواتر بەڕێز نەجاڕ لەسەر ڕەوایەتیپێدانی دەستوورەكان ئاخافت و لە بارەی پرسی سەربەخۆیی و جیابوونەوەی نەتەوەیەك لە دەوڵەتێكدا و وتی:

((لە ڕاستیدا بە دەگمەن مافی جیابوونەوەو مافی چارەنووس لە ناو دوتوێی دەستوورەكانی دەوڵەتان بوونی هەیە، تەنیا دەستووری ئەسیوبیامان هەیە كە لە ساڵی ١٩٩٤ دەرچووە لە مادەی ٣٧یدا هاتووە ئەو میللەتانەی سەربەخۆییان بیەوێت لە ناو وڵاتدا دەتوانن داوای جیابوونەوە بكەن، هەروەها دەستووری كۆمارێكی بچوك لە دەریای كاریبی لە دۆمینیكان پێی دەڵێن كۆماری سانت كیتس كە لە دەستووری هەمواركراوی ١٩٨٣ ماف دراوە بە لیڤیس كە ڕۆژێك لە ڕۆژان بتوانێت



د.شێرزاد نەجاڕ
سەرۆكی زانكۆی كوردستان
بۆ گوڵان:

## ئەو پەرەسەندنانەی لە یاسای نێودەوڵەتی لەمەڕ مافی چارەنووس كەوتۆتەوە لە دەستووری عیراق ڕەنگی نەداوەتەوە

جیابوونەوەی خۆی ڕابگەیەنێت كە ژمارەی دانیشتوانی ٤٩ هەزار كەسەو قەبارەی خاكیان٢٧٠ كیلۆمەتر دوجایەو فیدرالیەتن و لە كۆمنویلسی بەریتانیدان و لە ڕیزبەندی دەوڵەتاندا بە ژمارە ١٨٨ دێت، خۆی ١٩٥ دەوڵەتمان لە جیهاندا هەیە، دەستووری یەكێتی سۆڤیەت لە ١٩١٨ و ١٩٣٦ و ١٩٧٧ بەندێكی تایبەتی تێدایە بەم مافە كە دەتوانن كۆمارەكانی سەر بەوی جیابنەوە لە ڕووسیا، یەك دەوڵەت كە ئەویش فنلەندەیە بوار نادات بە جیابوونەوە كەواتە هەندێك دەستوور ئەم مافی جیابوونەوەیان تێدایە بەڵام چۆن دەتوانرێت ئەم مافە بەكاربهێنرێت، ئایا بە داخوازینامەیەكە یان بە مانگرتنە یان بە هانابردنە بۆ نەتەوەیەكگرتووەكان ئەمانەی تێدا دیاری نەكراوە، لە دەستووری ساڵی ١٩٩٨ی كەنەدا بە نیسبەت كیوبیك ئەمەی تێدایە كە بە ڕاپرسی بكرێت، هەروەها ئەوەی ئیرلەندای باكوور هەروایە، لە هەندێ دەستووردا وتراوە نابێت یەكێتی هەرێمایەتی پارچە پارچە بكرێت هەشیانە تێیدایە، ئەگەرچی دەستوورەكانی عیراقی بەندێكی وایان تێدا نییە بەڵام كە تەماشای سوێندخواردنی ئەندام پەرلەمان و سەرۆكی كۆمار و سەرۆكی وەزیران و وەزیران بكەیت ئیلتیزامێك دەخاتە سەر شانیان كە دەوترێت(السهر علی وحده العراق) لە ماددەی یەكەمی دەستوردا بڕگەیەك تێیدا هاتووە كە پابەند بوون بەو دەستووره خاك و گەل و سەروەری عیراق دەپارێزێت، تەفسیری پابەند بوون بەم دەستووره چییە، ئەمە تەمومژی تێدایە و گرێبەند كراوە بە دادگای باڵای فیدراڵەوە تا ڕوونیبكاتەوە، ئەمە لە دوا بڕگەی پێشەكییەكەو لە مادەی یەكیش هەیە، گرفتەكە لێرەدایە لە ئیجرائاتەكەیە، ئێستا چیك و سلۆڤاك بە دانوستان و دیالۆگ و ڕاپرسی تەواو بوو، سرب و میتینیگرۆ هەمان گرفتیان بە ڕاپرسی و ڕیفراندۆم چارەسەر كرد، یان كۆسۆڤۆ بێ ڕیفراندۆم یەك لایەنە سەربەخۆیی ڕاگەیاند، لە ساڵی ٢٠٠٨ بێ ئەوەی گوێبداتە هیچ لایەنێكی دەرەكی ئەو مەسەلەیە لە نەتەوە یەكگرتووەكان خرایە ڕوو ئەوانیش لە هەمان ساڵدا داوایان لە دادگای نێودەوڵەتی كرد ڕای خۆی بدات سەبارەت بەم مەسەلەیە ئەویش بۆ یەكەم جار لە مێژووی یاسای نێودەوڵەتی ڕایەكی گرنگی دا كە وتی ئەسڵەن كۆسۆڤۆ نابێ بێتە دادگاكەو پرسیارمان لێ بكات سەبارەت بە سەربەخۆیی، مادام ئەم ڕاگەیاندنی سەربەخۆییە دژ بە مەبدەئەكانی یاسای نێودەوڵەتی نییە ماف لای خۆیەتی، مافی جیابوونەوە دژ بە مەبدەئەكان نییە، پرسیارەكە ئەوەیە ئەو هەموو جینۆسایدەی بەسەر كوردا هاتون بۆ نەبووە بەڵگەیەك تا لە دانوستانی دانانی دەستووری ٢٠٠٥ داوا نەكرا بڕگەیەكی دیاریكراو لە ناو ئەو دەستووره دابنرێت تا لە دوا ڕۆژدا ببێتە مافێك بۆ كورد بتوانێت داوایەكی ئاوها بڵند بكاتەوە، چ بۆ ناوخۆی وڵات چ بۆ كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەكگرتووەكانیش، ئایا ئەوانەی لە داڕشتنەوەی دەستووردا بەشداربوون ئاگایان لەم مەسەلەیە نەبووە،چونكە یاسای نێودەوڵەتی لە چوارچێوە تەقلیدیەكەی دەرچووە ئێستا)) هەر لەم سیاقەدا خاتوو (سۆلاڤ كاكەیی) بەرسڤ و كۆڵەگەی بابەتەكەی زیاتر بە زمانێكی دەستووریانە

بوو، ئەم پێی وا بوو کە:
((مەودای سەقامگیریی دەوڵەت لەڕووی دەستووری و سیاسییەوە پەیوەستە بە ئاستەکانی تەبایی و پێکەوەژیان لەنێوان هەموو گرووپ و پێکهاتەکانی گەل، لەبەرئەوەی فەرامۆشکردنی کەمینەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کەمینەکان بەدوای چارەسەری دیکە بگەڕێن، دوور لە بژاردنی نیشتمانی، ئەویش لەڕێگەی پەنابردنەبەر بژاردنی نێودەوڵەتی کە ڕێگەدەدات بە دەستێوەردانی نێودەوڵەتی لەسەر سیادە و یەکپارچەیی خاکی وڵاتان بە بیانووی پاراستنی کەمینەکان.
هەربۆیە، باشترین بژاردن لەبەردەم ئەم جۆرە دەوڵەتانە — مەبەستم لە دەوڵەتانی فرەنەتەوەیە — زامنکردنی مافی کەمینەکانی لە دەستووردا، بەوشێوەیەی کە هەمووان بەشدار بن لە حوکمڕانی بەبێ دوورخستنەوەو فەرامۆشکردنی گرووپێك یان تەفزیلکردنی گرووپێکی دیکە. لەبەرئەوەی مەسەلەی فەرامۆشکردن و دوورخستنەوە یان تەفزیلکردن پەیوەستە بە ڕێژەی ئەو ئیمتیازاتانەی کە دەدرێت بە گرووپێك و گرووپەکانی دیکەی لێ بێبەش دەکرێت، ڕژێمی سەددام-ی لەناوچوو (١٩٧٩ — ٢٠٠٣) ئەم لایەنەی پیادە دەکرد لەڕێگەی بەخشینی پۆست و ئیمتیازات بۆ گرووپێکی دیاریکراو، کە عەرەبی سوننەیە، هەربۆیە و لەئاکامدا، عەرەبی سوننە لەڕووی نەتەوەییەوە عەرەبن و لەڕووی تایفەگەریشەوە سوننەن.
لەدەرئەنجامدا، تایفەی شیعە دووچاری کوشتن و ئەشکەنجەدان بوو — ئەمە وێڕای ئەوەی کە شیعە (عەرەب)یشە — هەمان حاڵەت کورد دەگرێتەوە کە ئەویش دووچاری کوشتن و کۆمەڵکوژی و جینۆساید بوو، ئەمە وێڕای ئەوەی کە کورد (سوننە)یشە.
لەڕاستیدا، لەمیانی پەیوەندیەکەی نێوان نەتەوە و دەوڵەت دوو بیردۆز لە فیقهی دەستووریدا هەیە، کە بریتین لە:
١. بیردۆزی ئەسبەقییەتی نەتەوە لەسەر دەوڵەت: وەکو نەتەوەی ئەڵمانی و ئیتاڵی، لەبەرئەوەی پێکهێنانی ئەم دوو نەتەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ پێش درووستبوونی دەوڵەتی ئەڵمانی و ئیتاڵی.
٢. بیردۆزی ئەسبەقییەتی دەوڵەت لەسەر نەتەوە: وەکو نەتەوەی ئەمریکی کە پاش دامەزراندنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێکهات.
لەبەرئەوەی چەمکی نەتەوە چەمکێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیە بۆیە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی ئەو وڵاتەی کە بیرمەندەکانی هەڵدەستن بە داڕشتنی پێناسەکەی، هەمان شت ئەو فاکتەرانە دەگرێتەوە کە گرووپەکانی لێ پێکدێت بۆ درووستبوونی نەتەوە.
لەبەرئەوەی ئەگەر بیرمەندەکانی ئنگلیز بیانەوێ باس لەسەر نەتەوەی ئنگلیزی بکەن ئەوە بێگومان زمانی ئنگلیزی وەکو فاکتەرێك وەردەگرن بۆ پێناسەکردنی نەتەوەکەیان و سەرنج نادەنە فاکتەری یەکێتیی جوگرافی لەبەرئەوەی فاکتەری جوگرافی کۆکەرەوەی



**د.ئاراس عەبدولکەریم**
**بەڕێوەبەری سەنتەری دیالۆگ**
**بۆ گوڵان:**

# هەڵهاتن لە مێژوو دەبێ کورتبکرێتەوە بۆ هەڵهاتن لە مێژووی دەوڵەتی نەتەوەیی نەتەوە سەردەستەکانی خۆی

نەتەوەی ئنگلیزی نییە کە لە جیهاندا بڵاوەیکردووە، خودی بەریتانیا تەنیا بریتیە لە چەند دوورگەیەکی پەرت‌ءبڵاو.
هەربۆیە، ئەو فاکتەرانەی کە گرووپێکی خەڵك دەکات بە نەتەوە — تەنانەت گەر یەك فاکتەر لەبەردەست هەبێت یان زیاتر — ئەوە بەوشێوەیەی لای خوارەوەیە:
یەکێتیی جوگرافی، یەکێتیی زمان، یەکێتیی ئایین، بەرژەوەندیی هاوبەش، ئیرادەی جەماوەری، مێژووی هاوبەش، چارەنووسی هاوبەش، داب‌ءنەریتی هاوبەش.. وتاد))
ئەمەی خاتوو سۆلاڤ لەسەری دەدوا لە زانستی ڕامیاریی و کۆمەڵناسی هاوچەرخیشدا کە باس دێتە سەر پێناسەی نەتەوە هەر پەنا دەبرێتە بەر ڕیزکردنی ئەو کۆڵەگانەی لە سەرەوە باسی لێ کردون..

**(نەتەوە)و (دەوڵەت) کامیان بەهای بوونی ئەوی دییە**

بەڕێز دکتۆر (ئاراس عەبدولکەریم) لە دوتوێی پێواژۆ سیاسی و یاساییەکەی دەوڵەت هاتە دەرەوە تا بە ماکە ئەنتۆلۆژیەکانی کە بە ناوچەوانی نەتەوەوەن شرۆڤە بکات بۆیە ئەم لە پوختەی قسەکانیدا وتی
((ناسنامەی تاکی سەر بە نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، مەحاڵە ناسنامەی هاووڵاتیەکی ئازادو سەربەخۆ بێت، لەحاڵەتێکدا نەتەوەیەکی سەردەستە ناسنامەی نەتەوەیی ئەمی خستبێتە پەراوێزەوەو لەنێو مێژووی خۆیدا چەپاندبێتی، لەباشترین حاڵەتدا هاووڵاتیەکی پلە دوو یان خوارترەو مەسەلەی بوونی سیستمی دیموکراسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی مەحاڵە سروشتی هیچ سیستمی سیاسیی نەتەوەیەکی سەردەستە بێت کە ئازاد و سەربەخۆیی نەتەوەیەکی تری پێشێل کردبێ.
ناسنامەی کورد لە ڕەهەندە مێژوویەکەیەوە و بەحوکمی پارچەکردنی نەتەوەو دابەشکردنی بەسەر چەند دەوڵەتێکی نەتەوەییدا، گەورەترین کێشە لە فڕێدانی ئەم نەتەوە پارچەکراوەیە بۆنێو مێژووی چەند دەوڵەتێکی نەتەوەیی دی و پارچەکردن و بگرە شێواندنی مێژووی خۆیەتی.
لێرەوە ئەگەرچی گوتاری سیاسی-ناسیونالیزمی و تەنانەت ئەدەبیی کوردیش سیخناخن لە دەستەواژەی وەک (ئێمە قوربانیی دەستی مێژووین) و (غەدرێکی مێژوویمان لێکراوە)، وێڕای ڕاستی ئەم بۆچوونەش بەڵام ئیشکالیی گەورە لە مامەڵەکردنی ئێمەیە لەگەڵ مێژوودا و وێناکردنێتی لە فۆرمی دۆزەخێکدا کە لەدەستی هەڵبێین، هاوکات بوونی کورد دەبێتە بوونێکی زۆر پاسیف و بۆخۆی دەبێتە بابەتێک تا لەنێو مێژوودا ئیشی لەسەر بکرێت، واتە وەک کاراکتەرێکی ئاکتیف لەدەرەوەی مێژوو ڕادەگیرێت.
هەربۆیە مەسەلەی هەڵهاتن لە مێژوو دەبێ کورتبکرێتەوە بۆ هەڵهاتن لە مێژووی دەوڵەتی نەتەوەیی نەتەوە سەردەستەکانی خۆی، تا ئەم دابڕانە مێژوویە ئەنتۆلۆجیەش ڕوونەدات، ئەستەمە کورد بتوانێ بچێتەو نێو مێژووی خۆی یان ڕاستتر بڵێم لەنێو مێژوودا شوێنێکی دیارو کاریگەری خۆی هەبێت، هەڵبەتە ئەم هەوڵە بەردەوام هەبووە، شۆڕش و ڕاپەڕینە نەتەوەییەکانی کورد ڕەنگە جدیترین ساتەوەختی مێژووی ئەم نەتەوەبووبن

بۆ ئەو دابڕانــە لە پەراوێزبوون و گەڕانەوەی بۆ نێو مێژوو.

بەگەڕانەوەشــمان بۆ پرســیارە ئەنتۆلۆجیە ســەرەتاییەکەی (بوون و بەها)، کەبۆخۆی پرسیارێکی ئەرەستۆییانەیەو دواتر فارابی و کندی وەک پرسێکی فەلسەفی هێناویانەتە نێــو دنیای ئیســلامەوە و دواجار لای ئیبن سینا (بەوحوکمەی سەردەمی ئەو سەردەمی زێڕینی پرســە فەلســەفیە گەورەکان بووە) بووەتە دیارترین پرس کەلای ئەو هەمیشــە



## سۆلاڤ کاکەیی
خوێندکاری دکتۆرا
بۆ گوڵان:

**دەوڵەتی نەتەوەیی بایەخی خۆی هەیە لە چۆنیەتی وەدیهێنانی سەقامگیری و پێشکەوتن بۆ گەل**

(بەها) لەپێــش (بوون)ەوەیەو ئــەوە بەهایە کە مانایــەک دەدا بە بوونی هەر شــت و بونیادێــک، بەتەنها بــۆ خواوەند نەبێ کە بوون و بەها لای ئەو دەبنە یەک شــت کە دەلالەت بدەنە حەقیقەتێک کە ئیبن ســینا بە (واجب الوجود) ناوی دەبات، لێرەشــدا و تایبەت بەم باسە، ئەگەر ئەو پرسە بوروژێنین کەداخۆ ناســنامەی نەتــەوەو مێژووەکەی کامیان بەهایەو مانایەک دەبەخشێتە بوونی ئەوی دی و لەوێشــەوە (نەتەوە)و (دەوڵەت) کامیان بەهای بوونی ئــەوی دییە و داخۆ ئەوە بوونی دەوڵەتە کە مانایەکی دروســت دەداتە ناســنامەی نەتەوە یاخود ناسنامەی مێژووییانــەی نەتەوەیە کــە بەهاو ئیعتیبار دەبەخشــێتە (دەوڵەتی نەتەوەیــی)، بەڕای من ئــەم دوو چەمکە بــۆ حاڵەتی کوردی بەشێوەیەک یەکانگیرو تەواوکەری یەکترین کە هەمان دۆخی پەڕگیرییانە (اســتثنائی)ی (واجــب الوجود)ـەکەی (ئیبن ســینا) دەیگرێتەوە. واتە بەبێ بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی بون (کەینوونە)ی نەتەوە ناسنامەو مێژووەوە لەگەڵ کەینوونەی ئینسانی کورددا هەمیشە لە قەیرانێکی قووڵی ئەنتۆلۆجی و مێژوویيدا دەمێنێتەوە. بوونێک کە وێڕای ئەوەی ســەر بە دنیــاو ژینگەی خۆی نییــە، هاوکات بوونێکــی زۆر پەراوێزییانــەی نامێژووییانە دەبێت، هەربۆیە پرســی (دەوڵەتی نەتەوەیی) بۆ کورد دەبێتە ئەو پرســە سەرەکییەی کە بتوانــێ لەم ڕەهەندەوە وەڵامێکی ئەو قەیرانە بداتەوە.

### فەلسەفە واتە دەوڵەت دروستکردن

فەلسەفە وەك توخمێك لە دەستنیشان کردنی چەمکی نەتەوەو دەوڵەتیشدا ڕۆڵی کارانگاز دەگێڕێت چونکــە کاتێك باس لــە دەوڵەت بکرێت پێویســتە باس لە فەلسەفەش بکرێت بەڵکو پێویســتە زمانــی دەربڕینی دەوڵەت فەلســەفیانە بێت بۆیە (مامۆســتا (نەوزاد جەمال) چمکی ئەم بابەتە هەســتەوەرەی لە ســیمینارەکەدا گرتبوو بەڕێزیان لە پوختەی گەیاندنی مەبەستەکانی بابەتەکەیدا وتی ((دەوڵەت بێ فەلســەفە نابێ. فەلسەفەش ناتوانێ بێ دەوڵەت و قەوارەیەکی سیاســی و یــا فۆرمێــک لەپەیمان و گرێبەســتی کۆمەڵایەتی، بەئاســایی جێگیربێ. ئەگەر سەیری بارودۆخی کوردستان بکەین، دەبینین فۆرمــێ لە گەشــەو چوونــە قۆناغێکەوە لەزۆربەی بوارەکانــدا وایکردووە «خوێندنی فەلســەفە»ش بایەخــدارو پێویســتیەکی. بەتایبەت کات و دەرفەت و ســەرپەرژان بۆ مشتومڕی فەلســەفیی و هزری لەئێستادا زێتر لەئارادایە.

-فەلسەفە واتە دەوڵەت دروستکردن، بەچەند بەڵگەیەک:

١- لەروانگــەی مێژوویيــەوە دەســتپێکی فەلســەفەی سیســتماتیک و دامەزراندنی ئەکادیمییای ئەفلاتــون، هاوزەمەنە لەگەڵ بیرکردنەوە لەپرسی دەوڵەت و فەرمانڕەوا کە لە کتێبی «کۆمــار»دا ڕەنگدەداتەوە. پێش ئەو مێژووە دەقی فەلســەفی و بەشێوەیەکی سیستماتیک و خاوەن پرۆژەیەک لەژێر باری تێزێکدا نەنووســراوە. کەواتە نووسینی دەقی فەلسەفی، لەراســتیدا بەندە بەرەنگڕشتن بۆ دەوڵەت. هاوکات فەلســەفە لای ئەفلاتون ڕۆڵی پــەروەردەکاری دەگرێتەبەر، چاوبڕینە ڕۆڵی فەلســەفە لەکۆمەڵگــەدا، بنیاتنانی دەوڵەتێ دا کە حکومەتێکی داوەری بیبات بەڕێــوە. کەواتە پرۆژەی فەلســەفە تەریبە بەپرۆژەی دەوڵەتسازی.

٢- فەلســەفە، واتە دەوڵەت لەسەر ئاستی هزریی. دەوڵەتیش واتە فەلســەفە لەئاستی بیرکردنەوەدا. بۆیە وەکچۆن دەبێ فەلســەفە لەرەوتێکــی تیۆرییکەوە بــڕوات بۆ کاری ســەرتاپاگیر لەزەمینەی واقیعدا، ئاوەهاش دەوڵەت پێویســتی بــە بنەمایە لەســەری دابمەزرێ و دەستینشانبکرێ. بەدەربڕینێکی تر: فەلسەفە دەوڵەتی یا مەملەکەتی هزرە، ئەقڵ فەرمانڕەواو ئاستی باڵای بڕیاردانە.



## د.حەیدەرلەشکری
سەرۆکی بەشی مێژوو لە زانکۆی کۆیە بۆ گوڵان:

**کێشەی میرنشینەکان لە کۆمەڵگەی کوردی ئەوە بوو کە زیاتر لە میرێک هەبوو کە ئەوانیش بەسترابوونەوە بە سوڵتانێکەوە یان خەلیفەیەکی بێگانەوە**

٣- فەلسەفە بیرکردنەوەیەکی رادیکاڵ-بنەرەتی و بونیادییە، دەوڵەتیش پرۆسەیەکی بنەمایی و بناغەییە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی سیاسی لەسەر ئاستێکی باڵا کە سیستمی ئەقڵ تێیدا بەکارە. دەوڵەت وەک «پێکهیاتەیەکی ئەقڵیی» لەسەر ئاســتێکی بەرزی سیاسی هەڵدەسوڕێ، وەک تەونێکــی ڕێکخــراوو پێکەوەگرێــدرا بەبەرنامەیەکــی ئەقڵانی کاردەکات. کەواتە: دەوڵــەت مەنزومەیەکی ئەقڵــی و فۆرمێکی پێشکەوتوە لە «کۆمەڵگە» و هاوکات شێوازی بریاردان و رایکردنــی کاروبارو پەیوەندیەکانی کە بەگشتی ئەقڵانیەت رەنگی تێدادەداتەوە یا

دەبێت ئەقڵانی بێ.
بۆیە پرسی «دەوڵەت» لەفەلسەفەدا لەروانگەی پرسیارێکی بونیادییەوە شرۆڤەدەکرێ کەئەویش پرسی زەرورەتی دەوڵەتسازی و مەسەلەی رەوایەتییە: بۆ دەوڵەت دەبێ هەبێ؟ ئایا پێویست و زەرووره و ناچارییە؟ ئەی ئەگەر دەوڵەت نەبوو، چیدەگۆڕێ لەژیانی ئێمەدا؟ ئامانج و مەبەستە شیاوەکانی دەوڵەت و سنورەکانی چالاکی کامانەن؟ کێ فەرمانڕەوایەتیی دەکات؟ «بۆ دەبێ من ملکەچی دەوڵەت بم، ئەگەر رەوایەتی لەبڕیارو کارەکانی دا نەبێ»؟ چەندان پرسیاری تر. دەکرێ فەیلەسوفی دەوڵەت هیگڵ (١٧٧٠-١٨٣١) وەڵامی هەنێ لەو پرسیاران بداتەوە. بابزانین لەبارەی دەوڵەتەوە چیدەڵێت: «دەوڵەت مارشی- خۆنمایشکردنی خودایە لە جیهاندا». دیارە هیگڵ لە کتێبی Hegel>s Philosophy of Right:Third) (Part: Ethical Life،-iii. The State دا پێیوایە دەوڵەت :

١- بەدیهاتن، بەهەقیقتبوونی ویستی گەورە و هەستپێکراوە لەمێژوودا. دەستپێکی مێژوو، دەستپێکی سیاسەتە. پێش مێژوو، سیاسەت بوون نییە، کۆمەڵگەنییە. لەبەرئەوەی دەوڵەت، واتە هاتنە نێو مێژووەوە.

٢-بەدیهاتنی ئازادیی کە دواهەمین ئامانجی دەوڵەتە. رێکەوتن و تەبایی نێوان بەرژەوەندی گشتی و ئازادی تاکەکەسە لە مێژوودا تەنها لەنێو دەوڵەتدا دەبێ.

٣-دەوڵەت دامەزراوەیەکی ئیتیکیە- ئەخلاقییە. لەبەرئەوەی یەکگرتنەوەی بەرژەوەندی گشتی و تایبەتە لەو فەزا رێکخراوەدا. بۆیە فەزیلەت بریتییە لە خودئاگایی لەهەستوسۆز و ئینتما بۆ دەوڵەت.

٤-دەوڵەت ئەقڵە لەسەر زەوی، بەدیهاتنی هۆشیارەنەیە لەوێدا ئەقڵ لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی بریتییە لە یەکخستن یا یەکگرتنی «بەرژەوەندی گشتی» و «ئازادی تاکەکەسیە». بۆیە «ئەوەی ئەقڵانییە واقیعە، ئەوەشی واقیعیە ئەقڵانییە». واتە دەگاتە تێزێکی دیار کە ئەقڵ لە وقۆناغە مۆدێرنەدا بۆتە واقعێ و ئەقڵانیەت بۆتە رەوشێکی گشتی ژیان و کۆمەڵایەتی ئەقڵ/ دەوڵەت.

٥-پەیمانی کۆمەڵایەتی دروستکردنی متمانە، بەرژوەندی گرنگە لەگەل یەکتردا. دەوڵەت بەجێهێشتنی دۆخی سەرەتایی و سروشتییە بۆ قۆناغێک بەرزتر لەژیاندا.

٦-دواجار هیگڵ پێیوایە هاتنەدی دەوڵەت، بەرجەستبەوونی رۆحی رەهایە. واتە هەقیقەتی پاراستن و ناسنامەی و دانپێدانی هێز و سەلماندن ویەکلاخستنەوەی پەرتەوازەی و بێ سەروبەریی کۆمەڵایەتی و سیاسیە. بۆیە دەبێ هەموو کۆمەڵگەیەک گەشەکردنی خۆی لە قەوارەی دەوڵەتدا بکات و بگاتە لوتکەی پەرەسەندنی خۆی. هەقیقەت لەتەوابوونی پرۆسەکەدا دێتەدی. واتە کاتێك مرۆڤەکان رێکخراوێکی سیاسی پێکدەهێنن، ئەوجا بەهۆی ئەقڵەوە بەئازادانە و وپێکەوە بڕیارێك بدەن کە چۆن بژین و کۆمەڵ و پەیوەندیەکانی رێکبخەن. چونکە قۆناغی دەوڵەت لە قۆناغە سەردەمێکدایە کە مرۆڤ وابەستەی پێداویستیەکانی ژیانێتی.



**نەوزادجەمال**
**مامۆستای بەشی فەلسەفەی کۆلێژی ئەدەبیات بۆ گوڵان:**

## بیرکردنەوە لە پرۆژەی دەوڵەتی کوردستان، هێندە لەخۆڕادیتینێکی سیاسی و دیپلۆماسیە، ئەوەندەش دەرەقەتێکی فەلسەفی و بوێریەکی هزری دەوێ

**کەواتە**

- لەپرسی دەوڵەتدا، پرسیاری بوون و ویستی گشتی دەبێتە ویستی «ئێمە»، هەروەها لەوێدا دەبێتە «یەك» و «هەموو یەکێک». ئەمەش بۆ ئێمە لەکوردستان پێداویستیەکی کولتورییە، جا سیاسی.
- راستە دەوڵەت هەر ئامرازێک نییە بۆمانەوەی ئێمە وەك «نەتەوەیەك»، چونکی کورد پارێزگاری لەخۆیکردووە لەو رووەوە، بەڵکو بوونێك کەلەبەر خۆیەتی و بەخۆی دەبێ. واتە بوونێکە دواجار لەدەوڵەتدا دەبێتەخۆی. کەواتە دەوڵەت بەدیوێکدا سەربەخۆیی ئۆنتۆلۆجییە. کەواتە ئامانجیشە لەهەمان کاتدا.
- بەرجەستەبوون بەرژەوەندی گشتیە، واتە بەرژەوەندی تاکەکان کەپێکەوە پێیان وابی ئەو بەرژەوەندی کەهەیانە بەبێ دەولەت ناپارێزرێ و تەنها لەو چوارچێوەدا دەکرێ مافێکی یاسایی و دەستوری سەبارەت بەوە هەبێ و کەسێتی یاسایی خۆی بسەلمێنرێ.

لێرەوە بیرکردنەوە لەپرۆژەی دەوڵەتی کوردستان، هێندە لەخۆڕادیتینێک سیاسی و دیپلۆماسیە، ئەوەندەش دەرەقەتێکی فەلسەفی و بوێریەکی هزری دەوێ. کەواتە پاش ئەم هەموو نزیکایەتی و پەیوەندیەی دەوڵەت بەفەلسەفەوە، چەندیین پاساو و بەهانە بۆ دروستکردنی دەوڵەت لەئارادان کەئێمە پشت ئەستوربین لەرووی تێوریەوە.

### میرنشین بچوککراوەیەکی دەوڵەت

دکتۆر (حەیدەر لەشکری) بابەتەکەی تیشك خستنە سەرو خوێندنەوەی ستراکتۆرو پێوەندییەکانی ئەو سەردەمە مێژوویە بوو کە میرنشینەکوردییەکان تێیدا حاکمداربوون و لە ڕووی پێکهاتەو ئیتنۆسی و ڕۆڵیان لە مێژوودا باسی کردن و وتی

(( کە دەڵێین میرنشین ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە میرنشین دەوڵەت نییە، چونکە دەوڵەت دیاردەیەکە بەو فۆرمەی کە ئێستا هەیە لە سەدەی شازدەیەم بە دواوە هاتۆتە ئاراوە، کە دەڵێین دەوڵەت نییە مانای ئەوە نییە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی نادەوڵەتییە، وەك زانایانی ئەنسرۆپۆلۆژی باس لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکانی پێ دەکەن، ئەگەر میرنشین دوا ئاکامی هەوڵی خێڵ بوو بێت بۆ دروستکردنی سیستمێکی سیاسی، پێویستە ئەوە بزانین کە ئەو ئیدیۆلۆژیایەی لە پشتەوەی ئەم هەوڵەو بەردەوامیی مێژوویە بریتیە لە تیرەگەری، ئیبن خەلدون لەم بارەیەوە کە باسی کوردی کردووەو ئەزموونی مێژوویی هەڵسەنگاندون، کە لە هەوڵدا بوون بۆ پەڕینەوە لە یاخیبوونی خێڵەوە بۆ جێگیربوون، ماوەی درێژی تەمەنی میرنشینەکان ٦٠ تا ٦٢ میرنشین بوونیان هەبووە،لە فیقهی ئیسلامیدا ئەم میرنشینانە پێناسەیان بۆ کراوە، کە کۆنترۆڵی ناوچەیەکی داگیرکراویان کردووە، کێشەی میرنشینەکان لە کۆمەڵگەی کوردی ئەوە بوو کە زیاتر لە میرێك هەبوو کە ئەوانیش بەسترابوونەوە بە سوڵتانێکەوە یان خەلیفەیەکەوە کە ئەمانە هەر یەك بە جودا لەوی تر ئینتیمای خەڵکیان بۆ خۆیان ڕادەکێشا، تا ئێستاش بە ڕەمزکردنی ئەم میرنشینانە لە وتاری سیاسی کوردیدا ماوەتەوە کە زیان بە پێگەی نەتەوەیی و یەك ئۆرگانی نەتەوە دەگەیەنێت کە مەرجێکن بۆ دروست بوونی دەوڵەت، بە واتای نابێت کارکردنی میرنشینانە بمێنێت لە کوردستاندا)).

# کۆمەڵگای کوردی
# کۆمەڵگایەکی کراوەی - داخراوە
# (Open- Closed Society)

## دووەم: ئایین و ئایینزاکان



ئازا حەسیب قەرەداخی

لە بابەتی پێشـــوودا لەبارەی داخرانی خێزان و کرانەوەی هەردوو ســـتمی بنەماڵە و عەشـــیرەتەوە قســـەمان کرد، بەوەیش یەکێك لە نیشانەکانی سستمی کراوەی —داخراوی کۆمەڵگای کوردیمان خســـتە روو. لەســـەروو ئەم پێکهاتە و یەکـــە کۆمەڵایەتییانەوە و پێشـــکەوتووتر لەمان، چینە کۆمەڵایەتییەکانمـــان هەن کە لە ڕێچکەی مێژوودا بە پێی دابەشـــبوونی دووانەی دەرەبـــەگ – جووتیار و خاوەنکار و کرێـــکار و پێکهاتە چینایەتییەکانـــی نێوانیان کۆمەڵگا دابەشبووە بەسەر پلە کۆمەڵایەتییەکاندا.

چ لە ناو دابەشبوونی دووانەیی کە لە رابردوودا دروستبووە، هەروەها لە پاشی گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و ئەو پەیوەندییانەی لەم ســـیاقەدا دروست بوون و نەماون و شێوازی نوێی پەیوەندی شوێنی گرتوونەتەوە، تا گەیشتووە بە باری ئێستای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە لە شێوازی پلەبەندی نوێی کۆمەڵایەتیدا و لە فۆرمی دابەشبوونێکی نوێدا فۆرمەلە بووە و هێشـــتا دڵەمەیە، کرانەوە خەسڵەتی سستمی چینایەتییە لە کۆمەڵگای کوردیدا.

پلەبەندی چینەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا، سستمێکی کراوەیـــە و دەرفـــەت بۆ کەســـەکانی دەڕەخســـێنێ کە بە پلیکانەکانی پۆلبەندی چینایەتیدا لە خوارەوە بۆ ســـەرەوە هەڵکشـــێن یان بێنە خوارەوە. هەروەهـــا ڕێگەیش دەدات کە کەسانی دیکە لە دەرەوەی بازنەی خۆی بێنە ناوییەوە و لە ناوەوە بە پلیکانەکانی پێگە کۆمەڵایەتییەکانیدا سەرکەون.

بەشێوەیەکی گشتی سستمی چینایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا سستمێکی کراوەیە و هەرگیز، لە هیچ قۆناغێکی مێژووییدا سستمی کاستی داخراوی بەخۆوە نەبینیوە و تاقی نەکردۆتەوە. تەنانەت لەم رووەوە هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی نییـــە کە کۆمەڵگای کـــوردی بە قۆناغـــی کۆیلایەتیدا تێپەڕی بێت و دابەشبوونی چینایەتی کۆیلە و خاوەن کۆیلە، واتە دابەشـــبوونی کاســـتی داخراو هەبووبێت. لەمبارەیەوە گریمانـــەی ســـەرەکی ئەوەیە کە کۆمەڵـــگای کوردی لە کۆمەڵگاکانی (شـــێوازی بەرهەمهێنانی ئاســـیایی)ـە کە لە قۆناغی کۆمۆنەی ســـەرەتاییەوە هەڵکشاوە بۆ قۆناغی دەرەبەگایەتی بێ ئەوەی بە قۆناغی کۆیلایەتیدا تێپەڕێ. بۆیە ســـتمی چینایەتی کاستی تێدا دروست نەبووە و لە یەکەمین دابەشـــبوونی چینایەتییەوە، سستمێکی کراوەی تێدا پەیڕەوی کراوە.

> **گریمانەی سەرەکی ئەوەیە کە کۆمەڵگای کوردی لە کۆمەڵگاکانی (شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی)ـە کە لە قۆناغی کۆمۆنەی سەرەتاییەوە هەڵکشاوە بۆ قۆناغی دەرەبەگایەتی بێ ئەوەی بە قۆناغی کۆیلایەتیدا تێپەڕێ**

ئێســـتایش کە پێوەری سەرەکی بۆ پۆلبەندی چینایەتی لە کۆمەڵـــگای کوردیـــدا بریتییە لە دەستنیشـــانکردنی ســـنووری کۆمەڵایەتی (هێزی کار)، ئەوا دیسانەوە ئێمە لەبەردەم هیچ سستمێکی داخراودا نین، بەڵکو بەپێچەوانەوە، توانا و دەرفەتی رەخســـاو و میکانیزمی لەباری کاریگەر زۆرن بـــۆ بزاوتی کۆمەڵایەتـــی و جووڵەی کەس و گرووپە کۆمەڵایەتییـــەکان لەناو پۆلبەنـــدی چینایەتیدا و بەهۆی شـــارەزایی و لێهاتوویی و توانای کەسیی و خوێندەواری و خودان بڕوانامە و کۆششەوە کەسەکان دەتوانن بە پلیکانەکانی پلە کۆمەڵایەتییەکاندا ســـەرکەون و لە چینەکانی سەرەوەدا شوێن بۆخۆیان فەراهەم بکەن.

ســـەرەڕای ئەو راســـتییەی ســـەرەوە کـــە بونیادەکەی بۆ پێکهاتـــەی پەیوەندییـــە کۆمەڵایەتییـــە ئابوورییەکان دەگەڕێتەوە، کەچی هێشـــتا لەناو کۆمەڵـــگای کوردیدا ســـستمی چینایەتی داخراو کۆتایی نەهاتووە و پێکهاتەی ئەوتـــۆی تێدان کە تەواو داخراون و هیچ بوارێکیان تێدانییە بـــۆ بزاوتی کۆمەڵایەتـــی. ئەم داخرانە زۆرتـــر لەو یەکە کۆمەڵایەتییانـــەدا هەن کە ئایین و ئایینزا بنەمای بوون و دروستبوونیانن.

جگە لە ســـستمەکانی خێزان و بنەماڵە و عەشـــیرەت و چین، لایەنێکی دیکەی پێکهاتەی ســـستمی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا لەســـەر بنەمـــای ئایین و ئایینزا دامەزراوە و هەمـــوو کۆڵەگە و میکانیزمەکانی پۆلبەندی تێیدا پشتئەستوورە بەو پرینسیپانە کە لە ئایین و ئایینزاکانەوە ڕێگەیان پێدراوە.

زۆربەی حەشـــیمەتی کۆمەڵگای کوردی موســـڵمانن، زوربەی هەرە زۆری موســـڵمانانیش سوننە مەزهەبن. ئەم مەزهەبەش تا رادەیەکی زۆر لە ســـستمە کراوەکانە، مەگەر هەنـــدێ حاڵەت نەبێ کـــە لە ڕێبازە ســـۆفیگەرییەکانی «قـــادری» و «نەقشـــبەندی» و هی دیکـــەدا بە دی دەکرێـــن. بەتایبەتیش لـــەوەدا کە یاســـای وەرگرتنەوەی پێگەی شـــێخی تەریقەت بۆتە کنێتی و بە میرات کوڕ لە باوکی وەریدەگرێتەوە. هەرچەندە لەســـەرەتای دروستبوونی ڕێبازەکاندا ئەمەیش وەها نەبووە.

جێی ســـەرنجە کە لە مەزهەبی ســـوننەدا، ســـەرەڕای ئەوەی هەڵکشان بۆ شوێنگەی بەرزی ئایینی خاوەنەکەی دەباتە پێگەیەکی ڕێزلێگیراوی کۆمەڵایەتی و خودان قسە

حیساببۆکراو، وەلێ هەمیشە و بەشێوەیەکی رەها مەرجدار نییە بەوەی هەڵکشانی چینایەتیشی لەگەڵدا بێ و هاوکات خاوەنەکەی بکاتە خودان موڵك و ماڵ و سامان و بەرژەوەندی ئابووری بەرز. بە هەزاران نموونەی مەلا و زانای ئایینیی لە کۆمەڵگای کوردیدا هەن کە لە رووی شوێنگەی ئاینیی و زاناییەوە وان لە بەرزیدا و رێزلێگیراون و هەزار حیساب بۆ قسە و گوفتاریان دەکرێ و لە مەسەلە فیقهییەکاندا پرسیان پێدەکرێ، وەلێ ژیان و گوزەرانیان ئاسایی یان خوار ئاساییە و هەندێکیشیان کوللەمەرگانە دەژین.

لەم پەیوەندییەدا ئەوەی دەمێنێ، کە پێویستە وەکوو راستییەکی روون ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە (شێخ) کۆڵەگەی سستمی ئایینییە لە کۆمەڵگای کوردیدا. شێخیش یەکێکە لە کۆڵەگە هەرە سەرەکییەکانی سستمی چینایەتی دەرەبەگایەتی لەم کۆمەڵگایەدا و (زوربەی شێخەکان تەقوا و پیرۆزیی خۆیان موتوربە کردووە بە توانایەکی وردبینانەی بازرگانی و سیاسی. ناوبانگ دەرکردن بۆ شێخ کە کەراماتی زۆرە، لە راستیدا رێگەیەکی مەیسەرە بۆ ئەوەی دەوڵەمەند ببێ. چەند شێخ وەکوو خودان پیرۆزیی ناوبانگی دەرچێ و باس بکرێ، ئەوەندەیش مورید و زیارەتکەرانی زۆرتر دەبن. لەلایەك دەبێ شێخ خزمەتیان بکات و خۆراك و چایان پێ بدات، وەلێ هاوکات مورید و زیارەتکەرانیشی دەبێ پارە و دیاری جۆراوجۆر لەگەڵ دەستیان بهێنن بۆ شێخ. زۆر لە شێخەکانی کورد بوونەتە خاوەن خانووبەرە و زەویوزار لەو دیارییانەی دەوڵەمەندان پێیان دەبەخشن بەرامبەر ئەو شەفاعەتەی شێخ لەلای خوا بۆیان دەکات)[١].

شێخەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا، لەپاڵ «سامانی روحی» سامانی ئابووریشیان هەیە، جگە لە زەوی، خانووبەرە و بازرگانی و کارگەی پیشەوەری و پیشەسازییان هەیە و جۆرێك خزمەتکردن لە مورید و هەوادارەکانیان داوا دەکەن کە (خەسڵەتی دەرەبەگانەی هەیە و تەنانەت هەنووکە ئاغا و سەرەك عەشیرەتەکانیش ناتوانن لە رەعییەتی خۆیانی داوا بکەن)[٢]. بەواتایەکی دیکە شێخ لە کۆمەڵگای کوردیدا هێزی رووحی ـ ئایینی و هێزی ئابووری و هێزی سیاسی لەیەکتر موتووربە کردووە. کەواتە مەزهەبی سوننە، بە هەموو رێبازەکانییەوە، جووت سستمییە. لە بونیادی خۆیدا، شابەشانی سستمی کراوە، سستمی داخراویشی لە هەناودایە و رادە و پلەی هەر یەکێکیشیان پەیوەستە بە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و سستمی سیاسی و ئایدیۆلۆژیای باو کە دواجار ئەم فاکتەرانە ئاراستە و رێچکەی کۆمەڵگا بەلای کرانەوە یان داخراندا، لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر یەکلادەکەنەوە، ئەمەیش لەبەرئەوەی (ئایین وەکوو هەر دیاردەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو گۆڕانکارییانە کە لە دۆخی ئابووری و سیاسی و کولتووری و فیکریدا روودەدەن، دەرەنجام رێیەك بۆ ئاینیش نامێنێتەوە لە غەیری ئەوەی خۆی بگونجێنێ لەگەڵ دۆخی نوێدا)[٣]. بە گووتەی دکتۆر «رشاد میران» ئەوەی لە کۆمەڵگای کوردیدا باوە ئەوەیە کە شێخێکی ناسراوی پایەبڵند سەرۆکایەتی رێبازێك دەکات و دەبێتە رێنیشاندەر «مورشید» و سەرۆکی روحی هەوادار و پەیڕەوان و موریدەکانی ئەو تەریقەتە، هاوکات لە ژیانی رۆژانەو کاروباریشیاندا ئەو شێخە کۆنترۆڵی بیروڕا و ویژدان و هەڵسوکەوتیان دەکات، تا دەگات بە ماڵ و سامانیان بەڕێوە دەبات.

به گوێرەی بزاوت لەناو تەریقەتدا، پەیوەستە بەو پلانەوە کە تەریقەتەکە هەیەتی، جا هەر کەسێ بیەوێ ببێتە موریدی شێخ پێویستە لەسەردەستی شێخ تۆبە بکات و ئیتر دوای ئەوە بە پلەکانی تەریقەتدا سەردەکەوێ، وەلێ ژمارە و جۆر و ئەرکەکانی ئەم پلانە لە تەریقەتێکەوە بۆ تەریقەتێکی دیکە زیاد و کەم دەکات و دەگۆڕێن. هەروەها ماوەی خایەنراو بۆ هەڵکشان لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی دیکە لەناو خودی تەریقەتێکدا و لە تەریقەتێکەوە بۆ یەکێکی دیکە زیاد و کەم دەکات.

دیوێکی دیکە هەیە لەبارەی ئەم رێبازە سۆفیگەرانەی ناو مەزهەبی سوننە کە پەیوەستە بە بابەتی ئێمەوە لەبارەی کرانە و داخران و بزاوتی کۆمەڵایەتییەوە و پێویستە رۆشنایی بخەینە سەر، دەرکەوتن و دروستبوونی ئەم تەریقەتانەیە وەکوو پەرچەکردارێك بۆ هەڵکەوتێکی سیاسی و ئابووری و فیکری باو و زاڵ کە رێی لە هەموو جۆرە بزاوتێکی هەڵکشاودا گرتووە و بە پاساوی جۆراوجۆری ئایینی و کۆمەڵایەتی، نەیهێشتووە خەڵك لە کەشێکی ئاساییدا و بەپێی توانا و لێهاتووییان بە پلیکانەکانی پۆلبەندی کۆمەڵایەتیدا سەرکەونە سەرەوە. نمونە لەو بارەیەوە دەرکەوتنی رێبازی نەقشبەندییە کە لە دۆخێکدا هاتە ئاراوە کە رێبازی قادری ببووە رێبازێکی زاڵ و (بەشێك لە سستمی سیاسی دەسەڵاتەکەی میرنشینی بابان. لە کاتێکدا پشتگیری و کۆمەکی ئەو دەسەڵاتەی دەکرد کە لەناو کۆمەڵگادا گۆڕانکاری قوڵ و ریشەیی روویان دابوو، توێژگەلێکی کۆمەڵایەتی دروست ببوون ناکۆکیان لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە کۆنەدا هەبوو. ئا لەم دۆخەدا رێبازی نەقشبەندی وەکوو هێزێکی بەرهەڵستکار هاتە ئاراوە و رووبەڕووی سستمی سیاسی ـ ئایینی میرنشینی بابان بۆوە، بۆیە زۆر ئاسایی بوو کە خەڵك لە دەوری ئەم رێبازە نوێیە کۆببنەوە)[٤]. بەو هیوایە کە سستمێکی نوێ و هەڵکەوتێکی ئابووری باشتریان بۆ فەراهەم بکات و رێگەی بزاوت و هەڵکشانی کۆمەڵایەتی و ئابوورییان بۆ بکاتەوە.

لە ساڵی ١٩٢٠ دا لەلایەن هەندێك لە پەیڕەوانی رێبازی نەقشبەندییەوە رێچکەیەکی نوێ دەرکەوت کە دواتر بە (هەقە) ناسران و تایەفەیەکی نوێی ئایینزاییان پێکهێنا. بە گوێرەی کرانەو داخران و بزاوتی کۆمەڵایەتییەوە لە پەیکەری رێکخراوەیی ئەم رێچکەیەدا، خودان خەسڵەتی کۆمەڵایەتی تایبەتی خۆیەتی، لە وتارێکی دیکەدا رۆشنایی دەخەینە سەر.

**رێبازی نەقشبەندی وەکوو هێزێکی بەرهەڵستکار هاتە ئاراوە و رووبەرووی سستمی سیاسی ـ ئایینی میرنشینی بابان بۆوە. بۆیە زۆر ئاسایی بوو کە خەڵك لە دەوری ئەم رێبازە نوێیە کۆببنەوە**

**ئایین وەکوو هەر دیاردەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو گۆڕانکارییانە کە لە دۆخی ئابووری و سیاسی و کولتووری و فیکریدا روودەدەن. دەرەنجام رێیەك بۆ ئاینیش نامێنێتەوە لە غەیری ئەوەی خۆی بگونجێنێ لەگەڵ دۆخی نوێدا**

**سەرچاوە:**

**١- برونسن، مارتن فان، الآغا والشیخ والدولة، البنی الإجتماعیة والسیاسیة لکردستان، ترجمة أمجد حسین، معهد الدراسات الإستراتیجیة، ج٢، ط١، بغداد-أربیل-بیروت، ٢٠٠٧.ص ٥٢٩**

**٢ - هەمان سەرچاوە، ص٥٣٠**

**٣- میران، رەشاد، رەوشی ئایینی ونەتەوەیی لە کوردستان، کتێبی سەنتەری برایەتی، چ٢، هەولێر، ٢٠٠٠.ص٥٦**

**٤- هەمان سەرچاوە، ص٦١**

# کۆتایی گەمەکە لەسوریا



دەیڤید رۆمانۆ*

مانگی جارێک
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

لەکاتێکدا من ئەم ستوونە دەنووسم، کەمتر لەهەفتەیەك بەسەر تەقینەوە خۆکوژیەکەی دیمەشقدا تێدەپەڕێت، کە چەند بەرپرسێکی باڵای ڕژێمی ئەسەدی تێدا کوژرا. لەکاتێکدا شەڕ لەچەند گەڕەکێکی دیمەشق دەستی پێکردەوە، ئەوا ڕاپۆرتەکانیش باس لەوە دەکەن کە سوپای سوری ئازاد دەستیان بەسەر چەند دەروازە و ناوچەیەکی سنووریدا گرتووە لەبەشێکی باکووری وڵاتەکەدا، و ڕژێمەکەش جار بەجار لەهەوڵ و کۆششدایە بۆ گەڕاندنەوەیان. هێزەکانی ئەسەد و دامەزراوە ئیدارییەکانی لەژمارەیەك ناوچەی کورستانی سوریا دەکشێنەوە، دوای ڕۆیشتنیشیان خەڵکەکە بەخێرایی دەست دەکەن بە بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان.

ئەگەرچی ڕەنگە ڕژێمەکەی ئەسەد بۆ ماوەیەکی زیاتریش خۆی ڕاگرێت، بەڵام زۆربەی لایەنەکانی نێوخۆ و دەوروبەری سوریا پێیانوایە ڕووداوەکانی ئەم دواییە کۆتایی گەمەکەی ئەسەدە. لەگەڵ هەستکردن بەنزیکبوونەوەی ڕووخانی ڕژێمەکە، پشتیوانانی ئەسەد هەر دەروازەیەك بەدی بکەن خۆیانی لێ دەرباز دەکەن، یاخود هەوڵی خۆپاراستن و خۆقایمکردن دەدەن لەدیمەشق و لەباکووری ڕۆژئاوای وڵاتەکەدا کە عەلەویەکان تێیدا نیشتەجێن. هەر لەگەڵ بیستنی ئەم دەنگۆیەشدا خەڵکانێکی زیاتر بەئاشکرا پشتیوانی خۆیان بۆ موعارەزە ڕادەگەیەنن.

لەکاتێکدا پێدەچێت تین و تاوی ڕاپەڕینەکە لەبەرژەوەندی شۆڕشگێڕان بێت، ئەوا کوردەکانیش زیاتر ئامادەن بۆئەوەی دووبارە شەڕی ڕژێمەکە بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، لەبری ئەوەی بچنە پاڵ موعارەزەی سوری کە بەرەیەکی فراوانترە، کوردەکانی سوریا بانگەشەی ئەوە دەکەن توانا و مافی ئەوەیان هەیە ناوچەکەی خۆیان ڕزگار بکەن. ئەوان ڕێگا نادەن سوپای ئازادی سوری لەناوچەکانی ژێر دەستی ئەواندا کار و چالاکی بکەن. لەوەش زیاتر، پێدەچێت پارتی یەکێتی دیموکراتی کە پارتێکی سەر بەپەکەکەیە، هاوکاری لەگەڵ پارتە کوردیە سوریەکانی دیکەدا بکات. بەدەربڕینێکی دیکە، کوردەکان ستراتیجیەتێکیان هەیە، کە کەم تا زۆر ستراتیجیەتێکی یەکگرتووە، کە هاوشانە بەبوونی تێڕوانینێك بۆ ململانێی دەسەڵات لەدوای ڕووخانی ئەسەد.

کوردەکان پێویستیان بەم یەکێتیە هەیە، لەبەر ئەوەی دۆخی دوای ڕووخانی ئەسەد دۆخێکی ئاسان نابێت. ئەو لایەنە موعارەزە غەیرە کوردیانەی لەلایەن تورکیاوە پاڵپشتی دەکرێت دەکەونە ژێر فشارەوە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی کوردستانی سوریا بکەن، بۆ ئەوەی ناوچەکە بەتەواوەتی نەکەوێتەژێر دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی پەکەکەوە. هەروەها عەرەبەکانی سوریا حەماسێکی کەم، بەڵام بایەخداریان هەیە بۆ گروپە ئیتنیەکان، نەك بۆ مافە تاکەکەسیەکان. ئەگەر بەرە فروانترەکەی موعارەزە بەڕەوتێکی خێرا و بەشێوەیەکی کارا ئیدارەیەکی کارا لەدوای ڕووخانی ئەسەد دابمەزرێنێت، ئەوا کوردەکانی سوریا ئەکەونە ژێر فشارێکی بەهێزەوە بۆ ئەوەی ملکەچی بکەن. بەڵام ئەگەر لەلایەکی دیکەوە، کەوتن و ڕووخانی ئەسەد گۆمی خوێن و تۆڵەسەندنەوە لەدژی عەلەویەکان بەدوای خۆیدا بهێنێت بەچەشنێك سەربکێشێت بۆ شەڕێکی ناوخۆیی سەرتاسەری و ڕاستەقینە، ئەو کاتە ڕەنگە کوردەکان بوارێکی زیاتریان هەبێت بۆ ئەوەی پایەی ئیدارەیەکی خۆبەڕێوەبەری لەناوچەکەی خۆیاندا بچەسپێنن. ڕەنگە چاویان لەوە بێت لەهەر سیناریۆیەکی لەم چەشنەدا بەخێرایی بجووڵێن بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر هەر «ناوچەیەکی ناکۆکی لەسەر» بچەسپێنن، بۆ ئەوەی خۆیان لەو قەیرانە دوورودرێژە لابدەن کە




براکانیان لەعێراقدا بەدەستیەوە گرفتار بوونە. بێگومان ئەم ستراتیجیەتە هەڵگری مەترسی گەورەیە و ڕەنگە دەرگا بەڕووی سەرکوتکردنی کوردستانی سوریای تازە دروستبوودا بکاتەوە، بەچەشنی ئەوەی ڕژێمی ئیسلامی نوێ لەئێران هەوڵی کپکردنەوەی کوردستانی ئێرانیدا لەسەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا.

ئەوەی پێوەندی بەئاکامە ناوچەییەکانی ڕووخانی ئەسەدەوە هەبێت، ئەوا هەمان گرنگی ڕووخانی ڕژێمەکەی موبارەکەی دەبێت. بە ڕەچاوکردنی ئەوەی هێشتا بەرپرسانی کۆنی سوپا «الحرس القديم» بەچەندین شێوە دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرتووە، ئەوا ڕەنگە کۆتایی هاتنی ڕژێمەکەی ئەسەد مەترسیدارتر بێت. ڕکابەری و کێشمەکێشی نێوان هێزەکانی شیعە و سوننە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەنێویاندا ئێران، حزبوڵا، تورکیا و سعودیە بەئەندازەیەکی گەورە لەبەرژەوەندی کامپی سوننە دەشکێتەوە. لەدوای جەنگی کەنداوی ١٩٩٠ و ڕووخانی دەسەڵاتی سەددام حوسێن لەساڵی ٢٠٠٣ـەوە ئەمجارەیان گەورەترین دەرگا و دەرفەت لەبەردەم ئومێد و ئامانجە بەرفراوانەکانی کورددا دەکرێنەوە. ناکۆکی عەرەب- ئیسرائیلیش پێدەنێتە قۆناغێکی نوێ و نادیارەوە. لوبنانیش هەلی خۆڕزگارکردنی لەچنگی سوریا و حزبوڵا بۆ هەڵدەکەوێت. ڕوسیا تاقە بنکەی دەریای خۆی لەتەرتوس و گرنگترین هاوپەیمانی خۆی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەدەست دەدات. ئەگەر ڕووخانی ئەسەد شەڕی ناوخۆ بەدوای خۆیدا بهێنێت، ئەوا زیاتر لەئێستا توندوتیژی و شەپۆلی پەنابەران دۆخی ناوچەکە ناسەقامگیر دەکەن. ڕەنگە مەسیحیەکانی سوریا، کە گەورەترین پێکهاتەی مەسیحین لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناچار بن وڵات جێبهێڵن بۆئەوەی دووچاری هەمان چارەنووسی هاوئاینەکانیان لەعێراق نەبنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە مەترسیدارترین گۆڕانکاری، گۆڕانکاریەکی سایکۆلۆجی بێت. ئەگەر شۆڕشگێڕانی سوریا توانیان بێ دەستێوەردانی دەرەکی ڕاستەوخۆ ڕژێمەکەی ئەسەد لەبەرژەوەندی خۆیان بڕووخێنن، کە ئەگەری زیاتر لەئارادایە ئەم کارە بکەن، ئەوا تەواوی ئایندەی «دەوڵەتی پۆلیس» دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. بەهەمان شێوەی هاوەڵە بەعسیەکانیان لەعێراق، حکومەتی سوریا لەڕێی ترس و ئیمتیاز بەخشینەوە حکومڕانی دەکرد. ڕکابەر و ڕەخنەگرانی حکومەتیش یان ئاوێتەکرابوون و خرابوونە لیستی مووچەخۆرانی حکومەتەوە یاخود بەشێوەیەکی دڕندانە سەرکوتکرابوون. سوپا و پۆلیس لەهەموو گۆشە و کەنارێکدا بوونیان هەبوو. زیاتر لەدەرزەنێك دەزگای نهێنی ناوخۆیی سیخوڕیان بەسەر سەرجەم هاووڵاتیانەوە دەکرد، تەنانەت سیخوڕیشیان بەسەر یەکەوە دەکرد. ئەو کەسانەی بچووکترین مەیلیان هەبوایە بۆئەوەی دژی حکومڕانەکانیان قسە بکەن، دەبوو چاوەڕێی گرتن و ئەشکەنجەدان بکەن. هێشتا ناتوانین وێنا و خەیاڵی ئەوە بکەین کە چۆن شۆڕشێکی جەماوەری توانیتی لەناو خەڵکەوە تەحەددیەکی جددی ڕژێمەکە بکات- شۆڕشێك کە لەسەر شەقامەکان بەرپا بوو نەك زادەی کودەتایەك بووبێت کە لەسەر ئاستی فەرماندە باڵاکان ڕایەڵەکانی تەنرابێتن-. هەر کاتێك بتوانرێت تەلیسمی ئەم خەیاڵە بشکێنرێت، ئەوا بیرۆکەی نەبەزینی دەوڵەتی پۆلیسی زەبر و گورزی بەردەکەوێت.

*** ئوستادی سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی میزوری**




## ئارام نیرگوزیان لەسەنتەری CSIS بۆ گوڵان:

# بارودۆخی سوریا درێژەدەکێشێت و لەئاییندەیەکی نزیکدا چارەسەر نابێت و بەئاسانیش چارەسەر نابێت

**پرۆفیسۆر ئارام نیرگوزیان یەکێکە لەتوێژەرە باڵاکانی ئامۆژگای سەنتەری دیراساتی ستراتیژی و نێودەوڵەتی (CSIS) و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر هەردوو ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا لەسەر پرسەکانی ئاسایش و ستراتیژیەتی ململانێکانی نێوان ئەمریکا و ئێران و تەحدیەکانی شەڕی ناوخۆ لەدابەشکردنی کۆمەڵگە، هەروەها بۆ ئێستای بارودۆخی سوریا نیرگوزیان بەیەکێك لەو شرۆڤەوانە سیاسیانەی کە لەسەر ئاستی جیهان بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی سوریا پێوەندی پێوەدەکەن و خاوەنی ئەو ڕاپۆرتەیە کە بۆ ئامۆژگای CSISی ئامادەکردووە لەسەر باری نەسەقامگیری سوریا ئەگەر دەستێوەردانی نێودەوڵەتی ئەنجامبدرێت، بۆ شرۆڤەی زیاتر سەبارەت بەڕەوشی ئێستای سوریا و هەوڵەکان بۆ گۆڕینی ڕژێمی ئەسەد، گوڵان ئەم وتووێژەی لەگەڵ پرۆفیسۆر ئارام نیرگوزیان ئەنجامداوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

*** بارودۆخی سوریا بەچەشنێکە کە ئەگەری ئەوە هەیە لەهەر ساتەوەختێکدا کارەساتێکی مرۆیی لێبکەوێتەوە، ئایا سوریا بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت لەکاتێکدا هێشتا ئەسەد لەدەسەڵاتدایە و ئایا پێشبینی دەکرا دۆخەکە بگاتە ئەم حاڵەی ئێستا؟**

- دەبێت واقیعی بین لەوەڵامدانەوەدا، چونکە چەندین فشاری سیاسی، کۆمەڵایەتی ئابووری هەن لەو وڵاتەدا، ئێستا فشارێکی دیکەش زیادی کردووە کە بریتییە لەفشاری تائیفی، وەك-کێشەی نێوان- مەسیحیەکان، عەلەویەکان و سوننەکان و بەدڵنیاییەوە کەمینەی کوردەکانیش، هەموو ئەم فشارانە دەبنەهۆی ئاڵۆزکردنی هەر هەوڵێك بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی جێگیر بۆ بارودۆخی سوریا، تەنانەت ئەگەر سبەینێ ئەسەد واز لەدەسەڵات بهێنێت، یاخود حکومەتێکی نوێ لەسەر بنەما و ڕێککەوتنی دابەشکردنی دەسەڵات پێکبهێنرێت، تەنانەت ئەگەر باشترین حکومەت پێکبێهرێت، ئەوا دەبێت بۆ چەندین ساڵ ڕووبەڕووی کاریگەریەکانی ئەم فشارانە ببێتەوە، هەڵسەنگاندنی من بۆ دروستبوونی ناسەقامگیری دوای ١٧ تەمموز لەنائارامی و ڕاپەڕین، ئەوەیە کە ئێمە دەیەیەك لەناسەقامگیری لەسوریادا دەبینین، کە زەحمەتە هیچ شتێك لەمانە لەئاییندەیەکی نزیکدا کۆتاییان پێبێت. تاکە شتێك لێی دڵنیابین لەسەر ئاستی ناوخۆیی ئەوەیە هێشتا پاڵنەرێکی کەم هەیە چ لەلای ڕژێمەکەی ئەسەد و پشتیوانەکانی و چ لەلایەن چەکداران و موعارەزە لەلایەکی دیکەوە. واتە هیچ هەوڵ و کۆششێکی ڕاستەقینە نییە بۆ گەیشتن بەسازشێکی سیاسی یاخود بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ بۆ گەیشتن بەچارەسەرێك، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو دابەشبوونە قووڵ و یەکلاکەرەوەیە کە لەنێوان شیعە و سوننەکاندا هەیە لەناوچەکەدا، لەنێوان وڵاتانی کەنداو و ئێران و ئەو جەمسەرگیریەی ئەم ناکۆکیە بەدوای خۆیدا دەیهێنێت، لەگەڵ ئامادەنەبوونی

هیچ لایەك بۆ سازشكردن، هەروەها بارودۆخەكە بەهۆی فاكتەرێكی دیكەوە ئاڵۆز بووە كە بریتییە لەبوونی دابەشبوونێكی گەورە لەنێو لایەنە نێودەوڵەتیەكانی وەك ئەمریكا و ڕوسیا و نەتەوە یەكگرتووەكان لەبارەی ئەوەی باشترین ستراتیجیەت چیە یاخود دەبێت چ جۆرە هەوڵێك بخرێتەگەڕ یاخود پشتیوانی لەچ كۆششێك بكرێت، هیچ شتێك لەمانە من گەشبین ناكات لەبارەی ئەوەی لەئاییندەیەكی نزیكدا چارەسەرێك بدۆزرێتەوە. ئەگەر بەڕاشكاوی قسەبكەین ئەوا زۆرێك لەهەڵسەنگاندنەكان لەبارەی هێزی ڕژێمەكەی ئەسەد و هێزی موعارەزەوە هەڵكشان و داكشان بەخۆیانەوە دەبینین، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەم دۆخە درێژەدەكێشێت و لەئاییندەیەكی نزیكدا چارەسەر نابێت و بەدڵنیاییەوە بەئاسانیش چارەسەر نابێت ئەگەر هەوڵی دەستنیشانكردنی ئەو فشارانە نەدرێت كە لەحكومڕانی و سیاسەت و خودی كۆمەڵگەكەوە سەرچاوە دەگرن، ئیتر پەیوەست بێت بەكەمینەی عەلەویەكان یان زۆرینەی سوننەكان یاخود گروپە كەمینەكانی دیكە بێت كێشەی ناسنامەیان هەیە وەك كوردەكان، هەموو ئەم مەسەلانە پەیوەستن بەم پرسەوە.

*** هەمیشە نیگەرانی هەبووە لەبارەی ڕۆڵی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی كە ترسی هەیە لەدەستێوەردانی سەربازی بۆ سنووردانان بۆ ئەو كوشتارەی ڕووبەڕووی مەدەنییەكان دەبێتەوە لەلایەن ئەسەدەوە، یاخود هیچ هەوڵێكی نەداوە بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتەكەی ئەسەد، پرسیارەكە ئەوەیە تاكەی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی شایەتحاڵی كوژرانی ڕۆژانەی خەڵكی مەدەنی دەبێت؟**

- سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم كە لەپێوەندیدا بەسورریاوە شتێك نییە بەناوی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە، چونكە هەمووان دابەش بوونە لەم ڕووەوە، دووەم ئامادەنەبوونی ئەكتەرە نێودەوڵەتیەكان وەك ڕوسیا و چین و وڵاتانی ئەورووپا و وڵاتانی ناتۆ و تەنانەت وڵاتانی كەنداویش بۆ ئەوەی بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ دەستێوەردان بكەن، لەبەر ئەوەی هیچ یەكێك لەم وڵاتانە ناتوانێت ناسەقامگیری سوریا چارەسەر بكات، یاخود ڕەنگە بكەونە ململانێ و ڕكابەری لەسەر بەرژەوەندیە نەتەوەییەكانیان، بەڵام ململانێكردن پێویست بەدەستێوەردانی سەربازی ناكات كە دەبێتەهۆی ئەوەی ئەوەندەی دیكە بارودۆخەكە خراپ بێت، تەنانەت لەگەڵ درێژەكێشانی بازنەی توندوتیژی و لەگەڵ بەرزبوونەوەی ژمارەی قوربانییەكان، هەروەها لەم ڕووەوە ئەزموونی عێراقی لەبەردەستە، با نەچینە سەر ئەزموونی لیبیا، لەبەر ئەوەی دابەشبوونێكی تائیفی هەیە لەعێراقدا و لەسەر ئاستی ناوچەییش گرژی لەنێوان شیعە و سوننەكاندا هەیە، هەموو ئەمانە لەوڵاتێكدا ڕوودەدەن كە جبەخانەی چەكی كیمیایی هەیە و سیستمی بەرگری ئاسمانی هەیە، هەروەها ئەوەی زیاتر دۆخەكەی ئاڵۆز كردووە ئەوەیە ئەگەر دەستێوەردان نەكرێت ڕەنگە ئەو چەكانە بڵاوببنەوە، ئەگەر دەستێوەردانیش بكرێت ڕەنگە نەتوانرێت پارێزگاری لەسەلامەتی ئەو چەكانە بكرێت، لەبەر ئەوەی ئەو كاتە ئەو كەسانەی لێی بەرپرسن شوێنەكانی خۆیان چۆڵدەكەن و جێیدەهێڵن، باس لەوە دەكرێت كە ڕۆژئاوا یان وڵاتانی كەنداو دەیانەوێت دەستێوەردان بكەن بۆ پاراستنی گیانی مەدەنییەكان، ئەمە مەسەلەكە نییە، بەڵكو مەسەلەكە پتر پەیوەستە بەپرسی سەقامگیری و بڵاوبوونەوەی چەك و مانەوەی سوریا بەیەكگرتووی، دوایین مەسەلە مەسەلەی مرۆییە. هەروەها لەئەمریكا هەڵبژاردن دەكرێت ئەمەش وای كردووە قورس بێت بۆ هەر سەركردەیەك كۆماری بێت یان دیموكراتی، لەكۆشكی سپی بێت یان لەدەرەوەی كۆشكی سپی كە بەشێوەیەكی واقیعی ڕاسپاردەی هەبێت لەبارەی سوریاوە، لەكاتێكدا زۆربەی ئەمەریكیەكان هەوڵدەدەن بزانن بەڕاستی چی لەسوریادا دەگوزەرێت. كەواتە ئەمە كات و كۆششی زیاتری دەوێت.

**هەڵسەنگاندنی من بۆ دروستبوونی ناسەقامگیری دوای ١٧ تەمموز لەنائارامی و ڕاپەڕین، ئەوەیە كە ئێمە دەیەیەك لەناسەقامگیری لەسوریادا دەبینین**

**هیچ هەوڵ و كۆششێكی ڕاستەقینە نییە بۆ گەیشتن بەسازشێكی سیاسی یاخود بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ بۆ گەیشتن بەچارەسەرێك**

*** كەواتە تاكو ئومێد مابێت بریتییە لەموعارەزە و شەڕی چەكدارەكان، لەبەر ئەوەی هیچ هیوایەك بەچارەسەری ئاشتیانە نەماوە، هەروەها نە موعارەزە باوەڕی بەگفتوگۆ ماوە لەگەڵ ئەسەددا و نە ئەسەدیش هیچ چاكسازیەك دەكات، واتە تا ڕێگاچارە بریتییە لەپشتیوانیكردن لەموعارەزەی سوری، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا دەتوانرێت لەڕێی موعارەزەی سوریەوە ڕژێمی ئەسەد بڕووخێنرێت؟**

**لەپێوەندیدا بەسوریاوە شتێك نییە بەناوی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە**

- تەحەددی بەردەم ڕژێم و موعارەزە ئەوەیە كە ئەم ڕژێمە بۆ ماوەیەكی زۆر دەسەڵاتی بەدەستەوەیە و دووچاری دژواری بۆتەوە لەهەوڵەكانیدا بۆ ڕیشەكێشكردنی موعارەزە، كە موعارەزەیەكی نامەركەزیە و لەبنكە و شوێن و ناوچەیەكی دیاریكراودا جێگیر نییە تاوەكو بكرێتە ئامانج، ئەمەش وا دەكات ئەم كارە زۆر قورس بێت. هەروەها موعارەزەش ناتوانێت ئەو ڕاستیە بگۆڕێت كە تا ئێستا نەیتوانیوە ئیختیراقی توانای سەربازی ڕژێمەكەی ئەسەد بكات كە تا ڕادەیەكی گەورە وەك خۆی ماوەتەوە، هەروەها بەشێكی زۆری خەڵكی سوریا هەن كە خوازیاری ڕژێمەكەی سوریا نین، بەڵام لەگەڵ ئەو ئاراستە سیاسیەدا نین كە موعارەزە دەگیرێتەبەر. زۆرێك لەهاوڵەكانم ئەو پرسیارەم لێدەكەن ئایا موعارەزە چارەسەرە؟ وەڵامەكەی من ئەوەیە ئایا چارەسەرە بۆچی؟ چونكە ئەگەر دۆخێك بێتەوە پێشەوە ئەسەد دەسەڵات جێبهێڵێت، ئەوا هەل و مەرجێك دروست دەبێت كە هێزەكان لەنێو خۆیاندا بەهەمان شێوە دەكەونە ململانێ، لەنێو سوپای یاخیبوودا لایەنی عەلمانی هەیە، هەروەها كەسانی ئیسلامی یان ئایدۆلۆجیستی هەن، ئەوان لەئێستادا یەكگرتوون لەبەر ئەوەی شەڕی ئەسەد دەكەن، بەڵام كاتێك ئەم هەڕەشەیە بوونی نەما، ئەوا دووبارە دەگەڕێنەوە بۆ دۆخی ململانێكردن لەگەڵ یەكدا، هەر ئەمەش هۆكاری ئەوەیە كە زۆرێك لەسوریەكان خوازیاری مانەوەی ئەسەد نین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خوازیاری ئەو ئاراستە سیاسیە نین كە موعارەزە گرتوویەتیەبەر. هەروەها لەپێوەندیدا بەموعارەزەی سوریەوە كەس دڵنیانییە ئایا چیتر ئەنجومەنی نیشتیمانی ڕۆڵێكی ماوە ببینێت، چونكە ئەوەی لەئێستادا بەدی دەكرێت ئەوەیە كە ئەو هێزانەی لەسەر ئەرزی واقیع شەڕی ڕژێمەكەی ئەسەد دەكەن بوونەتە جێی سەرنج و بایەخدان. پێشبینی من ئەوەیە كە نەك وەك كۆنگرەی نیشتمانی عێراقی، ئەوا ئەنجومەنی نیشتمانی سوری ڕۆڵ نابینێت



داهاتووی سوریا یان لەسەر مێزی گفتوگۆ، بەڵکو ئەوانەی ڕۆڵ دەگێڕن پێکدێن لەوانەی شەڕدەکەن و ئەوەی لەڕژێمەکەی ئەسەد یان کەمینەی عەلەوی دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوە من چارەسەرێك نابینم، بەڵکو ئەوەی هەیە چەند سیناریۆیەکە، یەکێك لەو سیناریۆیانە بریتییە لەڕێککەوتنی نێوان گروپە جیاوازەکان، کە لەباشترین حاڵەتدا ڕێککەوتنە لەسەر پیادەکردنی فیدراڵیەت و لەخراپترین حاڵەتیشدا دابەشبوونی وڵاتەکەیە و جیابوونەوەی گروپە جیاوازەکانی وڵاتەکەیە، ئێمە ئێستا ئەو فشارە لەنێو کوردەکان و عەلەویەکاندا دەبینین. سیناریۆیەکی دیکە درێژەکێشانی دەسەڵاتی ئەسەد و بەردەوامبوونی بازنەی توندوتیژیە و کەسیش نازانێت ئەوە تاکەی بەردەوام دەبێت و چۆن کۆتایی دێت، سیناریۆیەکی دیکە بریتییە لە چارەسەرێکی سیاسی، کە پێموایە ئەو چارەسەرەش یان زۆر دوورە یان زۆر لێی دووركەوتووینەتەوە. کەواتە ئەمانە ئەو سیناریۆیانەن لەبەردەم سوریادا.

*** ئێستا ڕۆژئاوا خوازیاری ڕووخانی دەسەڵاتی ئەسەدە، بەڵام لەبەر ئەوەی دڵنیانییە چ هێزێك دوای ئەو دەسەڵات دەگرێتەدەست، ئەوا ترسی هەیە لەوەی پاڵپشتیەکی گەورەی ڕووخاندنی ئەسەد بکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك ئەم ترسە دۆخەکە ئاڵۆز دەکات؟**

- بەدڵنیاییەوە ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی پرۆسەی بڕیاردان لەڕۆژئاوا ئاڵۆز بکات، بەڵام وڵاتانی کەنداو تێڕوانینێکی تاکتیکیانەیان هەیە، ئەوان بایەخ بەئاییندەی درێژخایەنی گرووپە کەمینەکان یان سەقامگیری کۆمەڵایەتی و ئابووری نادەن، بەڵکو ئەوان تەرکیز لەسەر ڕووخاندنی ئەسەد و پشتیوانی لەو هێزانە دەکەن کە هێزی سوننی دەبن و هاوکار دەبن لەگەڵ وڵاتانی کەنداودا. ئەمەریکا پتر بایەخ بەسوریای ٢٠٢٠ یان ٢٠٢٥ دەدات، ئایا وڵاتێك دەبێت توانای بەردەوامبوونی دەبێت یان سەقامگیری کۆمەڵایەتی و ئابووری تێدا دێتەدی و ئایا دەتوانێت کەمینەکانی بپارێزێت، کە دوو ملیۆن مەسیحیت هەیە، دوو ملیۆن عەلەویت هەیە کەمینەیەکی بەرچاوی کوردت هەیە، ئایا هەموو ئەم گروپانە دەمێننەوە بەچەشنێك کە زەمانەتی ئەوە بکرێت خاوەنی ئۆتۆنۆمی و سیاسەتی خۆیان بن. لەوەش زیاتر زۆرێك لەڕۆژئاوا پێیانوایە سوریا کەلتوری دیموکراسی و حکومەت و سیاسەتی نوێنەرایەتیکردنی خەڵکی نییە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی قۆناغی ئینتیقالی لەوڵاتانی دیکەدا چەند بەخراپی بەڕێوەدەچێت، وەك یەمەن و میسر و هەروەها بەرەچاوکردنی ئەو فشارنەی لەسەر گروپە کەمینەکان هەن و فشاری ئابووری، ئەو تێڕوانینە دروستبووە کە هیچ یەکێك لەم وڵاتانە بەباشی قۆناغی ئینتیقالی تێناپەڕێنێت و ڕاستیەکەش هەر وایە و هەموو وڵاتانە دووچاری زەحمەت دەبنەوە، کێشەی سوریاش ئەوەیە ئەسەد هەموو ئەو هەڵانەی کردووە کە دەکرێت سەرکردەیەکی خۆسەپێن بیکات بۆ ئەوەی بارودۆخەکە خراپتر بێت، هەروەها جگە لەوەی موعارەزەی سوری بێسەرکردەیە، کە لەخۆی لەبوونی ئەنجومەنی نیشتمانی و لایەنەکانی دیکەدا دەبینێتەوە، ئەوا واقیعی سیاسەتی سوریا و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە تۆ پێویستت بەسەرکردەیەکە هەمووان یەکبخات، ئیتر خاوەن میسداقیەت بێت یان نوێنەرایەتیان بکات و حاڵی حازر- ڕاست بێت یان هەڵە- ئەو کەسایەتیەی پێگەیەکی یەکخەری هەیە بریتییە لەئەسەد، موعارەزە کەسایەتیەکی درەوشاوەی نییە کە بەچەشنی ئەسەد نوێنەرایەتی لایەنگرانی بکات و نەبوونی کەسایەتیەکی لەم چەشنەش دەبێتەهۆی ئەوەی پرۆسەی بڕیاردان لەوڵاتێکی وەك ئەمریکا لەئاست سوریادا قورس بکات.

**ئەگەر دۆخێك بێتەوە پێشەوە ئەسەد دەسەڵات جێبهێڵێت، ئەوا هەل و مەرجێك دروست دەبێت کە هێزەکان لەنێو خۆیاندا بەهەمان شێوە دەکەونە ململانێ**

**زۆرێك لەسوریەکان خوازیاری مانەوەی ئەسەد نین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خوازیاری ئەو ئاراستە سیاسیە نین کە موعارەزە گرتوویەتیەبەر**



## جیم بەتەرفێلد بۆ گوڵان:

# ئەسەد لەوپەڕی لاوازیدایە، بەڵام موعارزە یەکگرتوو نییە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بڕیاری پێ نادرێت

**پرۆفیسۆر جیم بەتەرفێلد ئوستادی زاستی سیاسەتە لەزانکۆی وێسترن میشگان و بەڕێوەبەری دیراساتی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئۆراسیایە لەزانکۆی ناوبراو، پرۆفیسۆر بەتەرفێلد لەبواری تایبەتمەندێتی لەسەر ڕوسیای دوای سۆڤیەت و لاوازی ڕوسیا لەنەوەدەکانی ڕابردوو و هەوڵی ڕوسیا لەدوای ساڵی ٢٠٠٠ـەوە بۆ ئەوەی ڕوسیا پێگەیەکی بەهێزتری لەسیاسەتی نێودەوڵەتی هەبێت، بەو جۆرە ئاماژە بۆ هەڵوێستی سوریا دەکات بەرامبەر ڕوسیا، بەوەی ڕوسیا مەبەستیەتی لەم کێشەیەدا ڕۆڵی خۆی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دووبارە بگێڕێتەوە، سەبارەت بەم لایەنەو ئایندەی سوریا، پرۆفسیۆر بەتەرفیلد بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

*** زۆر لەچاوێران پێشبینی ئەوەدەکەن، مانەوەی ڕژێمی ئەسەد مەسەلەی کاتە، ئایا تۆ چۆن باری ئێستای ڕژێمی ئەسەد دەبینیت؟**

- ئەسەد لەپێگەیەکی بێئەندازە لاوازدایە. تەنیا یەك پاڵپشتی بەهێزی ماوە، ئەویش بریتییە لەبوونی چەك و تەکنۆلۆجیای سەربازی. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەسەد تەنیا نوێنەرایەتی کەمینەی عەلەوی دەکات و پەنجا ساڵە چالاکوانانی گرووپە ئایینی و ئیتنییەکانی دیکە سەرکوت دەکا، ئەوا پشتیوانی کۆمەڵایەتی ڕژێمەکەی زۆر بەرتەسکە. تەنانەت ئەو بنکەی پشتیوانییەش لەنێو سوپا و خودی ڕژێمەکەدا هەیەتی بەرەو هەڵوەشانەوە دەچێت بەهۆی جیابوونەوەی سەربازەکان و ئەو ئیغتیالاتانەی بەم دواییە ڕوویاندا. بەتێپەڕبوونی کات پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ ڕژێمەکە لاواز دەبێت. لەکاتێکدا ئەوە شتێکی مەحاڵ نییە کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەدەسەڵاتدا بمێنێتەوە، ئەگەرچی ئەمە زیاتر و زیاتر دژوار دەبێت. بەڵام پێدەچێت دەرفەتی کپکردنەوە و لەناوبردنی یاخیبوونەکەی لەدەستدا بێت بەچەشنی ئەوەی سی ساڵ بەر لەئێستا باوکی لەشاری حەمادا کردی.

*** ئەی سەبارەت بەڕۆڵی موعارزەی سوری کە لەم قۆناخەدا پێویستە ڕۆڵێکی گرنگ و یکلاکەرەوە بگێڕێت بۆئەوەی لانی کەم زەمینەیەك خۆش بکات بۆئەوەی دوای ڕژێمی ئەسەد وڵات بەڕێوەبەرێت، ئایا تاچەند بە ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن گەشبینیت؟**

- لەبەر ئەوەی موعارەزە تەنیا لەسەر ڕووخاندنی ڕژێمی ئەسەد یەکگرتووە، ئەوا پێشبینیکردنی داهاتوو کارێکی مەحاڵە. هەر کاتێك ڕژێمێك بەهۆی موعارەزە و بەرهەڵستی جەماوەریەوە بڕووخێت، ئەوا گفتوگۆ و دانوستاندنێکی چڕ و پڕ لەنێوان لایەنەکانی موعارەزدا دروست دەبێت. (کوردەکان یەکێك دەبن لەلایەنە دانوستانکارەکان، ئەگەرچی ڕوون نییە ئایا دەسەڵاتێکی دانوستانکاری زۆریان دەبێت.) ئەمە شتێکی ڕاستە تەنانەت ئەگەر ڕژێمەکەش بەئاشتیانە بڕووخێت، خۆ

ئەگەر لەڕێی توندوتیژیشەوە بێت، ئەوا ئەم ئەگەرە زیاتر دەبێت. لەزۆربەی ئەو ئاڵوگۆڕە ئاشتیانەی لەکۆتایی هەشتاکاندا ڕوویاندا لەئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا، بەلای کەمەوە ڕێککەوتنێك لەنێوان لایەنە موعارەزەکاندا هەبوو لەسەر ئەوەی لەکۆمۆنیزمەوە بەرەو دیموکراسیەتی سەرمایەداری هەنگاو بنێن. ڕێککەوتنەکانیشیان دەربارەی ڕەوتی گۆڕانکاریەکە و هەندێ ڕێسای دیاریکراو بوو(بۆ نموونە، سیستمی هەڵبژاردن). کە ئامانجێکی هاوبەشی لەم شێوەیە نییە لەنێو موعارەزەی سوریدا. لەدۆخێکی لەم چەشنەدا، گفتوگۆکانی دوای قۆناغی ئینتیقالی چڕ وپڕ دەبن، و تەنانەت دەگەنە دۆخی توندوتیژی. ئەگەر قۆناغی ئینتیقالی لەسوریادا ڕوویدا، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە تەنانەت دوای ڕۆیشتنی ئەسەدیش توندوتیژی بەرپا ببێت.

*** بەڕای تۆ ناتوانرێت پێشبینی بۆ دوای ڕژێمی ئەسەد بکرێت، ئایا ئەمە هۆکارە سەرەکیەکە نییە کە وایکردووە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بترسێت لەدەستێوەردانی سەربازی؟**

- کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هۆشیارە بەو ڕاستیە، ئەمەش لەبەشێکیدا هۆکاری ئەوەیە کە دوو دڵە لەگرتنەبەری هیچ کردەوەیەك لەئاست سوریادا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هۆکاری ئاڵۆزتر هەن. کاتێك باس لەکۆمەڵگەی نێودەدەوڵەتی دەکەین، دوو ئەکتەری جەماعی گرنگن لەمەسەلەکەدا هەن: ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و جامیعەی عەرەبی. بەم دواییە جامیعەی عەرەبی پشتیوانی لەکۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی ئەسەد کرد، هەرچەندە ئەمە هەڵوێستێکی بەهێزە، بەڵام جامیعەی عەرەبی کردەوەی سەربازی دژی سوریا ئەنجام نادات. کەواتە تەنیا ئەنجومەنی ئاسایش دەمێنێتەوە. لەبەشێکیدا کێشەی ئەنجومەنەکە لەپێوەندیدا بەسوریاوە ئەوەیە کە مەسەلەکە پەیوەست نییە بەسوریاوە، بەڵکو مەسەلە سەرەکیەکە بریتییە

**لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەسەد تەنیا نوێنەرایەتی کەمینەی عەلەوی دەکات و پەنجا ساڵە چالاکوانانی گرووپە ئایینی و ئیتنییەکانی دیکە سەرکوت دەکا، ئەوا پشتیوانی کۆمەڵایەتی ڕژێمەکەی زۆر بەرتەسکە**

**لەبەر ئەوەی موعارەزە تەنیا لەسەر ڕووخاندنی ڕژێمی ئەسەد یەکگرتووە، ئەوا پێشبینیکردنی داهاتوو کارێکی مەحاڵە**

لە پێوەندی ڕوسیا و ئەمریکا. سەرکردایەتی ڕوسیا پێیوایە سالانی نەوەتەکان سەردەمی لاوازی ڕوسیا بوو کە ئەمریکا و هێزەکانی دیکەی ڕۆژئاوا سوودیان لەم لاوازیە وەرگرت. لەیەکەم و دووم خولی سەرۆکایەتی پۆتیندا(٢٠٠٠-٢٠٠٨) پێداگیری لەسەر گەڕانەوەی ڕوسیا کرا بۆ پێگەی هێزێکی مەزن و پیشاندانی ئەوەی ڕوسیا شەریکێکی بچووکی هێزە مەزنەکانی جیهان نییە، لەنێویادا و (بەتایبەتی) لەئەنجومەنی ئاسایشدا. لەو کاتەوە ڕوسیا شەریکێك بووە نەتوانراوە بەئاسانی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت(نەك چین، لەبەر ئەوەی هەمشە چین یەك ئاڕاستەی گرتووە). بەداخەوە، لەنێو جەرگەی مانۆڕە جیوپۆلەتیکەکانی هێزە مەزنەکاندا، لەناچوونی ژیانی بێتاوانەکان بەردەوامە.

*** بەڵام لەلیبیا توانییان دەستێوەردان بکەن، پرسیار ئەوەی بۆچی ڕوسیا بۆ لیبیا بێدەنگ بوو، بەڵام لەئاستی سوریا هەڵوێستێکی دیکەی هەیە؟**

- دۆخی لیبیا ئەوەندەی دیکە مەسەلەکەی ئاڵۆزکرد. ڕوسیا لەسەر بنەمای «بەرپرسیارێتی پاراستن» پشتیوانی لەدەستێوەردانێکی سنووردارکرد، کە ئەمەش بنەمایەکە ماوەی چەند ساڵێکە بەشێوەی هەنگاو و بەهەنگاو و هەمەلایەنە کار بۆ پەرەپێدانی کراوە. تێڕوانینی ڕوسیا وایە کە هەر کاتێك ڕۆژئاوا ڕەزامەندی ئەنجومەنی ئاسایشی هەبوو بۆ دەستێوەردانێکی سنووردار- ئەوا سیاسەتێکی توندتری گۆڕینی ڕژێمەکە دەگرێتەبەر. سەرکردایەتی ڕوسیا پێیوایە لەبەر ئەوەی مۆڵەتی نەتەوە یەکگرتووەکان خراپ بەکارهێنراوە و لەبەر ئەوەی متمانەی بەڕۆژئاوا نییە-بەتایبەتی ئەمریکا- کە ئەو کردەوانەی ئەنجامی دەدات تەنیا بۆ هێنانەدی ئامانجی ئەنجومەنی ئاسایش بێت، ئەوا ڕازی نابێت پشتیوانی لەدەستێوەردان بکات. هەربۆیە ئەمریکا تەنیا دەتوانێت پێداگیریەکی توند بکات. هێشتا ئەمریکا لەکۆششدایە خۆی لەدوو جەنگی بارگران ڕزگار بکات کە زۆربەی ئەمریکیەکان پێیانوایە جەنگێکی هەڵەبوو. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەمساڵ



هەڵبژاردن دەکرێت، ئەوا میزاجی پشتیوانیکردن لەدەستێوەردان لەئارادانییە. فەڕەنسا و بەریتانیا لەگرفت و کێشەی ئابووریدان. چین تەحەددی ئابووری خۆی هەیە. زۆرێك لەسەرکردە دیارەکانی جیهان پتر تەرکیزیان لەسەر بارودۆخی ناوخۆیی وڵاتەکەیانە لەئێستادا. هێزە ئیقلیمیەکانیش تێڕوانینی جیاوازیان هەیە. لەڕێی ڕووخاندنی هەردو ڕژێمی سەددام حوسێن و تالیبانەوە- کە هەردووکیان دوژمنی ئێران بوون- ئەمریکا ناشارەزایانە پێگە و دەستڕۆیشتوویی ئێرانی لەناوچەکەدا بەرزکردەوە. لەبەشێکیدا پشتیوانی سعودیە بۆ موعارەزەی سوری لەدوژمنایەتی سعودیە بۆ ئێران و بەو پێیە بۆ سەرکردایەتی ئەسەد، کە هاوپەیمانێکی گرنگی ئێرانە، سەرچاوەی گرتووە.

*** ئێستا سوریا لەدووڕیاندایە، تەنیا ڕێگە ئەوەیە پشتیوانی موعارزە بکرێت، ئایا بۆ ڕۆژئاوا هەوڵنادات موعارزەی سوری وەك پێویست ڕێکبخات بۆ قۆناخی داهاتوو؟**



- یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی دەرفەتەکانی پشتیوانی ڕۆژئاوا بۆ موعارەزەی سوری لاواز دەکەن بریتییە لەئاڵوگۆڕەکانی سەرچاوەگرتوو لەبەهاری عەرەبییەوە. تونس و میسر بەقۆناغی ئاڵوگـــۆڕدا تێپەڕیـــن تاوەکـــو ئەنجامدانی هەڵبژاردن، لایەنی براوە لەهەردوو وڵاتدا بەلای کەمەوە بریتییە لەو ئیسلامیانەی ئاڕاستەیەکی میانڕەویان هەیە. مەبەستم لەئیسلامیەکان ئەو کەسانەیە کە باوەڕیان وایە دەبێت ئیسلام بەلای کەمەوە هەندێ ڕۆڵی هەبێت لەژیانی گشتیدا، واتـــە کاریگەری هەبێت بەســـەر سیاســـەتە جۆراوجۆرەکانەوە. مەرج نییە ئەمە هاوشێوەی ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی بێت. دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین ئایا چ کاریگەریەکی لەسەر کۆمەڵگە و لەســـەر سیاســـەتی نێودەوڵەتی دەبێـــت. ئەوە شـــتێکی تـــەواو مومکینە کە ئەگەر هەڵبژاردنی ئازاد بکرێت، ســـوریەکان سەرکردەی هاوشـــێوە هەڵدەبژێرین. لەبەر ئەوە لەکاتێکدا زۆرێـــك لەلایەنـــە نێودەوڵەتیەکان خوازیاری ڕووخانی ئەســـەدن، ئـــەوا ئەوەی هەڵوەســـتەیان پێدەکات بریتییە لەنادڵنیابوون لەدۆخی دوای ئەسەد، لەنێویاندا ترس لەوەی ڕووخانی ڕژێمی هاوشـــێوەی ئەسەد، وەك بن عەلـــی و موبارەك دەبێتەهۆی ســـەرهەڵدانی ڕادیکاڵیزمی ئیســـلامی. ئەوان کاری باشتر دەکـــەن بـــۆ گرێدانی پێوەندی بـــاش و جێی متمانە لەگەڵ ئیسلامیە میانڕەوەکاندا، بەڵام من ترســـم لەوە هەیە کە کەسایەتیەکی زۆری دەستڕۆیشتوو هەن کە نە متمانە بەسیاسەتی ئیسلامیســـتانە دەکەن و نـــە لەئاڵۆزیەکانی تێدەگەن تاوەکو ئەوە بەشـــێوەیەکی ڕێك و پێك ڕوودات. لەدووماهیـــدا دەمەوێت بە کورتی بڵێم دۆخی جیۆپۆلەتیکی ئێســـتا (لەنێویاندا ئاکامەکانی دەستێوەردان لەلیبیا) و سیاسەتی ناوخۆیـــی ئەکتەرە ســـەرەکیەکان و دوودوڵی لەگۆڕینی ڕژێمـــەکان پێکەوە ڕێگری دەکەن لەکاردانەوەیەکی یەکگرتوو لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە لەئاســـت بارودۆخی ســـوریادا. لەگەڵ بەردەوامبوونی ڕەوتـــی ڕووداوەکانی سوریا، ئەوا ئەگەری ئەوەیە هەیە ئەنجومەنی ئاســـایش -بەتایبەتی-لەباشـــترین حاڵەتـــدا نەتوانێت ئەوە دیـــاری بکات چ کاردانەوەیەك دەگرێتەبەر.

**ئەگەر قۆناغی ئینتیقالی لەسوریادا ڕوویدا، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە تەنانەت دوای ڕۆیشتنی ئەسەدیش توندوتیژی بەرپا ببێت**

**سەرکردایەتی ڕوسیا پێیوایە لەبەر ئەوەی مۆڵەتی نەتەوە یەکگرتووەکان خراپ بەکارهێنراوە، ئەوا ڕازی نابێت پشتیوانی لەدەستێوەردان بکات**



# دەستێوەردانی ئەنجوومەنی شورا لەرۆژنامەگەریی میسردا
# بۆ چاکسازییە یان بۆ سەپاندنی هەژموونی ئیخوانە

راپۆرتی: ئەسما حوسەینی ـ قاهیرە

بارێکـــی گـــرژی و نیگەرانـــی ناوەندەکانی رۆژنامەنووسی و راگەیاندنی میسری گرتۆتەوە لەچاوەڕوانی ئەو بڕیارانەدا کە ئەنجوومەنی شورا لە ماوەی چەند رۆژێکی داهاتوودا دەریاندەکات، تایبەت بە دامەزراندنی سەرنووســـەرانی تازە بۆ رۆژنامە نیشتمانییەکان، بیروبۆچوونی سەرجەم رۆژنامەنـــووس و راگەیاندکار و شـــارەزایان و تەنانەت رای گشتیش ســـەبارەت بەم هەنگاوە جیاوازە لەنێوان پۆزەتیڤ بەوەی کە بۆ چاکسازی و گۆڕانکاریی دەزگا داهێزراوەکانی راگەیاندنە و لـــە نێوان هەندێ لەوانەی کە ئەم هەنگاوە بە چاکسازیی لە قەڵەم نادەن، بەقەدەر ئەوەی توانا بۆ ئیخوان موسلمین لە نێو هۆیەکانی راگەیاندن زیاد دەکات، ئەویش لەڕێی ئەنجوومەنی شـــورا کە ئەو حزبە کۆنترۆڵی کردووە کە گوزارشت لە کۆمەڵی «ئازادی و دادوەری» و سەلەفییەکان دەکات.

ئەمانـــی کە کچە رۆژنامەنووســـێکی گەنجی میســـرییە و دژی ئەم هەنگاوەی ئەنجوومەنی شوورایە دەڵێت: «هیچ کەسێك لاری نییە لەوەی کە رۆژنامەگەریی و راگەیاندنی میســـری بە گشتی و نیشـــتمانیش بەتایبەتی پێویستیی بە چاکســـازی و گۆڕانکاریی هەیـــە، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم کە شـــتێکی لەمجۆرە بەو شێوازەی کە خراوەتەڕوو بۆ دانانی سەرنووسەرانی تازە لە لایەن ئەنجوومەنی شـــوراوە سەربگرێ، چونکە ئەمەیـــان داهێنانێکی رژێمـــە دکتاتۆریەکانی پێشووە بۆ کۆنترۆڵکردنی راگەیاندن وگاڵتەکردن بەعەقڵ. ئێســـتاش کە میســـر بە قۆناغێکی تـــازەدا گوزەر دەکات، دوای شۆڕشـــی ٢٥ ی ینایـــەر، بڕواناکرێ ئەم شـــێوازە کۆنە بەردەوام بێ لەبەرئـــەوەی دەخرێتە قاڵبـــی گەندەڵی و زوڕناژەنیی و پروپاگەندە لە بەرژەوەندیی حزبی فەرمانـــڕەوا یان گروپێکی دەستڕۆیشـــتوو، لە جیاتی ئـــەوەی ببێتە ئامرازێکـــی زانیاری و رۆشـــنگەری و گوزارشت لە کۆمەڵگە بکات، چونکە بەبێ راگەیاندنی ئازاد شـــۆڕش ناگاتە ئاکام و ئامانجەکانی ناپێکێت، بەڵام محەمەدی هاوڕێی دەڵێ: ئەوەی پێویســـتە ئێســـتا ئەوەیە کـــە کۆمەڵەی رۆژنامەنووســـان و ســـەرجەم راگەیاندکاران لە میســـر بەرامبەر ئەم هەنگاوە بوەستنەوە و بەرهەڵســـتی ئەو کەسانە بکەن کە شـــارەزاییان لە راگەیاندندا نییـــە، بانگەوازیش بکەن بۆ کۆنگرەیەکی نیشـــتمانیی راگەیاندن بە بەشداریی رۆژنامەنووس و راگەیاندکاران بۆ دیراسەکردنی شێوازێکی گونجاو بۆ موڵکیەت و بەڕێوەبردنی دەزگا نیشتمانییەکان و پەیوەندییان بە دەوڵەتـــەوە نـــەك بەحکومەتـــەوە، دیارە بە ڕاوێژ لەگەڵ رای گشـــتی و پسپۆڕان دەگەنە دەرئەنجامێك، زۆر کەســـیش لەوە نیگەرانن کە ئەم هەنـــگاوە تەنیا بواری راگەیاندن نەگرێتەوە بەڵکو لە داهاتـــوودا هەنگاوی دیکەی بەدوادا بێت، لە دادوەری و دەزگاکانی پۆلیس و سوپاو ئەزهـــەر و خزمەتگوزاریی گشـــتی و هەموو دامودەزگاکانـــی دیکەی دەوڵـــەت، کە ئیخوان موســـلمین دەیانەوێ بەئیخوانـــی بکەن! واتە بیخەنە خزمەت خۆیانەوە.

ئەنجوومەنـــی بـــاڵای رۆژنامەنووســـان بەیاننامەیەکی شـــێواز توندی بڵاوکردەوە وەك گلەییـــەك لە ئەنجوومەنی شـــورا کە دەیەوێت رۆژنامەگەریی نیشـــتمانی لەبەیـــن بەرێت و ئەو لیژنەیشـــی رەت کردەوە کە بۆ هەڵبژاردنی سەرنووسەرانی دەزگا نیشتمانییەکان پێکهێنراوە، بەیاننامەکە داواشـــی کرد کـــە بەزووترین کات کاری لیژنەکە رابگیرێ و هەڵبوەشێتەوە، چونکە سووکایەتییە بە رۆژنامەنووسان.

هەنـــدێ نووســـەر و رۆژنامەنووســـانیش وەکو «جەمال ئەلغیتانی و ئوسامە ئەلغەزالی حەرب و وەحید عەبدولمەجید و مستەفا کامل ئەلسەیید و حلمی نەمەم و محەمەد ســـەلماوی، لەکاتی کۆبوونەوەیـــان لەگەڵ دکتـــۆر ئەحمەد فەهمی ســـەرۆکی ئەنجوومەنـــی شـــورادا گوتویانە: «ئەوەی ئێســـتا لە لایەن لیژنەکەوە خراوەتەڕوو کوشـــتنی قەڵەمەکانـــی رۆژنامەگەرییـــە».

نووسەرانیش سەرسام بوون بەو خێراییەی کە ئەم هەنگاوەی تێدا جێبەجێکرا، هاوکات پەرچەکردار و پاشـــگەزبوونەوەیەکە لـــەو ئامانجانـــەی کە لەپێناویاندا شۆڕش بەرپاکرا کە خۆی لەئازادی ودادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە، هەروەها ئەنجوومەنی شـــوراش هەمان بەرنامەی رژێمی ســـووریا پەیرەودەکات لە کۆنترۆڵکردنی دەزگا رۆژنامەنووسییەکان.

لـــەلای خۆشـــییەوە نووســـەر و رۆژنامەنووس موحسین حەســـانین سەرنووســـەری گۆڤاری ئۆکتۆبـــەر گوتـــی: ســـەرۆکی لیژنـــەی راگەیاندنی شـــورا سوورە لەســـەر سووکایەتی کردن بە رۆژنامەنووســـان، ئاماژەشـــی بەوەکرد کـــە جۆرە رکابەرییەك هەیـــە دژی ئەو لەلایەن سەرپەرشتیارانی لیژنەکە، کاتێ نووسراوەکانیان لێ شـــاردەوە کە ٨٣ رۆژنامەنووسی گۆڤارەکە



پێشکەشیان کردبوو بەر لە داختنی دەرگای کاندید کردن تاکو لە پێشبڕکێی پاڵاوتن دووری بخەنەوە لەبەر ئەوەی هەڵوێستی رەخنەگرانەی هەبووە بەرامبەر بە کۆمەڵەکە. لەلای خۆشییەوە نووسەر و رۆژنامەنووس جەمال ئەلغیتانی وەسفی ئەم هەنگاوە دەکات بەوەی کە کوشتارگەیەکی رۆژنامەگەرییەو مەترسیدارترین قۆناغە لە رۆژنامەگەریی میسریدا، کەدواتر دادوەری و پۆلیس و سوپاشی بەدوادادێت، هەروەها دەڵێت: ئەو لیژنەیەی بە بڕیاری سەرۆکی ئەنجوومەنی شورا ئەحمەد فەهمی پێکهێنراوە بۆ دەست نیشانکردنی سەرنووسەران، بە سەرۆکایەتیی ئەندزیارێکی سەرلێشێواوە کەسەرپەرشتیی بڵاوکراوەیەکی بچووکی دەکرد کە لە سەندیکای ئەندازیارانەوە دەردەچوو، ئەو نەزانەی نێو رۆژنامەگەری دەیەوێ ویستی حزبی ئازادی و دادپەروەری جێبەجێ بکات، سێ کەسیش بپاڵێوێ بۆ هەر پۆستێك لەنێوان٥٥ کەس، وەکو منداڵی باخچەی ساوایان هەریەکەیان دە نمرەیان پێبدات، پاشان فەرمانەکە بۆ دکتۆر ئەحمەد بەرز بکاتەوەکە سەرۆکایەتیی لیژنەیەکی نادیار دەکات بۆ هەڵبژاردنی سەرنووسەران بۆ ٥٥ چاپەمەنی لە گەورەترین رۆژنامەی نیشتمانی،بەتایبەتیش ئەهرام وئەخبار، کەئەو دووەش ئامانجی ئەوگۆڕانکارییەن، لێرەدا دەبێ ئەوە بخەینەڕوو کە چەند تاوان بەناوی شۆڕشی غەدرلێکراوی یەناییر ئەنجامدەدرێ،مەبەستی ئیخوانیش وردە وردە پشت شکاندنی دەوڵەتە،ئەمڕۆ رۆژنامەگەری وسبەینێش دادوەری،بەڵام ئامانجی سەرەکیی ئەوان بۆ هاتنەسەر کورسیی حوکم پاکتاوکردنی سوپای میسر ی و بەردانیانە،وەك ئەوەی کە دوژمنانی میسر دژی سوپای محمەد عەلی کردیان لە شەڕی نفارین لە ساڵی ١٨٤٠، هەروەها ئینگلیزیش کاتێ سوپای عورابییان پاکتاوکرد دوای داگیر کردنی میسر،لە میانی چەند سەعاتێکیشدا ناوە هەڵبژێردراوەکان لە سەنتەری ئەلمەقتەم کە بارەگای کۆمەڵەی ئیخوان موسلیمینە رادەگەیەنرێت،هەموو ئاماژەکان بەو ئاراستەیەن کە کوشتارگەیەکە بۆ رۆژنامەگەری وپەڵەیەکی رەشیشە بە مێژووی پیشەکە،داوام کرد لیژنەیەك پێکبێت بە جیاکردنەوەی رۆژنامە لە شورا بە تەواوی،بە شێوەیەك کەرۆژنامەنووسان کاری خۆیان بە خۆیان رایی بکەن،ئەگەر ئەو پلانەی ئیخوان سەربگرێ ئەوا مەترسییەکی گەورە روو لە رۆژنامەگەریی دەکات،ئەوەی جێگەی داخ و مەینەتیشە هەڵوێستی هەندێ رۆژنامەنووس کە پشتیوانی لە ئامانجی کۆمەڵ دەکەن کە دەیانەوێ چەند پۆستێك بەدەست بێنن بە تایبەتیش ئەخبارو ئەهرام.



# ڕەخنەکانی پەرلەمان و وەڵامدانەوەی

**چارەســـەرکردنی گرفتەکانی بەردەم پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و پەرەپێدانی ئەمبوارە لە گرنگترین ئەرکە سەرەکیەکانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانە، لە ژینگەیەکدا کە زیاتر لە (ملیۆن و نیوێك )قوتابی و ( ٩٩) هەزار مامۆستاو زیاتر لە(٥٧٦٠ ) قوتابخانە هەیەو ڕێژەی نەخوێندەواری بەپێی ئامارەکانی یونســیف لەســاڵی ٢٠٠٠ لە ٣٦٪ بووەو لە ٢٠١٠ بۆ ١٥٪ کەمیکردووەو پێویســـتە وەزارەتی پەروەردە کار بۆکەمکردنەوەی زیاتری ئەو ڕێژەیە بکات بۆ لە ٨٪ و گۆڕانکاری لەسیســتمی پەروەردەو خوێندن بکات، ئەمە جگە لەکێشـــەی کەمی بینایەو گرفتی میلاکات و کێشــەی**

لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان



- **لە قۆناغەکانی ١٠و١١و١٢ هیچ هەنگاوێک بۆ ریفۆرمی پەروەردەیی نەنرا**
- **کارو سستەمی پەروەردەی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی کادیری شیاو و بۆ بازاڕی کار نییە.**
- **دەبوایە بۆ چەند گوندێک لەنزیک یەکتر بینایەی قوتابخانەی بنەڕەتی و دوای بنەڕەتی دروست بکرێت**
- **ئەو قوتابخانە ئەهلیانەی ئێستا لە هەرێم هەیە کوالێتی باش پێشکەش ناکەن**
- **بەچاپ گەیاندنی پەڕتووک دوادەکەوێت**
- **هیچ هەماهەنگیەک لەنێوان وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا نییە**



# وەزیری پەروەردە لەدیدارێکی گوڵان دا

قوتابیە ئاوارەکانی ناوچە سنوورییەکان و باشترکردنی گوزەرانی مامۆستایان و رێکخستنی قوتابخانە ئەهلییەکان و پێشخستنی شێوازی ئەزموونەکان و نەهێشـــتنی توندوتیژی، واتە چاکســـازی لە گەورەترین و بەرفراوانترین وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتەو بایەخدان بە ئەنجامدانی ریفۆرمێکی بەردەوام لەپرۆســـەی خوێندن و چەند بابەتێکی پەیوەنداری تر هەریەك لەلیژنەی پەروەردەی پەرلەمان و وەزیری پەروەردەمان دواند. لەدووتوێی ئەم راپۆرتەدا رەخنەو وەڵامەکانیان بڵاودەکەینەوە .

## وەزارەتی پەروەردە:

- بەرنامەیەک هەیە کە سێ هەزار خانوو بۆ مامۆستایان دروست بکرێت
- چارەسەرکردنی کێشەی پەروەردەیی لە گوندەکان لە ریزبەندی بەرنامەو پلانماندایە
- دامەزراندن و بەڕێوەچوونی قوتابخانە ئەهلیەکان رێک دەخرێنەوە
- بەرنامەیەکی تایبەتمان هەیە بۆ پشتیوانیکردن لە زمانی هەموو کەمە نەتەوەکانی تری هەرێم
- لەساڵی داهاتوو کێشەی دواکەوتنی پەڕتووک کۆتایی پێ دێت
- سێ سەنتەری زۆر گەورە لە هەرسێ شاری کوردستان بۆ خوێندنی پیشەیی دادەنێین



سۆزان شەهاب جێگری سەرۆکی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان بۆ(گوڵان):

# وەزارەتی پەروەردە نەیتوانی پەیامی گۆڕانکارییەکان بگەیەنێتە هەموو قۆناغەکانی خوێندن

### رەخنەو گلەییەکانی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە پەرلەمانی کوردستان

سەبارەت بەکێشەکانی پەروەردەو کەموکورییەکانی پرۆسەی پەروەردەو خوێندن سۆزان شەهاب جێگری سەرۆکی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە پەرلەمانی کوردستان وتی: لەدوای ئەوەی لەساڵی ٢٠٠٧ کۆنگرەیەکی پەروەردەیی بەستراو پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن ریفۆرمێکی بەخۆوە بینی، بەڵام ریفۆرمەکە بەردەوامبوونی بەخۆوە نەبینی تاکو ببێتە هۆی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لەمیتۆدی بیرکردنەوەشمان. ئەوەبوو لەکاتی کۆنگرەکەدا باسی ڕیفۆرمی پەروەردەیی و خوێندنی ئیلزامی کراوە بە ٩ی بنەڕەتی کە دەبووایە لەم هەنگاوەدا بەردەوامبووینایە و قۆناغەکانی ١٠و ١١ و ١٢ش گۆڕانکاری زۆری بەسەردا بکرایە، بەڵام هیچ هەنگاوێك نەنراو سیستەم و پرۆگرامی پەروەردەو فێرکردن وەکو خۆی بەشێوەیەکی ناسەردەمیانە مایەوە، هەروەها دەبووایە وەزارەتی پەروەردە هەر لە قۆناغی ١٠ەوە پسپۆڕایەتی لێکتری جیا بکردابووایەوە و ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی فێربوون و چوونە زانکۆکان لەلایەن قوتابییانەوە ئارەزوومەندانەبووایە، نەك خوێندکار بەبێ ئارەزووی خۆی و بەپێوەری نمرە بچێتە زانکۆ، ئەم پێوەری نمرەو سستەمەش زۆر کۆن و تەقلیدیە، هەروەها پاش ئەو کۆنگرەیەش وەزارەتی پەروەردەی هەرێم نەیتوانی پەیامی گۆڕانکارییەکان بگەیەنێتە هەموو قۆناغەکانی خوێندن بەتایبەتی قۆناغەکانی کۆتایی و مامۆستایان و پسپۆڕان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی، لەئەنجامی ئەو سلبیاتانەشەوە لەساڵی ڕابردوو لەلایەن قوتابییانەوە چەندین ڕێپێوان و نارەزایی بەرامبەر بەوەزارەتی پەروەردەو لایەنە پێوەندارەکانی تر ئەنجامدرا بەتایبەتی لەدژی ئەوەی کە بڕیاربوو بەشێك لە نمرەکانی قۆناغی ١٠و١١ لەگەڵ ڕێژەی نمرەکانی کۆتایی قۆناغی ١٢هەژمار بکرێت، هەروەها بوونی عەقڵیەتێك لەناو وەزارەتی پەروەردەوە کەوایکردووە ئەو ڕیفۆرمەی کە پێویستبوو بکرێت جێبەجێ نەکرا، ئەوەش وایکرد ئەو تەحەدیانەی کە لەکابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم بۆ گۆڕانکاری لەبواری پەروەردە دانرابوو بڕیاری لەسەردرابوو ئەوە نەتوانرا بەردەوامی پێ بدرێت و بەتەواو جێبەجێ بکرێت، لەلایەکی تر گرنگیدان بە قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی زۆر گرنگە بۆ ئامادەکردنی کادیری ناوەڕاست بۆ بازاڕی کارکردن نەك تەنیا دەرچوونی قوتابی وەدەستهێنانی بڕوانامە، بەتەئکید ئەو کارو سستەمەی لەلایەن وەزارەتی پەروەردە جێبەجێ دەکرێت تەنیا بۆ

> **هەڵەیەکی پەروەردەیی زۆر گەورەیە قوتابی لەسەر بنەمای زیرەکی و نازیرەکی جیابکرێتە**

وەرگرتنی بڕوانامەیە و لەدوایدا لەکەرتی حکومی دابمەزرێت نەك بۆ بەدەستهێنانی کادیرو کەسانی پێویست و شیاو بۆ بازاڕی کار و بۆ پێشکەوتنی بوارە زانستییەکان. سیاسەتی حکومەت ئەوەیە کەرتی تایبەت گرنگی پێبدرێت، بەڵام لەبواری پەروەردە کار بۆ ئەوە نەکراوە کە توانای مرۆیی بۆ بازاڕەکە ئامادە بکات و مەرج نییە بازاڕو وڵات تەنیا ئەندازیارو پزیشك و دەرچووی زانکۆی پێویست بێت، بەڵکو پێویستی بە کادیری ناوەڕاست هەیە بۆ ئەم بوارەش پێویستە گرنگی باش بە خوێندنی پیشەیی و جۆرەکانی تر بدرێت.

چەند ساڵێکە لە هەرێمی کوردستان لەبواری پەروەردەوە باس لە سستەمی هاوچەرخ و سویدی و تێکهەڵکێشی چەند وڵاتێکی ئەوروپایی دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین بینایەی قوتابخانەکانی زۆربەی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی شارۆچکەو گوندەکان لەگەڵ ئەو سستەمەی باسی دەکەن ناگونجێت لەمبارەیەوە سۆزان شەهاب ئەندامی پەرلەمانی کوردستان وتی: سیستەمی ئێستای پەروەردەو خوێندن لە دنیادا تا تەواوکردنی قۆناغی شەشی بنەڕەتی بە نەخوێندەوار دادەنێن و بەتەواوکردنی قۆناغی ٩ی بنەڕەتییە دەڵێن خوێندەوار و لە قۆناغەکانی ١٠و ١١و ١٢دا قوتابی بەپێی پسپۆڕایەتی ئامادە دەکرێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان نەتوانراوە ئەو سستەمەو ڕیفۆرمەی کە بڕیاربوو پەیڕەو بکرێت بەردەوامی پێبدەن، هەرچەندە لە هەموو هەرێمدا دەست بە دروستکردنی بینایەی قوتابخانەی جۆراوجۆر کراوە، بەڵام لە گوندەکاندا نەك بینایەی قوتابخانەکان کەموکوڕی زۆرە و لەگەڵ ئەو ڕیفۆرمەی پەروەردە ناگونجێت و بیرۆکەیەکیش هەبوو جێبەجێ نەکراوە کە دەبووایە بۆ چەند گوندێك لەنزیك یەکتر بینایەی قوتابخانەی بنەڕەتی و دوای بنەڕەتی دروست بکرێت، هەروەها لە ڕووی ئامادەکردنی مامۆستاشەوە بەپێی سستەم و ڕیفۆرمەکە نییە، چونکە تا ئێستاش توندوتیژی لەناو قوتابخانەکان هەیە و هەندێ دیاردەو ڕووداویش ڕوودەدەن لەگەڵ پەروەردە و فێرکردنی نەوەیەکی ژیرو بەسوود ناگونجێت، بۆیە پێویستە وەزارەت ئەم لایەنانەش چاك بکات. من نموونەیەکی تر لەسەر کەمتەرخەمی وەزارەتی پەروەردە دەهێنمەوە، ئەویش ئەوەیە ساڵانە بودجەیەکی زۆر بۆ ئەو وەزارەتە تەرخان دەکرێت کەچی دەبینین بەچاپ گەیاندنی پەرتووك دوادەکەوێت و لەکاتێك هەندێك لەپرۆگرامەکان دەگۆڕێت دوو تا چوار مانگ بەسەر خوێندن تێپەڕیووە و ئەو خولانەی بۆ مامۆستایان دەکەنەوە سێ ڕۆژ و چوار ڕۆژ و پێنج ڕۆژە لەکاتێکدا پێویستە خولەکان ١٥ڕۆژ تا مانگێك و لەوەرزی هاوین و پشوودا بێت، هەروەها لەبەر نزمی ئاستی قوتابی لەوانە زانستییەکان قوتابی زیاتر ڕوو لەبەشی وێژەیی دەکەن، ئەمەش بۆ وەزارەتی پەروەردە دەگەڕێتەوە کە وای نەکردووە مامۆستای وانە زانستییەکان




بگەنە ئەو ئاستی زانســـتەی کە پێویستە.، هەروەها ئێســـتاکە کـــە مامۆســـتای وانە زانستییەکانی وەکو بیرکاری و کیمیاو فیزیاو . . . کەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەماوەی چەند ســـاڵی ڕابردوو و ئێســـتاش وەزارەتی پەروەردە لـــە ناو پرۆگـــرام و ڕیفۆرمەکەدا نەیتوانیـــوە ئـــارەزووی قوتابیان بۆ بەشـــی زانستی ڕابکێشێت و بەپێچەوانەوە لە ٧٠٪ی قوتابیان دوای قۆناغی بنەڕەتی ڕوو لەبەشی وێژەیی دەکەن.

ســـەبارەت بە هەماهەنگی نێـــوان وەزارەتی پـــەروەردەو خوێندنـــی بـــاڵاو توێژینەوەی زانســـتی سۆزان شـــەهاب وتی: نەخێر هیچ هەماهەنگیەك لەنێـــوان وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا نییـــە بۆ ئامادەکردنی ڕێژەی پێویستی مامۆســـتاو کادیرانی پەروەردە کە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان پێویستیانە و هـــەر لەبەر ئەمەشـــە کێشـــەی کەمی و نەبوونی مامۆســـتای وانە زانستییەکان ساڵ لەدوای ساڵ زیاد دەکات.

چەنـــد ســـاڵە لەڕێـــگای قوتابخانـــەی نموونەیەکانەوە جیاوازیـــەك لەنێوان قوتابیان دروستکراوە بەتایبەتی لەڕووی ئەوەی کە لەم قوتابخانانەدا خوێنـــدن بەزمانی ئینگلیزیەو ئاســـتی مامۆســـتاکانیان لە قوتابخانەی تر بەرزترە، هاوکات ژمارەیەکی زۆر قوتابخانەی ئەهلـــی لەلایەن کەرتی تایبـــەت دامەزراوە بـــەڵام ڕووبـــەڕووی ڕەخنـــەو گلەیی خەڵك بوونەتەوە لەمبارەوە ســـۆزان شـــەهاب ئەندام پەرلەمانـــی هەرێمی کوردســـتان وتی: من لەگەڵ جیاکردنەوەی قوتابیان نیم لەڕێگای قوتابخانـــەی نموونەیەوە، بەڵکو پێویســـتە هەموو قوتابخانەکانمان نموونەیی بن و نابێت قوتابیش لەسەر بنەمای زیرەکی و نازیرەکی جیابکرێتە، ئـــەوە هەڵەیەکی پەروەردەیی زۆر گەورەیە کـــە لەقوتابخانەکانی نموونەیی بە قوتابی بڵێین ئەگەر لە ٦٥یا٧٠کەمتر بێنێت دەبێت بچێتەوە قوتابخانەی بنەڕەتی ئاسایی واتە لێـــرەدا جیاوازییەکـــە زۆر بە جوانی و بەڕوونـــی دیـــارە، قوتابخانەیـــی نموونەیی لەوڵاتان تەنیا بۆ ئەو کەس و قوتابیانەیە کە زۆر بەتواناو بلیمەتن، هاوکات ئەو قوتابخانە ئەهلیانەی ئێستا لە هەرێم هەیە کوالێتی باش پێشکەش ناکەن بەقەدەر ئەوەندەی پارەی باش لەخەڵك دەکێشنەوە و ئەو قوتابخانانە ئێستاکە تەنیا بۆ ئەو کەســـانەیە کە توانایی داراییان باشە و دەبێت لەلایەن حکومەتەوە کار بۆ ئەوە بکرێت و پشـــتگیری لە قوتابخانە ئەهلیەکان بـــکات تاوەکـــو ئەوانیـــش بتوانـــن قوتابی کەمدەرامەتیـــش وەربگرن، هەروەها ڕەزامەند نین لەسەر شـــێوازی بەڕێوەبردنی قوتابخانە ئەهلییەکان لەبەر ئەوەی شـــێوازی پرۆگرام و ئامانجەکانیـــان جۆراوجـــۆرەو هەندێکیان لەئامانجی ڕاستەقینەیی خۆیان کە پەروەردەو فێرکردنە دەرچوون.

ســـەبارەت بە کێشـــەو گرفت و کەموکوڕی بینایەی قوتابخانەو مامۆســـتاو میلاکات لە گوندەکانی هەرێمی کوردستان سۆزان شەهاب وتی: قوتابخانەی گوندەکان بەشـــی زۆریان مەرج و ڕێنمایی پـــەروەردەو فێرکردنی تێدا نییە بەتایبەتی لـــەڕووی بینایەوە، دەبێت بۆ هەر چەند گوندێك لەنزیـــك یەکتر بینایەی قوتابخانـــەی بنەڕەتـــی و دوابنەڕەتیـــش دروســـت بکرێت و، هەروەها بۆ باشترکردن و بەرەوپێشچوونی پەروەردەو فێرکردن لە هەرێمی کوردســـتان ئەنجومەنێکی باڵای ڕیفۆرمی پـــەروەردەی و خوێندنی بـــاڵاو توێژینەوەی زانســـتی لە هەرێمی کوردستان دابمەزرێت، هەروەها بەپێویســـتی دەزانین ئـــەو بینایەو قوتابخانانەی ســـەر بەوەزارەتـــی پەروەردەن کـــە لەلایەن حـــزب و لایـــەن جیاجیاکانەوە بەکارهێنراوە یـــا بارەگاو دەزگایـــان تێدایە بیگێڕنەوە بۆ وەزارەت.

**ئەو قوتابخانە ئەهلیانەی ئێستا لە هەرێم هەیە کوالیتی باش پێشکەش ناکەن بەقەدەر ئەوەندەی پارەی باش لەخەڵك دەکێشنەوە**

**کەمی مامۆستای وانە زانستییەکان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هەماهەنگی نێوان هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا**

دکتۆر عیسمەت محەمەد خالید وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان بۆ ( گوڵان ):

# دوو بەرنامەی کورتخایەن و درێژخایەن بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی کەرتی پەروەردە دانراوە

## نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەیەکی تایبەتی لەدەرەوەی بودجەی وەزارەتەوە بۆ دروستکردنی قوتابخانە تەرخان کردووە، ئەمەش دەبێتە گۆڕانکارییەکی گەورەو بەرفراوان لەچارەسەرکردنی کێشەی کەمی بینایەی قوتابخانە

**وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان لەوەڵامی ڕەخنەکانی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان**

**بۆ بەدواداچوونی گرفتەکانی کەرتی پەروەردەو وەڵامدانەوەی ئەو پرسانەش کە لەلایەن جێگری سەرۆکی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان باس کرا، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دکتۆر عیسمەت محەمەد وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان کرد، پوختەی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە.**

سەرەتا سەبارەت بە هەیکەلی وەزارەت و ئەو بەرنامەیەی لەبەردەستدایە بۆ گۆڕانکاری لەو هەیکەلە وەزیری پەروەردە رایگەیاند: ( گەرچی یاسا و هەیکەلی وەزارەتی پەروەردە کە لەساڵی ١٩٩٢ دانراوە هەندێ گۆڕانکاری بەسەردا داهاتووە، بەڵام ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕیووەو پرۆسەی پەروەردەش گۆڕانکاری گەورەی بەسەرداهاتووە، بۆیە کارێکی سروشتییە کە پێداچوونەوەو گۆڕانکاریەك بەسەر یاساو هەیکەلی وەزارەت بێت، ئەمڕۆ بەپێی تێڕوانینی خۆم وەکو وەزیری پەروەردە بەپێویستی دەزانم کە چەند سستەمی پسپۆڕی و لامەرکەزیەتی کارگێڕی پیادەبکرێت ئەوەندە کارو ئیشەکان باشترو سەرکەوتووتر دەبێت، چونکە زۆر زەحمەتە بەبێ دابەزاندنی دەسەڵاتی کارگێڕی بۆ خوارەوەی بتوانین کۆنترۆڵی هەموو قوتابخانەکان و پرۆسەی پەروەردە هەر لە خانەقین تا زاخۆ بکەین، لەبەر ئەوەی بۆی هەیە وەزارەتی پەروەردە گەورەترین و بەرفرەوانترین وەزارەت بێت، بۆیە پێویستە زیاتر گرنگی بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان بدرێت و دەسەڵاتی کارگێڕیشیان بۆ دابەزێت و وەزارەت زیاتر جەخت لەسەر کارو ئیشە سەرکییەکانی بکات، ئێستا دەسەڵاتی کارگێڕیمان دابەزاندووە و چاوەڕوانی ئەوە دەکەین بکەوێتە بواری کارکردن و پراکتیکی و ئەوەی زیاتر لەهەندێ کارو ئیشە ڕێگا لەئێمە دەگرێت یاسایە بۆیە دەبێت هەندێ شت لەسەر بنەمای یاسا گۆڕانکاری تێدا ئەنجام بدرێت و هەیکەلی وەزارەتیش لەچوارچێوەی یاساکەدایە، بۆیە پێویستە یاساکە پێداچوونەوەیەکی بۆ بکرێت و بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەك دانراوەو ڕەشنووسێك ئامادە دەکەین و لەپاشان بە پەرلەمان و حکومەت دەدەین بۆ ئەوەی هەندێ گۆڕانکاری لە یاساکە بکەن، بۆ ئەو مەبەستەو هەموو کارەکانی پەروەردە پەیوەندی باش و بەهێزمان لەگەڵ لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەپەرلەمانی هەرێمی کوردستان هەیە، ئەوان زۆر پێشنیارو وردەکاری بە ئێمە دەدەن کە لە بەرژەوەندی وەزارەتی پەروەردەو بەرەوپێشچوونی پرۆسەکەو هەرێمی کوردستانە).

### گرفتەکانی کەرتی پەروەردە

سەبارەت بەوەی وەزارەتی پەروەردە پێش دەستپێکردنی قۆناغی نوێی خوێندن کاری بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی کەرتی پەروەردە کردووە لە وەڵامی ئەم پرسەشدا وەزیری پەروەردە پێی وتین: (لە وەزارەت دوو بەرنامەمان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان داناوە یەکێکیان بەرنامەیەکی کورتە بۆ ماوەی ساڵێك کە ئەمەش بۆ چارەسەرکردنی گرفتی ئەزموون و سێ دەوامی قوتابخانەکان و کەموکوڕی هەندێك میلاکاتە و کێشەی نەبوونی هەندێك پەرتووك و گرێبەستی کڕینی پەرتووك و پێداچوونەوەی هەموو سستەمەکەو چەند بوارێکی تر، دووەم بەرنامەش درێژخایەنە بۆ ماوەی ( ١٠ ) ساڵە کە ئەمەش بۆ چارەسەرکردنی گرفتە بنەڕەتییەکانە. لەبارەی کێشەی سستەم و ڕیفۆرمەوە، ئەوە پێویستە بۆ جێبەجێکردنی سستەمەکە نەخشەو پلانی تۆکمەو زانستی پیادە بکرێت تاوەکو ڕیفۆرمەکە سەرکەوتوو بێت، من باوەڕ ناکەم ئەو سستەم و گۆڕانکارییەی لە پەروەردە کراوە خراپ بێت و کەموکوڕی تێدا هەبێت، لەمبارەشەوە تێبینی و بەدواداچوونمان کردووە کە کەموکوڕی لە سستەم و ڕیفۆرمەکە نییە، بەڵکو شێوازی جێبەجێکردن و پیادەکردنی ئەوان بەتەواوی پێنەگەیشتبوو و گەشەی نەکردبوو، ئێمە بۆ ڕاهاتن و تێگەیشتن لەو سستەم و گۆڕانکاریەدا خول و ڕاهێنان دەکەینەوە و هەڵسەنگاندن بۆ ئەنجامی سستەمەکە دەکەین و ئەگەر گۆڕانکاریەك پێویست بێت لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی بۆ ئەنجام دەدەین بۆ ئەوەی بنەماکانی سەرکەوتنی ڕیفۆرمەکە بەهێزو بەئامانج بگەیەنین.

### وانەی وەرزش و هونەر و مۆسیقا

سەبارەت بە فەرامۆشکردنی وانەکانی وەرزش و هونەر و مۆسیقا وەزیری پەروەردە وتی: گرنگی نەدان بەوانەکانی وەرزش و مۆسیقاو هونەر بۆ نەبوونی مامۆستاو نەبوونی توانای ماددی ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ نەبوونی شوێن و جێگا لە قوتابخانەکان دەگەڕێتەوە، لەگەڵ دروستکردنی هەر قوتابخانەیەك لەمەودوا ئەو شوێن و جێگایانەی کە پێویستن بۆ وانەی هونەرو مۆسیقاو وەرزش دروست دەکرێن و بەشێك دەبن لە پێکهاتەی بینایەی قوتابخانەکان، چونکە وانەکانی وەرزش و هونەرو مۆسیقا زۆر گرنگن بۆ پەروەردە.

### پرۆسەی پەروەردا لە گوندەکان

سەبارەت بە چارەسەرکردنی گرفتی پەروەردەیی لە گوندەکاندا بەتایبەتی لەڕووی نەبوون و خراپی بینایەی قوتابخانەکان کە ئەویش بوارێکی دیکەی گرنگەو کەموکورتیەکانی زیان بە پرۆسەکە لەو گوندو ناوچانەدا دەگەیەنێت، پرسیارمان لەمبارەوە لە وەزیری پەروەردە کردوو ئەویش لەوەڵامدا وتی: (کێشەی پەروەردەو قوتابخانەکانی گوندەکان خۆی لە سستەمی دامەزراندن و موچەو دروستکردنی قوتابخانەو دابەشکردنی قوتابخانەو. . . تا دەبینێتەوە، لەهەقیقەتدا بەشێوەو پلانێکی باش و دروست پیادە نەکراوە، لەلایەکی تر گەر گوندێك تەنیا دوو سێ ماڵی تێدا بێت چۆن ئەو قوتابخانەیە دەتوانێت کاری خۆی و لایەنی پەروەردەیی بەئەنجام بگەیەنێت، بۆیە بۆ بواری قوتابخانەو پەروەردە لە گوندەکاندا پێویستی بەپێداچوونەوەیەکی سەرەکی هەیە، تاوەکو بنەمای قوتابخانە لە گوندەکاندا دروست بێت چ لە لایەنی ژمارەی قوتابیانەوە چ یا شوێنی نیشتەجێبوونی مامۆستا یا ژیانی ئەو مامۆستایانەی کە لەگوندەکان دەبن، لەلایەکی تر کێشەی ئەوەمان هەیە بەپێی ڕینماییەکان هەموو مامۆستایەك پاش سێ ساڵ لەگوندەکاندا خۆیان دەگوازنەوە بۆ ناو شارەکان کە ئەمەش فەرزە لەسەر حکومەت کەدەبێت هەر جێبەجێی بکات لەئەنجامدا کێشەی کەمی مامۆستا لەگوندەکان دروست دەبێت و چەندین قوتابخانەش لەناو شاردا ژمارەی مامۆستایانیان زۆر زیاتر

دەبێت، بۆیە کێشـــەی پەروەردەیی لە گوندەکان زۆر گەورەو بەرچاوە و چارەسەرکردنیشـــی لە ڕیزبەندی دەســـتپێکی بەرنامەو پلانماندایە. هەروەها ئەمساڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتیوانیەکی تایبەت و بەرنامەیەکی گەورەو بەرفراوانی بۆ دروستکردنی قوتابخانە لە هەموو گوندو شـــارۆچکەو شـــارەکان ڕاگەیاندووە و ئێســـتاکە لەسیاســـەتی حکومەتەدا گرنگیدان بە کەرتی پـــەروەردە لە پێش هەموو کارو پـــڕۆژەو بوارو ســـێکتەرێکدایە و ڕێـــزدار نێچیرڤان بارزانی ســـەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان لەسیاســـەت و بەرنامەی خۆیدا ئەوەی ڕاگەیاندووەو بودجەیەکی تایبەتیشی لەدەرەوەی بودجەی وەزارەتەوە بۆ دروســـتکردنی قوتابخانە تەرخان کردووە و ئێمەش پلان ونەخشە و بەرنامەمان ئامادەکردووە لەماوەیەکی نزیکدا دەســـت بەکارکردن دەکەیـــن، ئەمەش دەبێتە گۆڕانکاریەکی گەورەو بەرفرەوان لەچارەسەرکردنی کێشـــەی کەمی بینایـــەی قوتابخانە لـــە هەرێمی کوردستاندا).

## قوتابخانە ئەهلیەکان

سەبارەت بەگرانی نرخی قوتابخانە ئەهلیەکان و نزمی ئاســـتی خوێندن و پەروەردە تیایاندا وەزیری پەروەردە وتـــی:( کارکردنی کەرتی تایبەت لەکەرتی پەروەردە کارێکی باشـــە، بەڵام پێویســـتە بەپێی ســـستەمی پەروەردە بێت و لەڕووی خوێندن و پەروەردەوە و ئاست و کوالێتی بەرز پێشکەش بکەن، دەبێت بەلایەنی کەم وەکو کەرتی گشـــتی بێت یا ئاستی ئەو قوتابخانانە بەرزتـــر بێت، بەداخـــەوە لەکاتـــی دامەزراندنی ئەو قوتابخانانەدا هیچ یاسا و ڕێنماییەکی ڕوون و دیار نەبـــووە، بۆیە دەبینین لە ڕووی خوێندن و ئاســـت و کوالێتی لاوازن و کێشەی زۆریان هەیە، ئێمەش کارو ئیشی بەردەوام لەسەر ئەو قوتابخانانە دەکەین بۆ ئەوەی چارەسەرێکی باش و بنەڕەتیان بۆ بدۆزینەوە و ئێستا لەپەرلەمانیش یاسایەك هەیە کارو گفتوگۆی لەسەر دەکرێت بۆ چۆنیەتی دامەزراندن و بەڕێوەچوونی ئەو قوتابخانانـــە. لەلایەکی ترەوە یەکێك لە کێشـــەکانی پـــەرەوەردە لە کوردســـتان هەبوونـــی گەلێك جۆری قوتابخانەیـــە و ئێمە چەندین جـــۆری قوتابخانەمان هەیە بۆ هەر یەکێك ناوێك و سستەمێکی بۆ دانراوە و ئەمەش لە سنووری خۆی دەرچووە و کۆنترۆڵکردنی ئەوەش بۆتە کێشـــە، بە دیدی مـــن پێداچوونەوەکی پێویستە بۆ ئەوەی ئەو هەموو قوتابخانانە هەر یەکە بە ناوێك بن، بەڵکو پێویســـتە جەخت لەسەر هەموو قوتابخانەکان بەیەك چاو و ئاست بۆ گەشە پێدانیان بکرێت و ســـوود لە هەموو ســـستەمێك وەربگرین و نموونە باش و پێشکەوتوو هاوچەرخەکان لە قوتابخانە تایبەت و نموونەییـــەکان وەربگرین و بیخەینە ڕێگا و خزمەتی بەرەوپێشـــچوون و گەشـــەکردنی هەموو قوتابخانەکانـــی شـــارو شـــارۆچکەو گوندەکانـــی کوردســـتان. بەڵام لەڕاستیدا ئەو قوتابخانانەی وەکو بەهـــرەداران و نموونەیی و ســـابیس و بیانیەکان و . . تا کێشەو سەر ئێشـــەیەکی زۆری دروستکردووە و زۆرجـــار وەزارەتی پەروەردەش لەمبارەوە زەحمەتیەکی زۆر دەبینێت نازانین چۆن چارەســـەری بکەین و لە هەقیقەتدا کێشەیەکی پەروەردەیە.

## گوزەران و بارودۆخی مامۆستایان

ســـەبارەت بە چارەسەرکردنی شـــوێنی نیشتەجێبوون و گوزەرانی مامۆســـتایان وەزیری پـــەروەردە وتی: ژمارەی مامۆســـتایان لە کوردســـتانە نزیکەی ٩٩ هەزارە و چارەســـەرکردنی کێشەی ٩٩هەزار کەسیش بەرنامەیەکی وردو دیراسەکراوی لە چەندین لایەن و بواردا پێویستە. هەر لە جیاوازی خزمەتەوە تا دەگاتە موچەو دەرماڵە . . ئەمانەش پێویســـتی بەوەیە کە هەندێکی لەگەڵ حکومەتە و هەندێکیشـــی لەگەڵ لایەنی تردا چارەسەری بۆ بدۆزینەوە. هەروەها لەناو مامۆستایاندا کێشـــەی بڕوانامەی زانستیش هەیە، چونکە لە٧٠٪ی مامۆستایان دەرچووی پەیمانگان و ئەوانەش تموحی ئەوەیان هەیە درێژە بەخوێندن بدەن و بڕۆانامەی بەکالۆریۆس وەربگرن، بۆیە دەڵێم بابەتی مامۆســـتایان زۆر گرنـــگ و تایبەتمەندە. هەروەها بەرنامەیەك هەیە کە سێ هەزار خانوو بۆ مامۆستایان دروســـت بکرێت ئەمە هەنگاوێکی باشە، بەڵام ئەو پڕۆژەیەش ئەنجام بدرێت ئەوە کێشـــەی مامۆســـتا چارەســـەر ناکات. هەر سەبارەت بەبواری مامۆستاو بوونی کێشەی کەمی مامۆستای وانە زانستییەکان وەزیـــری پـــەروەردە وتی: کەمی مامۆســـتای وانە زانســـتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هەماهەنگی لەنێوان هەردوو وەزارەتی پـــەروەردەو خوێندنی باڵا، ئەگەر ســـەیر بکەین خەڵکی هەرێمی کوردســـتان بەشی زۆری دەرچووی کۆلێژی یاسا و ڕامیاری و کارگێڕی و ئابوورین، بەڵام دەرچووی فیزیاو کیمیاو بیرکاری دەســـت ناکەون و کردنـــەوەی ئەو زانکۆو کۆلێژانەی ئەهلیش کە هەر هەموویان تەنیا بەشـــی کارگێڕی و یاســـا و ئابوورییە بەشی زانستییەکانیان نییە، ئـــەم کۆلیژو زانکۆیانـــە بابەتێکی بازرگانی لە١٠٠٪ە هیچ پەیوەندیان بە گەشەکردنی ئابووری و ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان نییە.

## گۆڕانکاری لە سستەمی ئەزموونەکان

سەبارەت بە شـــێوازی تاقیکردنەوەکان و دابینکردنی پێداویســـتییەکانی پـــەروەردە و گۆڕانـــکاری لـــە ســـستەمی ئەزموونەکان بەتایبەتـــی قۆناغی ١٢ بنەڕەتـــی وەزیری پـــەروەردە وتـــی: ئەرکێکی زۆر گران و قورســـە لەســـەر وەزارەتی پەروەردە لەلایەنی ئەزموونـــەوە و ئەزموونـــەکان بەتایبەتـــی قۆناغی ١٢بنەڕەتی بەشـــێوازێکی تەقلیدی ئەنجام دەدرێت، بۆیە دەبێت لەلایەنی ئەزموونەکانەوە پێداچوونەوەیەك ئەنجام بدەین و پێشـــەکی هەوڵدەدەین بارودۆخی ئەو مامۆســـتایانەی لەم بوارەدا کار دەکەن باشتر بکەین و شەفافیەت لەم لایەنەوە زیاتر دەکەین و هەوڵدەدەین لەماوەی چەند ســـاڵێکەی تر بەرنامەیەك دابنێین بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بەسەر سستەمی ئەزموونەکاندا دروســـت بکەین و تاقیکردنەوەکان بکەینە شێوازێکی ئەلکترۆنی و هاوچەرخ.

## پەروەردە لە ناوچە دابڕێنراوەکانی هەرێمی کوردستان

سەبارەت کێشـــەی پەروەردە لە ناوچە دابڕێنراوەکانی هەرێمـــی کوردســـتاندا وەزیـــری پـــەروەردە وتی: لیژنەیەکی پێداچوونەوەمان بۆ پرۆســـەی خوێندن و پەروەردە لەســـەر ناوچە دابڕێنراوەکان دروستکردووە و لیژنەکە ڕاپۆرتی خۆیان بۆ ئێمەیان هێناوە و لەســـەر ئـــەم پێداچوونەوەیەدا دەبێت حکومـــەت و وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان کار بۆ چارەسەرکردن یا کەمکردنەوەی کێشەکانی ئەو ناوچانە بکات، کێشەو گرفتی کەرتی پەروەردە لە ناوچە دابڕێنراوەکان زۆرو بەرچاوە و پێویســـتی بە پشتیوانی حکومەت و کارو ئیشی تایبەت و بەردەوام هەیە و کێشەکانیان بریتییە لەنەبوونی بینایەی قوتابخانەیان بەپێی پێویست نییە و مامۆســـتاو میلاکاتیان نییـــە و دامەزراندنیان بۆ ناکرێت و مامۆستای کوردیان نییە. لەلایەکی ترەوە ســـەبارەت بە خوێندنی سریانی و تورکمانی و کەمە نەتەوەییەکانی تر وەزیری پەروەردە وتی: هەر هەموو ئەو نەتەوانە کە لە هەرێمدا دەژین کوردستانین و ئێمە بەرنامەیەکی تایبەتمان هەیە بۆ پشـــتیوانیکردن لە زمانی تورکمانی و ســـریانی و زمانی هەموو کەمە نەتەوەکانی تری هەرێم و لیژنەیەکیش بۆ ئەو مەبەستە دامەزراوە و ئەو لیژنەیەش ڕاپۆرتێکی ئامادەکردووەو پێشکەشـــی منیان کردووە و ئەو ڕاپۆتەش دەدەین بە حکومەت بۆ ئەوەی بە تایبەت پشـــتیوانی لەو زمان و خوێندنانە بکەین.

## چاپکردنی پەرتووك

سەبارەت بە کێشەیی نەبوون و دواکەوتنی چاپکردنی پەرتـــووك لەکاتـــی دەســـت پێکردنـــی خوێندن لە قوتابخانـــەکان وەزیری پەروەردە وتـــی: دواکەوتنی پەڕتووك گوناهـــی کۆمپانیاکان نییـــە، بەڵکو ئەو دواکەوتنەو گوناهە بۆ ئێمە وەکو وەزارەت دەگەڕێتەوە، چونکە ئامادەکردنی ســـیدی و ئیشەکان ئەوە کاری ئێمەیـــە و ئێمەش لـــە ئامادەکردنیـــان دوادەکەوین، ئەمســـاڵیش بەداخەوە چاوەڕوان دواکەوتنی هەندێك پەرتـــووك دەکەم، بـــەڵام دواکەوتنەکـــە زۆر کەمە، بەرنامەو پلانمان داناوە لەساڵی داهاتوودا ئەو کێشەی دواکەوتنی پەڕتووك بەتەواوی کۆتایی پێ دێت.

## خوێندنی پیشەیی

ســـەبارەت بە گرنگیدان بە خوێندنی پیشـــەیی و ئامادەکردنـــی دەســـتی کار بەپێی بـــازاڕی کاری هەرێمی کوردستان وەزیری پەروەردە وتی: کەموکوڕی لەمبارەوە زۆرە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان خەریکی دانانی سێ سەنتەری زۆر گەورەو بەرفرەوانە لە هەرسێ شاری کوردستان بۆ خوێندنی پیشەیی و پێشکەوتنی خوێندنی پیشەیەکانی وەکو پیشەسازی کارەبا میکانیك و دارتاشی و . . . تا.

## گەڕاندنەوەی ئەو بینایانەی تایبەتن بە وەزارەتی پەروەردە

لەکۆتایی دا سەبارەت بەگەڕاندنەوەی ئەو بینایانەی کە تایبەتن بـــە وەزارەتی پـــەروەردە و لەلایەن حزبە سیاسیەکانەوە دەستی بەسەرداگیراوە دکتۆر عیسمەت محەمـــەد وەزیری پـــەروەردە وتـــی: کۆبوونەوەمان لەگەڵ لیژنەی موڵکـــداری وەزارەت ئەنجامداوە و نووســـراوێکمان بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ ئاڕاستە کردووە بۆ تێڕوانین و زانینی ژمـــارەی ئەو بینایانەو بەبێ جیاوازی کار لەســـەر ئەوە دەکەین کە بەهەر ڕێگاو هەوڵ و جۆرێـــك بێت دەبێت ئەو بینایانەی وەزارەتی پەروەردە بۆ سەر وەزارەت بگەڕێنرێنەوەو ئەو لایەن و حزبانەی تێیدان بەبێ جیاوازی دەبێت بینایەکان چۆڵ بکەن و بۆ وەزارەتی پەروەردەی بگێڕنەوە.